تۆ گەورەتر لەوەیت کە بیری لێ دەکەیتەوە ٢

# بەهەشت یان دۆزەخ
# کامیان هەڵدەبژێریت ؟

مەسعود لەعلی



وەرگێرانی: سەردار حەسەن قالی

٢٠١١/٢/٨

# تۆ

گەورەتر لەوەی

٢

کە بیری لێ دەکەیتەوە

بەهەشت یان دۆزەخ

کامیان هەڵدەبژێریت؟

ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی
سایە
ناونیشان: سلێمانی/ سابونکەران/ تەنیشت شوقەکانی تەکیە ڕووتە
٠٧٧٠٢١١٩٥٦٤

# بەهەشت یان دۆزەخ

# کامیان هەڵدەبژێریت؟

نوسینی:

**مەسعود لەعلی**

**وەرگێڕانی: سەردار حەسەن خاڵی**

**چاپی یەکەم**

**٢٠١٠**

## پێناسی کتێب:

ناوی کتێب: بەهەشت یان دۆزەخ.. کامیان هەڵدەبژێریت؟
بابەت: لایەنەکانی دەروونزانی - ڕێورەسمی ژیان
نوسینی: مەسعود لەعلی
وەرگێڕانی: سەردار حەسەن خاڵی
ساڵی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٠
شوێنی چاپ: چاپەمەنی سایە
نەخشە سازی: ناوەندی سایە
◆ تیراژ: ١٠٠٠

لە بەڕێوبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی ( ٧٨١٤) ی ساڵی ( ٢٠١٠ ) ی پێ دراوە

# پێڕست

بابەت — لاپەڕە


پێشەکی: ..... ١٠
١ ..... ١٢
"گۆڕینی ناسنامە" ..... ١٣
"مەلی باخی جیهانی غەیبم" ..... ١٧
"بەهای خۆیی ..... ٢٣
"گفتوگۆی ڕۆح و نەوس ..... ٢٥
"درەخت و ڕێبوار" ..... ٢٧
"گەشە کردن" ..... ٣١
"دۆزەخ واتە خۆتان نەبن" ..... ٣٣
"خۆت بە" ..... ٣٦
"ڕێی کەم گوزەر" ..... ٤٣
٢ ..... ٤٥
"ژیان بێ هاوڕێ گیان لەناو بردنە" ..... ٤٦
"وشیاری بالاّ ..... ٤٨
"ڕەمزی خۆشبەختی" ..... ٥٠
"هێندەی فامی تۆ بچوك.." ..... ٥٢
"خوداوەند واتە ئومێد" ..... ٥٤
"لەگەڵ خودا ڕۆژ دەست پێبکەن" ..... ٥٥
"گەر نوح پشتیوانتە ترسی تۆفانت نەبێت" ..... ٥٦
"خەون" ..... ٥٨
"ڕۆژی چارەنووس" ..... ٥٩
"چەتری سوور" ..... ٦٠

"نزای بەیانی و ئاهی شەو کلیلی خەزێنەی مەبەستە." ..... ٦٢
"خودا چاوەڕوانە..." ..... ٦٤
"ناپایەدار" ..... ٦٦
"بەخشش" ..... ٦٧
٣ ..... ٦٨
"گفتوگۆ" ..... ٧٢
"هەزار ساڵان" ..... ٧٣
"پەرتووکی ژیان" ..... ٧٥
"بەدەست تۆیە" ..... ٧٦
"نەمر" ..... ٧٧
"ئازایەتی" ..... ٧٨
"چیرۆکی فینجانێك" ..... ٨٠
"سکە" ..... ٨٢
"بەراورد" ..... ٨٣
"چیرۆکی چوار مۆم" ..... ٨٥
"هەل" ..... ٨٧
"بانك" ..... ٨٩
"ئەم کاروانی عومرە سەیر دێت و دەڕوات!" ..... ٩٠
"ئاینده" ..... ٩١
"مراوییەکانی ژیانتان بژمێرن" ..... ٩٣
"خاوەن بانك و ماسیگر" ..... ٩٦
"پێشبینی" ..... ٩٨
"گۆڕان" ..... ١٠٠
"هونەری سیحراوی خواردنەوەی هەشت پەرداخ ئاو" ..... ١٠٢
٤ ..... ١٠٤
"گەر عەشق نەبێت..." ..... ١٠٥

"بەخشین" ........
"شوشە یان ئاوێنە؟" ........ ١٠٦
"زنجیری عەشق" ........ ١٠٧
"پێڵاو" ........ ١٠٨
"هاوڕێی ئاسایی، هاوڕێی راستەقینە" ........ ١١٠
"ئەو رۆژەی کە لەگەڵ خودا نانم خوارد" ........ ١١١
"خزم و کەسی خودا" ........ ١١٣
"عەشق شادییە" ........ ١١٦
"کۆتایی شەو" ........ ١١٧
"دڵێك بەپانتایی دەریا" ........ ١١٨
"داستانی هاوڕێیان" ........ ١١٩
"دۆروتی" ........ ١٢٠
"کورسی دەوار" ........ ١٢٢
"پرسیارەکانی خوداوەند" ........ ١٢٣
"دەوڵەتی عەشق" ........ ١٢٤
"هێزی عەشق" ........ ١٢٥
"هەژماردن" ........ ١٢٧
"بابەتی سەرەکی" ........ ١٢٩
"عەشق کردارە نەك هەست" ........ ١٣٠
٥ ........ ١٣١
"بەهەشت یان دۆزەخ، کامیان هەڵدەبژێریت؟" ........ ١٣٣
"روانین" ........ ١٣٤
"تورەیی" ........ ١٣٥
"لەڕەوشی خراپەوە بۆ رەوشی باش: لەدۆزەخەوە بۆ بەهەشت" ........ ١٣٩
"بزمار داکوتان" ........ ١٤٠
"دڵەڕاوکە و نیگەرانی" ........ ١٤١
........ ١٤٢

"من کێم؟" ........ ١٤٣
"کەسایەتی" ........ ١٤٤
"راستگۆیی" ........ ١٤٧
"لەخۆ بایی بوون" ........ ١٤٩
"بەردی گرانبەها" ........ ١٥٠
"رەمزی خۆشبەختی" ........ ١٥١
"گەشتیار" ........ ١٥٤
"خۆ بەزل زانین" ........ ١٥٥
٦ ........ ١٥٧
"عەشقی راستەقینە" ........ ١٥٨
"پەیوەندی هاوسەری" ........ ١٦٠
"درەختی کێشەکان" ........ ١٦٢
ئێستا ئیتر ........ ١٦٤
"بەهەشت واتە کۆڕی بەتینی خانەوادە" ........ ١٦٥
"لەپشت هەر پیاوێکی گەورە، ژنێکی گەورە هەیە" ........ ١٦٧
"ئێمە بۆ پێکەوەنان هاتین" ........ ١٦٩
"بەنرخترین دارایی" ........ ١٧١
"منداڵان چۆن فێر بن وەها دەژین" ........ ١٧٣
"ئەو فریشتەیەك بوو" ........ ١٧٥
"منداڵان" ........ ١٧٧
"مافی هەڵبژاردن" ........ ١٧٨
"پیاوانی بەهەشت + ژنانی بەهەشت = منداڵانی بەهەشت" ........ ١٨٠
"عەشقی بێ‌خەوش" ........ ١٨٢
"فریشتەیەك بەناوی...؟" ........ ١٨٣
"پێشکەش بەباوکان" ........ ١٨٥
"پشووی کورت" ........ ١٨٧

"قاپی دار" ........ ١٨٨
"گۆزە" ........ ١٨٩
٧ ........ ١٩١
"هەموو شت لەخەیاڵێکەوە دەست پێدەکات" ........ ١٩٢
"ئامانج" ........ ١٩٥
"هەڵبژاردنی ڕێباز" ........ ١٩٦
"درەختی ئارەزوو" ........ ١٩٩
"تۆوەکانی ئەندێشە" ........ ٢٠١
"کار بەکردەوە رادەپەڕێنرێت" ........ ٢٠٣
"بێچووی زەڕافە" ........ ٢٠٤
"ژیان لەچوار وشەدا" ........ ٢٠٦
"بەربەست لەکوێیە؟" ........ ٢٠٧
"کرێکاران سەرقاڵی کارن" ........ ٢٠٩
"ئێوە چ کارێك دەکەن؟" ........ ٢١٢
"کێ براوەیە؟" ........ ٢١٤
"پاسای دنك" ........ ٢١٨
"شکست چۆن پێناسە دەکرێت" ........ ٢١٩
"نائومێدی کلیلی دۆزەخە" ........ ٢٢٠
"رەخنە" ........ ٢٢٢
"بەهەشت بەبەها دەدرێت نەك بەبیانو" ........ ٢٢٣
"ورد بوونەوە" ........ ٢٢٥
"داهێنان" ........ ٢٢٧
"نەزانی دۆزەخە" ........ ٢٣٠

**پێشەکی:** بەهۆی ئەوەی ئەم پەرتووکە ئەمانەت بوو لەلام بۆیە لە هەڵەکانم ببورە . وێنەگری pdf

ئەم کتێبە لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە سەرەکییە دارێژراوە کە جۆرە مەرگێ هەڕەشە لەژیانی ئێمە دەکات : مەرگێك کە کۆتایی چالاکی جەستەیی و ژیانی فیزیایی ئێمەیە و پاش ئەوە رووبەڕووی دوو چارەنووسی جیاواز دەبینەوە ، بەهەشت یان دۆزەخ . بەڵام من حەز دەکەم دووهەم جۆری مردن بەمەرگی بەرلە مەرگ ناوزەد بکەم . مەرگێکی تەواو هەستپێکراو و لەسەرخۆ ، مەرگێك کە تیایدا گرنگترین لایەنەکانی مرۆڤایەتی ئێمە رووەو نەمان و دارووخان دەچێت :

مەرگی خەیاڵەکان ، تواناکارییەکان و کەسایەتی باڵای مرۆڤیمان کە بۆ ژیانێکی بەختەوەر ، پڕلە گەشە و پێگەیشتن لەناخی ئێمەدا چێنراوە .

زۆربەی خەڵك بەپلەی جیاواز ، پێشتر مردوون :

ئەوان بەشێوەی جیاواز مەیل و ئارەزوو و هیمەتی خۆیان بۆ ژیانێکی باشتر لەدەست داوە .

تەنیا لەگەڵ شایستەبوونی خۆیاندا شەڕ دەکەن و خۆیان داوەتە دەست وزە شاراوەکانی خۆیان .

ئەوان ژیانێکی مامناوەندیان هەڵبژاردووە .

رۆژەکانیان بەنائومێدی و شەوەکانیان بەدوودڵی بەسەر دەبەن .

ئەوان مردووی بەندکراون کە لەگۆڕستانی هەڵبژاردنەکانی خۆیاندا نێژراون . . .

*" ئاگ ماندینۆ "*

**زۆر رێگا هەیە بۆ مردن :**

هەر کات خۆمان لەخودی رەسەنی خۆمان دوور دەکەینەوە ، تاڕادەیەك دەمرین .

هەر کات بەرەو نکۆڵی و رەتکردنەوە دەڕۆین، تاڕادەیەك دەمرین.

هەر کات ڕێگە بەخۆمان دەدەین تاکو ئارەزووەکانمان بشارینەوە، تاڕادەیەك دەمرین.

هەر کات گوێ لەدەنگی دڵمان نەگرین، کە هاواری عەشق، خۆشەویستی و چێژ وەرگرتن دەکات، تاڕادەیەك دەمرین.

هەر کات لەوە دەترسین کە بەتەواوی زیندوو بین، تاڕادەیەك دەمرین.

*"باربارادی ئانجلیس"*

هەروەها چەند زۆرن ئەوانەی بێ ئاگان لەم راستییە، کە ساڵانێکە ماڵئاواییان لەژیانی راستەقینە کردووە. مردووگەلێکن خەوتوون لەناو دارمەیتی جەستەی خۆیاندا، کە لەدۆزەخێکی تەواو ترسناکدا رۆژگار بەسەر دەبەن، دۆزەخی ترسەکان، گومانەکان، نائومێدییەکان، لاوازییەکان، سوکایەتییەکان، بێ بەرنامەییەکان، نائارامییەکان، رك و کینەکان، خەمۆکییەکان، تەنیایی و وابەستە بوونەکان.

# ١

## نهۆمی یەکەمی دۆزەخ
## هەست کردن بە سوکی و خۆبەکەم زانین

ئەگەر مرۆڤێك خۆی وا ببینێت کە خودا دەیبینێت
دەبێت بەبوونەوەرێکی نورانی و بێ کات و بێ سەرەتا و بێ مەرگ
چونکە خوداوەند مرۆڤی لەشێوەی خۆی و وەك خۆی دروست کردووە.

*"کاترین پاندەر"*

هەر تاکێك خۆی هەڵدەسەنگێنێت و ئەم بەراوردە دیاری دەکات کە دەبێت بەچی. ئێوە ناتوانن ببن بەشتێکی زیاتر لەوەی کە باوەڕتان وایە "ئەوەن". ناتوانن زیاتر لەوەی باوەڕتان پێیەتی "دەتوانن" ئەنجام بدەن.

*"نۆرمەن وینسنت پیل"*

## "گۆڕینی ناسنامە"

ڕۆژێك دووپشکێك دەیویست لەپانتایی ڕووبارێك بپەڕێتەوە، لەناکاو چاوی بە بۆقێك کەوت وتی: جەنابی بۆق! من دووپشکم و دەبێ لەڕووبارەکە بپەڕمەوە تاکو لەوبەر ئاوەکە بە خێزانەکەم بگەم. ڕێگە دەدەیت لەسەر پشتی تۆ سوار بم؟

بۆقەکە سەیرێکی کرد و وتی: باوەڕ ناکەم. ئەو وتی: چۆن؟ بۆقەکە وتی: تۆ دووپشکیت و دووپشك بە بۆقەوە دەدا. ئەگەر لەنێوەی ڕێ بەمنەوە بدەیت و بمکوژیت چی بکەم؟

دووپشك سەیرێکی کرد و وتی: جەنابی بۆق کەمێك مێشکت بەکار بهێنە، ئەگەر بەتۆوە بدەم و بتکوژم، خۆشم نوقم دەبم و من بەتەمای مردن نیم. بۆقەکە هەندێك گێژ بوو و قبوڵی کرد! ئینجا ڕێگەی دا دووپشك بچێتە سەر پشتی و دەستی کرد بەپەڕانەوە لەڕووبارەکە. بەڵام لەنیوەی ڕێ دووپشك لەناکاو پێوەی دا. بۆقەکە بەلایەوە سەیر بوو و لەکاتێکدا نوقمی ئاو دەبوو هاواری کرد: بۆچی ئەم کارەت کرد؟ من وا خەریکە دەمرم و تۆش دەمریت، بۆچی وەهات کرد؟ دووپشك جوابی دایەوە: لەبەر ئەوەی من دووپشکم و ئەمەش سروشتی دووپشکە کە بەبۆقەوە بدات.

**تێبینی:** رووەك و درەختەکان بۆخۆیان ناسنامە و سروشتێکیان هەیە. ئاژەڵەکانیش لەسەر بنەمای هێزی وارسکە و سروشتی خۆیان دەژین. بەڵام **پرسیاری گرنگ ئەمەیە: ناسنامەی ئێمەی مرۆڤ چییە؟**

ناسنامە، پێناسە و ناسینێکە کە هەر تاکێك لەخودی خۆیەوە هەیەتی. باوەڕ کردن بەوەی کە کێین، شێوە بە ناسنامەی ئێمە دەدات و، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چارەنووسی ئێمە دیاری دەکات. هەموو شت پەیوەستە بەوەی کە خۆمان چۆن دەبینین و هەڵدەسەنگێنین. هەموو شت پەیوەستە بەوەی کە خۆمان بەهادار یان بێ بەها، پاك یان ناپاك، بەتوانا یان بێ توانا، ژیر یان گەمژە، باش یان خراپ ببینین. چونکە مرۆڤ چۆن بیر بکاتەوە هەرواش رەفتار دەکات. **فکر، دایکی کردەوەی ئێمەیە.** ناسنامەیەك کە شایەنی خۆمانی دەبینین جۆری ئەزموونەکانمان دیاری دەکات. ئەوەی کە:

تاڵ بین یان شیرین

دڵنزم بین یان خۆویست

بدرەوشێینەوە یان لەناو بچین

بجوڵێینەوە یان بێ جوڵە بین

بفڕین یان وەکو خشۆکێك بژین

سەرکەوتوو بین و بەرەو بەرزایی بڕۆین یان پەرت بین

کارلێکەر بین یان کارلێکراو

ڕابەر بین یان پەیڕەو

قارەمان بین یان ترسنۆك

داهێنەر بین یان داهێنراو

هۆکار بین یان دیاردە

هەر هەرمووی پەیوەستە بەوەی کە چۆن وێنای خۆمان دەکەین و خۆمان چۆن پێناسە دەکەین. گەورەترین ماف، ئازادییە و گەورەترین ئازادی ئێمە لەوەدایە کە خۆمان چارەی خۆمان بنووسین. ڕێگە نەدەین هیچ کەسێك و هیچ شتێك ئەم کارەمان بۆ ئەنجام بدات.

ڕێگە بەڕابردووی خۆمان نەدەین وەها کارێك بکات، بوار نەدەین بە شکست و هەڵەکانمان کە پێناسەی ئێمە بکەن. گرنگی بەوە نەدەین کەسانی تر چییان لەبارەی ناسنامەی ئێمەوە وتووە. ئێمە ڕابردووی خۆمان نین، ئێمە ئەوە نین کە کەسانی تر دەڵێن. ئێمە ئەو شتەین کە حەز دەکەین ئەو بین، ئێمە کەسێکین کە خۆمان هەڵیدەبژێرین.

ئەمڕۆ ئەم مافی هەڵبژاردنەمان هەیە کە هاوار بکەین: من ئەمڕۆ بەناسنامەیەکی نوێوە لەدایك بووم. ئەگەر پێداگری لەسەر ئەم بژارە بکەن و بەڵێندەر بن، جیهان ناسنامەی نوێتان پەسند دەکات و ڕێزی لێ دەگرێت و لەسەر بنەمای ناسنامە نوێیەکەتان ڕەفتارتان لەگەڵدا دەکات. **گۆڕینی ناسنامە لەوەی کە هەین بۆسەر ئەوەی کە دەتوانین ئەو جۆرە بین و شایەنی ئەوەین، کلیلی دەرگای بەهەشتە.**

ئەگەر بتوانن هەمان کەس بن کە خۆتان دەتانەوێت،

لەو حاڵەتەدا ناسنامەی ئێوە بریتی دەبێت لەکام تایبەتمەندییانە؟

هەر ئەمڕۆ پێڕستێك ئامادە بکەن و هەموو فاکتەرەکانی مەبەستی تێدا بنووسن.

لەدنیای خەیاڵدا، بچنە ناو چوارچێوەی کەسایەتییەکی نوێوە.

وێنا بکەن کە چۆن هەناسە دەدەن، چۆن بەڕێدا دەڕۆن، چۆن قسە دەکەن، چۆن بیر دەکەنەوە، چۆن هەست دەکەن،

بەهۆی ئەو هێزەوە هەست بەشادومانی بکەن، کە تەنیا بەیارمەتی بڕیارێك بۆ گۆڕینی هەربەشێکی ناسنامەی خۆتان، هەتانە.

*"ئانتۆنی رابینز"*

**جەستەی مرۆڤ کۆنترین دەستنووسە**
**کە بەدەستی خوداوەند نووسراوە**
*"لەقەڵەمڕۆی بێدەنگیدا"*

## "مەلی باخی جیهانی غەییم"

لەڕۆژگاری کۆن، مەهاراجەیەك کە فەرمانڕەوایی قەڵەمڕۆیەکی دەوڵەمەندی لەئەستۆ بوو، لەکۆشکێکدا دەژیا. فەرمانڕەوا پیاوێکی خۆشبەخت بوو، بەتایبەتی لەو کاتەوە کە هاوسەرەکەی یەکەم منداڵی وەکو جێنشین، هێنابووە دنیا. لەکاتی لەدایکبوونەوە، شازادە خاڵێك لەسەر پێی بوو. هەموو پیاوە ئاینییەکان لەو بڕوایەدا بوون کە ئەو منداڵە چارەنووسێکی بێ وێنەی دەبێت. لەنزیك کۆشك، دارستانێکی چڕ هەبوو کە پڕلە بەور بوو. فەرمانڕەوا زۆر تامەزرۆی ڕاو بوو و هەموو ساڵێك چاوەڕێی وەرزی ڕاوی بەور بوو. لەو سەردەمەدا، ڕاوچییان لەسەر پشتی فیلەکان دادەنیشتن و دەچوون بۆ ڕاوی بەور. لەو ساڵەدا کە جێنشینەکەی لەدایك بوو، پاشا حەزی دەکرد ئەویش لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆ دارستان. مەهاراجە بەڕاوێژکارەکانی وت: هەرچەندە هێشتا منداڵە، بەڵام واباشە کە هەر لەئێستاوە ببێت بەخاوەنی ئەزموونێکی وەها، چونکە ڕۆژێك دەبێت بەفەرمانڕەوا.

لەو کاتەدا سواری پشتی فیلێکی گەورە بوو، منداڵەکەی لەپشتی فیلەکە بەستەوە و ڕەوانەی ڕاوی بەور بوو. بڕیارێکی مەترسیدار بوو. لەبەر ئەوەی بەورەکان لەڕاو کردنیان لەلایەن مرۆڤەکانەوە تورە دەبوون و سوور بوون لەسەر ئەوەی بەشێوەی ڕەوە پەلامار بدەن و خۆیان بپارێزن. کاتێك کە ڕاوچییەکان نزیك بوونەوە، لەناکاو بەورەکان هێرشیان کردە سەر فیلەکان و ڕەوەیان پێ کردن. فەرمانڕەوا فەرمانی

پاشەکشەی پێ کردن. پاش گەیشتنەوە بۆ کۆشك، پاشا لەفیلەکەی دابەزی و بەسەرسوڕمانەوە بینی کە منداڵەکەی نەماوە. دەست بەجێ فەرمانی دا کە پیاوەکانی بگەڕێنەوە ناو دارستان و کوڕەکەی بدۆزنەوە. گەڕان بێ سود بوو. شا و شاژن لەبەر داخ و پەژارە تووشی خەمۆکی بوون.

لەڕاستیدا شازادە لەسەر فیلەکە بەربۆوە و بووراببۆوە و بەشێوەیەکی نائاسایی لەمردن رزگاری ببوو. لەوە گرنگتر، بەورەکانیش نەیانبینیبوو. هاوکات لەگەڵ داهاتنی شەو، لادێییەکی هەژار، سادە و بەرەحم کە دەرۆیشتەوە ماڵ، بەسەرسوڕماوییەوە منداڵەکەی دۆزیبەوە و وەکو دیارییەکی خوداوەند بردیە ماڵەوە، تاکو گەورەی بکات.

ساڵ دەرباز بوو و شازادە گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری. کابرای لادێیی و هاوسەرەکەی پێیان وت کە دەبێ ماڵێك لەقەراخ دارستان بۆ خۆی دروست بکات. ئەو بەهەوڵێکی فراوان ئەم کارەی کرد. فەرمانڕەوای پەککەوتە هەرگیز لەپاش نەبوونیی کوڕەکەی چاك نەبۆوە، ئەو هەموو ساڵێك هاوکات لەگەڵ رۆژی ونبوونی کوڕەکەی، هەندێکی ڕەوانەی دارستان دەکرد تاکو بەشکم هەواڵێکی پێبگات. بەڵام ئەوان هەر جارەو بێ ئاکام دەگەڕانەوە. ئەمجارەش وێڕای ئەوەی دەیزانی ماوەیەکی زۆری لەژیاندا نەماوە، دوا دەرفەتی بەسوپاکەی دا بۆ ئەوەی کوڕەکەی بدۆزنەوە.

رۆژێك کە چارەنووس دیاری کردبوو، سەربازەکانی پاشا چوونە ناو دارستان و لەخەڵکی تۆقیوی لادێیان پرسی: ئایا کەس چەند ساڵ لەمەوبەر، منداڵێکی لەم شوێنە نەدۆزیوەتەوە؟ بەساڵاچووەکان بەپەنجەی دەست ئاماژەیان بۆ کەپرێکی چۆڵ کرد، کە هی شازادەی لاو بوو.

سەربازەکان لەتەنیشت کەپرەکە چاویان بە لاوێك کەوت و خاڵە گەورەکەی سەر پێیان بینی. بەڵێ، خودی خۆی بوو! بەشێوەیەکی سەیر هەڵمەتیان برد بەرەو لاوچاکەکە و بەخۆشحاڵییەوە هاواریان کرد: ئێوەمان دۆزییەوە! سوپاس بۆ خودا. ئێوە شازادەی ئێمەن! پاشای ئێمەن! و پێیان وت:

ساڵانێکی زۆرە ئێوە ون بوونە. ئێوە سەربەو لادێیە نین. لەگەڵ ئێمەدا وەرن بۆ کۆشکە شکۆدارەکەی خۆتان، ببن بە جێنشینی باوکتان و حوکمی ئەم وڵاتە بکەن. لاوچاکی واق ماو بڕوای نەدەکرد کە ئەم شتانە دەبیسێت. ئایا راست بوو؟ ئایا بەڕاستی شازادە بوو؟ ئایا لادێیی نەبوو؟ بەهەرحاڵ، خووی بەم چەشنە ژیانەوە گرتبوو، چۆن دەیتوانی ئەو لادێیە جێ بهێڵێت؟

فەرماندەی سەربازەکان بەشازادەی وت:

"فەرموون، گەورەم. دەبێ پێش مردنی باوکتان بگەڕێینەوە بۆ کۆشك. ماڵئاوایی لەم کەپرە بچوکە بکەن. ئێوە لێرە لەبێ ناویدا دەژیان و نەتاندەزانی کێن. کۆشکی گەورە چاوەڕوانیتان دەکات.

لەو کاتەدا مەشعەلێکی داگیرساوی هەڵگرت و ئاگری بەردایە کەپرەکەی شازادە، کە ماندوبوونێکی زۆر دروستی کردبوو. لاوچاك لەگەڵ بینینی ئەو دیمەنە، کە کەپرەکەی گڕی گرتبوو و ئەو شوێنەی بە شوێنێکی پارێزراو بۆخۆی دەزانی، بەگریانەوە کەوتە سەر ئەژنۆ، هاواری لێ بەرز بۆوە و وتی: "ئاخ کەپرەکەم، کەپرەکەم! بەبێ ئەو کەپرە چی بکەم؟"

فەرماندە لەگەڵ بیستنی ناڵە و شیوەنی شازادە وای بۆ دەچوو کە لەوانەیە بەبیستنی قسەکانی ئەو شڵەژاوە. بەڕاستی دەبوایە چ کاردانەوەیەکی تری هەبێت؟ بەرەو لای شازادە چوو، لەسەر زەوی بەرزی کردەوە، سواری فیلێکی گەورەی

کرد و بردیەوە بۆ کۆشك. لەرێدا و، لەکاتێکدا هێشتا سەری لەو کاردانەوەیەی شازادە سورِ مابوو دەستی کرد بە دڵنەوایی کردنی:

"ئێوە دەچن بۆ کۆشکێکی گەورە تاکو لەوێدا بژین. کۆشکەکە لەمەرِمەرِ و زێرِ دروست کراوە و باخەکەی پرِلە گوڵی رەنگاورەنگە. مەلی زۆر جوان لەناو گۆلەکەیدا مەلە دەکەن".

بەڵام شازادە گوێی لەقسەکانی ئەو نەدەگرت. سەری بۆ دواوە وەرسورِاندبوو و بە حەسرەتەوە سەیری کەپرە گرِگرتووەکەی دەکرد. نەیدەتوانی وێنا بکات کە بێ ئەو کەپرە چۆن دەتوانێت بژی. دەیزانی تاریکترین رۆژی ژیانی خۆی بەسەر دەبات. هاواری کرد: "ئاخ کەپرەکەم! ئاخ کەپرەکەم!"

تێبینی: ئێمە ون بووینە، ئێمە لەناو دارستانی "فەرامۆشی" دا خۆمان ون کردووە. لەبیرمان چۆتەوە کە کێین. لەکوێوە هاتووین. لەبیرمان نەماوە کە لەکۆشکی پرِشکۆی خوداوەندییەوە هەنگاومان ناوەتە ناو گۆرِەپانی ژیان بۆ بەجێ هێنانی ئەرکێکی گەورە و پیرۆز. هاتووین تاکو بەئاشکرا کردنی گەورەیی خۆمان پەیامی گەورەیی خوداوەند بدەین. چونکە ئێمە ئافرێنراوی ئەوین. گەورەیی مرۆڤ رەنگدانەوەی گەورەیی و هێزی لەبن نەهاتووی خوداوەندە. وە چ دۆزەخێك لەوە ناخۆشترە کە مرۆڤ ماڵئاوایی لەرِەسەنایەتی خۆی بکات، ئەرکی گەورە و پیرۆزی خۆی فەرامۆش بکات، بەهۆی ترس و خۆ بەکەم دانان و بەچاوی سوك سەیری خۆ کردن لەپلەی ئازایەتی و پێگەیشتوویی دابەزێت؟

**ئەی مرۆڤی بەتوانا و جیاواز! ئەی قەڵای بینایی و بیستن! لەهەستەوەرەکانی تۆدا بەرەبەیان و چراکەران و کاکێشانی بێ سنوور، لەمێشکتدا بیناکردنی شاری خودا و لەدڵتدا، هێزی عەشق بەئەمانەت جێگیر کراوە.**

*" راڵف واڵدۆ ئەمیرسۆن "*

## " خەڵکی نیشتمانی تائوچۆ "

لەنیشتمانی تائوچۆ زۆربەی مرۆڤەکان کورتەباڵا بوون.

باڵابەرزترینیان، هەرگیز لەمەترێك زیاتر بەرز نەدەبوو.

ئەوانیان ساڵانە دەبرد بۆ بازاڕی کورتەباڵاکان و دەیانفرۆشتن.

ئەوانیان وەکو دیاردە سروشتییەکان بەکۆشك نشینەکان دەناساند . . .

رۆژێك، یانگ چونگ وەکو فەرمانداری نوێ هات بۆ ئەو وڵاتە . . .

ئەو ئامادە نەبوو وێڕای داواکاری بەردەوام کورتەباڵاکان بفرۆشێت.

ئەو وەڵامی ئیمپراتۆری دایەوە: " فەرمانداری ئێوە، لەشەش کتێبی ئایینی رەوادا چاوی بەوە کەوتووە کە دەبێ ئەوەی هەیە، بۆ پێشکەش کردن بنێردرێت نەوەك ئەوەی کە نیە . . .

لەزەوی و زار و ئاوەکانی تائوچۆ، لەناو هەموو زیندەوەرەکاندا، من تەنیا مرۆڤی کورتەباڵام دۆزیوەتەوە . . . نەك کۆیلەی کورتەباڵا . . . "

ئیمپراتۆر دڵ نەرم بوو و تۆمارێکی مۆرکراوی بۆ نارد:

"پێشکەش کـردن. . سـاڵانە کـڕین و فرۆشـتنی کۆیلـەی کورتـەباڵا، هـەر لەئێستاوە ڕێ پێنەدراوە. . . "

گەلی تائوچۆ، بەپیر و گەنج نوقمی چێژێکی باس لێنەکراو بوون!

باوك و کوڕ و برا، هەمووی دەست بەیەك بوون.

لەو ڕۆژەوە، وەکو خەڵکانێکی ئازاد ژیانیان بردە سەر.

گەلی تائوچۆ، هێشتاش بەهۆی ئـەم دیارییـەوە، شـادومانن و تەنانـەت ئێستا، لەکاتی یاد کردنەوەی ئەو فەرماندارە فرمێسك بەچاوەکانیاندا دێتە خوار و بـۆ ئـەوەی منداڵەکانیان و منداڵی منداڵـەکانیان یـاد و بـیرەوەری فەرمانـدار فـەرامۆش نەکـەن، هێشتاش ناوی منداڵی کوڕیان دەنێن یانگ.

تکایە سەرنج بدەنە سەر ڕاستییەکان، هیچ گۆڕانێك نەهاتبووە کایـەوە. . . ئـەو مرۆڤە کورتە باڵایانە، هێشتاش بەو شێوەیە بوون کە خوداوەند دروسـتی کردبـوون. مرۆڤگەلێکی بەژن و باڵا کورت. لەگـەڵ ئەوەشـدا گـۆڕانێکی زۆر گـرنگ هـاتبووە کایەوە و، ئەوە ڕوانگەی ئەوان بوو کە یانگ گۆڕی.

بەڵام پێویست ناکات چاوەڕێی سەرهەڵدانی فەرمانداریکی ژیر بـن، تـاکو پـەی بەتواناکانی ئێوە ببات. . . بەداخەوە یان خۆشبەختانە، ئێوە هیچ هێز و زاڵبوونێکتان نیە بەسەر ڕوانگـە و بۆچـوونی هاوچەشـنەکانتاندا. . . تەنانـەت بەرپرسـیاری ئـەم بۆچوون و ڕوانگانەش نین. کـەوابوو ئێـوە پـارێزەر و پاسـەوانی ڕاوبۆچوونەکانی خۆتانن و، لەهەمووی گـرنگتر بەرپرسـیاری ڕوانگـە و بۆچـوونێکن کـە سـەبارەت بەخۆتان هەتانە.

ئێوە گەورەتر لەجەستە و ڕواڵەتی خۆتانن. . .

*" جان کایلی، ئارامی دەروون"*

ئەڵماس بەرهەمی فشاری لەڕادەبەدەرە. فشاری کەمتر بلور و لەو کەمتر، خەڵوزی بەردین دروست دەکات. ئەگەر دیسانیش فشار کەمتر بێت، بەرهەم جگە لەپاشماوەی بەردی کۆن و چڵکی سەر کانزا هیچی تر نابێت. فشار دەتوانێت بتانکات بە بوونەوەرێکی بەهادار. بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرە، زۆر جوان و پتەو.

" مایا ئانجلۆ "

## "بەهای خۆیی"

وتەبێژێکی بەناوبانگ لەسیمینارێکدا، باسەکەی بە بەرز کردنەوەی دراوێکی بیست دۆلاری دەست پێکرد. لەهۆڵێکدا، کە زیاتر لە دووسەد کەس تێیدا ئامادە بوون، پرسی: "ئەم لەتە کاغەزە چییە؟ ئایا بەهایەکی هەیە؟"

یەکێك لەئامادەبووان جوابی دایەوە: "ئەوە دراوێکی بیست دۆلارییە کە لەفرۆشگەکاندا بەهۆی بەهایەك کە پێی دراوە، بە مەبەستی دان و ستاندن بەکار دێت".

وتەبێژ دەستی کرد بەگرمۆڵە کردنی دراوەکە، تاوەکو بەتەواوی گرمۆڵە و گرنج بوو. پاشان دووبارە کردیەوە بۆ ئەوەی ساف بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی بیگەڕێنێتەوە دۆخی سەرەتایی خۆی.

پاشان پرسی: "ئایا هێشتاش ئەم دراوە بەهایەکی ماوە؟"

ئامادەبووان بەدەنگی بەرز جوابیان دایەوە: "بەڵێ".

پاشان وتەبێژ دراوەکەی خستە سەر زەوی و بەپێڵاوەکەی تا توانی کوتایەوە.

دوایی لەکاتێکدا کە باش پیس و گرنج ببوو و، بەئاسانی نەدەکرا لەدوورەوە بزانرێت چییە، دراوەکەی بەرز کردەوە و پرسی: "ئایا هێشتاش کەس ئامادەیە لەبەر بەها بازرگانییەکەی، مامەڵە بەم دراوەوە بکات؟"

یەکێك لەبەشداربووان وتی: "ئەم دراوە هێشتاش دەتوانرێت بۆ کڕینی کاڵایەك بەبەهای بیست دۆلار بەکار بهێنرێت" ئەوانی تریش هەمان بۆچوونیان هەبوو.

وتەبێژ وتی: هاوڕێیانم، بۆتان دەرکەوت کە کردەوەی من دەیتوانی شێوەی ئەم دراوە بگۆڕێت، کەموکوڕی تێبخات یان زیانێکی پێ بگەیەنێت و، ئێوە کاریگەرییەکانیشتان بەچاو بینی، لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ ئەوەی سەرنج بدەن کە من چیم بەسەر ئەم لەتە کاغەزەدا هێنا، ئێوە هێشتا ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە دەکرێت مامەڵەی پێ بکرێت، چونکە لەو بڕوایەدان کە ڕەفتاری من هیچ لەبەهای ئەوی کەم نەکردۆتەوە.

زۆر جار لەژیاندا رووی داوە کە بەهۆی بڕیارەکانمان یان بەپێی بارودۆخ و پێشهاتەکان، هەست بە نائومێدی، سوکی یان کەمی دەکەین، دەڵێیت بەهای خۆمان لەدەست داوە، لەوانەیە لەدیدی کەسانی تریشەوە تاڕادەیەك وابێت کە بەڕاستی ئەمە رووی داوە. بەڵام ئەوەی رووی داوە، یان روو دەدات گرنگ نییە. لەبیرتان بێت کە ئێوە هەرگیز بەهای خۆتان لەدەست نادەن.

*پیاو ئەو پیاوەیە کە لەکێشمەکێشی ڕۆژگار*

*بەردی بنەوەی ئاش بێت*

*"سەعدی"*

## " گفتوگۆی ڕۆح و نەوس "

وێنا بکە دوو کۆرپەی قەتیس لەمنداڵدانی دایکدا کە ئێمە یەکێکیان ناو دەنێین "نەوس" و ئەوی تریان "ڕۆح" . ڕۆح بە نەوس دەڵێت : "دەزانم قبوڵ کردنی ئەم بابەتە بۆ تۆ زۆر سەختە، بەڵام من لەو بڕوایەدام کە ژیانی دوای مەرگ هەیە" .

نەوس جواب دەداتەوە : "قسەی پووچ مەکە، سەیر دەوروبەرت بکە، ئەوەی هەیە هەر ئەمەیە . بۆچی هەمیشە بەدوای شتی دوور لەڕاستیدا دەگەڕێیت؟ چارەنووسی خۆت قبوڵ بکە، ئاسوودە بە و، ژیانی دوای مەرگ فەرامۆش بکە . "

ڕۆح بۆ ساتێك هێمن دەبێت، بەڵام دەنگی دەروونی ناهێڵێت ئۆقرە بگرێت : "نەوس! تورە مەبە، بەڵام ئێستا قسەیەکی ترم هەیە، لێرە دایکێکیش بوونی هەیە" .

نەوس بەپێکەنینەوە دەڵێت : "دایك! چۆن دەتوانی ئەوەندە گەمژە بیت؟ تۆ هەرگیز دایکێکت نەبینیوە . بۆچی ناتەوێت قبوڵ بکەیت هەرچییەك هەبێت هەر ئەمەیە؟ ئەم بڕوای بوونی دایکە شێتییە . تۆ و من لێرە تەنیاین، هەر ئەمە ڕاستی تۆیە . ئێستا بڕۆ بۆ سوچێك و واز لەم قسە پڕوپووچانە بهێنە و باوەڕ بەمن بکە، دایکێك لەئارادا نیە . "

ڕۆح بەبێ مەیلی بێدەنگ بوو، بەڵام دووبارە نائارامی بەقسەی هێنا و وتی : "نەوس، تکایە بێ ئەوەی دژایەتی بیروڕای من بکەیت، گوێ بگرە . من وا بیر دەکەمەوە ئەو فشارانەی دەکەوێتە سەر من و تۆ و، ئەو جوڵانەی کە هەندێك جار لەڕووی ناخۆشییەوە دەیکەین و جێگۆڕکێی بەردەوام و ئەوەی ڕوو دەدات، هەمووی دەبێتە هۆی گەشە کردنی ئێمە و ئامادەمان دەکات بۆ چوونە جێیەك کە بڕیارە بەم زووانە تاقی بکەینەوە . "

نەوس جوابی دایەوە: "ئێستا ئیتر دڵنیام لەوەی کە تۆ شێت بووی. ئەوەی تا ئێستا بینیوتە تاریکی بووە. تۆ هەرگیز رووناکییەکت نەبینیوە. بەڕاستی چۆن بیر لەم شتانە دەکەیتەوە؟ ئەو جوڵە و فشارانەی کە تۆ هەستیان پێ دەکەیت راستی تۆن. تۆ بوونەوەرێکی تەنیایت. ئەمە گەشتی تۆیە. تاریکی، فشار و هەست بەبەندکراوی پەیوەندی بەژیانی تۆوە هەیە. تاکو لەژیاندا بیت دەبێ لەبەرامبەریاندا تێبکۆشیت. ئێستا تکایە لەشوێنی خۆت دابنیشە و هێمن بە."

رۆح ماوەیەك هێمن بوو، بەڵام لەئاکامدا خۆی پێ نەگیرا: "من تەنیا قسەیەکی تر دەکەم و ئیتر سەرت ناهێشێنم."

نەوس بەبێزارییەوە وتی: دەی فەرموو.

- "من لەو بڕوایەدام کە ئەم هەموو فشار و ناخۆشییە، نەك تەنیا بەرەو رووناکییەکی ئاسمانی ئاراستەمان دەکەن، بەڵکو دوای تاقی کردنەوەی ئەو رووناکییە، لەگەڵ دایکمان رووبەڕوو دەبینەوە و جەزم بوونێکی نائاسایی و بێ وێنە تاقی دەکەینەوە."

*ئەوەی کرمی هاوریشم بەکۆتایی دنیای دەزانێت،*

*بۆ پەپولە سەرەتای ژیانە.*

**کاتێك کە هیچ شوێنێك نیە بۆی بڕۆین**
**ئەو کـاتـە وادەی ڕۆیشـتـن دادێـت.**

*"تنسی ڤیلیامز"*

## "درەخت و ڕێبوار"

کۆڵەپشتی هەڵگرت و بەڕێ کەوت. ڕۆیشت تاکو بەدوای خودادا بگـەڕێت و، وتی: تاکو هەگبەکەم پڕ نەبێت لەخودا ناگەڕێمەوە.

نـەمامێکی کـز و لاواز لەسـەر ڕێ وەسـتابوو. ڕێبوارەکـە بەپێکەنینـەوە رووی لەدرەخت کرد و وتی: چەند ناخۆشە لەسەر ڕێ بیت و نەڕۆیت.

درەخت لەسەرخۆ وتی: بەڵام ناخۆشـتر ئەوەیـە کـە بڕۆیـت و بـێ دەستکەوت بگەڕێیتەوە. خۆزگە دەتزانی ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێیت هەر لێرەیە.

ڕێبوار ڕۆیشت و وتی: درەختێك چی لەبارەی ڕێگەوە دەزانێت، پێیەکانی لەگڵ دایە، ئەو هەرگیز لەچێژی گەڕان تێناگات.

نەیبیست کە درەخت وتی: بەڵام من گەڕانم لەخۆمەوە دەست پێکردووە و کەس گەشتی من نابینێت، جگە لەوەی دەبێ ببینێت.

ڕێبوار ڕۆیشت و کۆڵەبارەکەی قورس بوو.

هەزار ساڵ تێپەڕی، هەزار ساڵی پڕلە پێچ و پـەنا، هـەزار سـاڵی بـەرز و نـزم. ڕێبوار گەڕایەوە، ڕەنجەڕۆ و نائومێد. خودای نەدۆزیبۆوە؛ بەڵام دەسخەڕۆیی خۆی بـزر کردبـوو. گەیـشتبۆوە سـەرەتای ڕێ. خاڵێـك کـە ڕۆژێـك لـەوێوە دەسـتی پێکردبوو.

درەختێکی هەزار ساڵان، باڵابەرز و سەوز لەسەر رێ بوو. لەژێر سێبەرەکەی دانیشت تاکو پشوویەك بدات، رێبوار درەختەکەی نەناسیەوە، بەڵام درەختەکە ئەوی ناسیەوە.

درەخت وتی: سڵاو رێبوار، کۆڵەبارەکەت چی تێدایە؟ ئەو رۆژە کە دەڕۆیشتی کۆڵەکەت هەموو شتێکی تێدا بوو، دەسخەڕۆیی هەرە بچوکەکەی بوو؟ بەڵام رێگا ئەویشی لەتۆ سەند.

ئێستا لەکۆڵەبارەکەتدا شوێن بۆ خودا هەیە. درەختەکە هەندێك راستی خستە ناو کۆڵەبارەکەی رێبوارەوە.

رێبوار بەهۆی سەرسوڕمانەوە چاوی دەدرەوشایەوە و وتی: هەزارساڵ رۆیشتم و پەیدام نەکرد و تۆ لەجێی خۆتەوە ئەم هەمووەت پەیدا کردووە!

درەخت وتی: هۆیەکەی ئەوەیە کە تۆ ملی رێگەت گرت و من رووم کردە ناخی خۆم. رێپێوان لەناو ناخی خوتدا دژوارترە لەپێواوتنی رێگەکان.

ئەگەر ئێوە وابیر دەکەنەوە زۆر لەوە بچوکترن کە کارلێکەر بن بەدڵنیاییەوە هەرگیز لەگەڵ مێشوولەیەک لەناو جێخەوەکەتاندا نەخەوتوون.

*"بەتی رایس"*

## "داستانی OK"

ساڵانێك بەرلە ئێستا لەئەمریکا، کرێکارێکی کەم خوێندەوار لەکۆگایەکی کاڵا کاری دەکرد. ئەو ئەرکدار بوو بەوەی ژمارەی کاڵاکانی ناو هەر فەردەیەك هەژمار بکات و، ئەگەر ژمارەیان راست بێت لەسەریان بنووسێت: (All correct)

لەبەر ئەوەی ئەم کرێکارە کەم خوێندەوار بوو و شێوازی نووسینی ئەم وشەیەی باش نەدەزانی، بەکەڵك وەرگرتن لەیەکەم دەنگی وشەکان هێمایەکی لەسەر فەردەکان دادەنا، بەم شێوەیە کە لەجیاتی (All)، (O) و لەجیاتی (correct)، (K)ی بەکار دەهێنا؛ واتە لەجیاتی (All correct) کورتکراوەکەی بەکار دەهێنا، بەڵام بەشێوەی هەڵە دەینووسی: (OK)

لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات بەکار هێنانی وشەی OK گشتگیر بوو و ئەمڕۆکە لەسەرانسەری دنیا ئەم دەستەواژەیە بەباشی دەناسن و بەکاری دەهێنن.

هەموومان بەگوێرەی خۆمان دەتوانین سەرچاوەی تازەگەری و وەرچەرخانی ئەرێنی لەژیانی خۆماندا بین، بەو مەرجەی بمانەوێت. ئەگەر کرێکارێکی ئاسایی و کەم خوێندەوار بتوانێت دەستەواژەیەك لەدنیادا بڵاو بکاتەوە، من و تۆش دەتوانین لەسەر دەوروبەرمان کاریگەر بین. OK?

قوڵترین ترسی ئێمە ئەوەیە کە بێ توانایین؛

قوڵترین ترسی ئێمە ئەوەیە کە لەڕادە بەدەر بەهێزین.

ڕووناکی ئێمە سەرچاوەی ترسی ئێمەیە، نەك تاریکیمان.

ئێمە لەخۆمان دەپرسین: من کێم کە بتوانم ڕووناك، زۆر باش، بەتوانا و پایەبەرز بم؟ لەڕاستیدا ئێمە کێین ئەگەر وەها نەبین؟

تۆ ڕۆڵەی خوداوەندی!

ڕۆڵی بچوك گێڕانت، هیچ خزمەتێك بەدنیا ناکات.

کۆڵدان لەهیچ شوێنێك واتای نیە، گەر وا نەبێت

کەسانی تر لەبەر ئەوەی لەئێوەوە نزیکن هەست بە نائارامی ناکەن.

ئێمە هاتووینەتە سەر دنیا بۆ ئەوەی گەورەیی خوداوەند ئاشکرا بکەین.

ئەم گەورەیی و ڕێزدارییە، تەنیا لەهەندێك لەئێمەدا نییە، بەڵکو لەهەموماندا هەیە.

ئەگەر ڕێگە بەدرەوشانەوەی ڕووناکی خۆمان بدەین، بێ ئەوەی پێ بزانین

ڕێگە بەکەسانی تریش دەدەین کە ئەم کارە دووبارە بکەنەوە.

کاتێك کە لەترسەکانمان ڕزگار دەبین، بوونی ئێمە خۆی لەخۆیەوە

ئازادی بەکەسانی تر دەبەخشێت.

*"ماریان ڤیلیامسۆن"*

هەر نەمامێك فریشتەی خۆی هەیە
فریشتەیەك كە خۆی بۆ دەچەمێنێ
و بەگوێیدا دەخوێنێت: گەشە بكە،
گەشە بكە.

"تەلمود"

## "گەشە كردن"

ماسییەكی ژاپۆنی كە ناوی "كویی"ە، بەپێی سروشتی خۆی دەتوانێت بەئەندازەی ژینگەی خۆی گەورە بیت.

لەناو دۆلكەیەكی پێنج، شەش سانتی مەتریدا دیارە چەندە گەشە دەكات، بەلام ئەگەر بكەوێتە ناو گۆلێكەوە دەتوانێت سێ هێندە گەورەتر بێت.

مرۆڤەكانیش هەر بەم شێوەیە دەتوانن بەپێی ژینگەی خۆیان گەورە بن. هەروەك ماسی كویی ناچارە لەبەر بەرژەوەندی خۆی سنووری دنیای خۆی قبوڵ بكات، ئێمەش دەتوانین سنووری ئارەزوو و تواناكانی خۆمان دیاری بكەین.

ئەگەر ئێمە گەورەتر لەو دۆلكەیەین كە تێیدا ئافرێنراوین و ناتوانین خۆمانی لەگەڵدا بگونجێنین، كەوابوو دەبێ بەدوای دەریادا بگەڕێین، هەرچەندی ئەم گۆڕانە ناخۆش و بەئازاریش بێت.

با هەوڵەکانی ئێوە و دەستکەوتەکانتان ببێتە هۆی ئەوەی ئەگەر ڕۆژێك کەسانێك ویستیان لەبارەی ژیانی ئێوەوە بڕیار بدەن، ئەوا وەکو بوونەوەرێکی سەرتر و مرۆڤێکی نمونە ناوتان بهێنن.

*"ئانتۆنی رابینز"*

## "بارەوبار بوون"

خێوی ئاپۆلۆ لەناو دارستان، "دافنە"ی فریشتەی دەشۆپاند، چونکە عاشقی بوو. بەڵام دافنە کە هەموو کەس ستایشی دەکرد ئیتر جوانییەکەی لەسەری ببوو بەبەڵا و داوای لەخوداکان کرد ئەو جوانییە لەناو بەرن، چونکە ئارامی لێ سەندووە! خوداکان خواستی دافنەیان بەهەند وەرگرت و کردیان بەگەڵای دار. ئاپۆلۆ ئیتر نەیتوانی بیدۆزێتەوە، ئەو ببوو بەبەشێك لەگژ و گیاکانی دارستان.

دافنە بەچەشنێك ڕەفتاری کرد کە هەموومان لەگەڵیدا ئاشناین. زۆر جار تواناکانی خۆمان لەناو دەبەین، چونکە نازانین لەگەڵ ئەم توانایانە چی بکەین. بەڵێ، ئاسایی بوون و هاوڕەنگی کۆمەڵ بوون ئاسانترە لەوەی تێبکۆشین بۆ ئاشکرا کردنی هەموو توانا و، کەڵك وەرگرتن لەو شتانەی کە خوداوەند بەئێمەی بەخشیوە.

*"پائۆلۆ کۆئیلۆ"*

**چ کەسێك لەتۆ باشتر دەتوانێت "خۆت" بێت.**

*" فرانك گیلین "*

**" دۆزەخ واتە خۆتان نەبن "**

رۆژگارێك، بەڕێوەبەرێك هەبوو کە لەدرێژەی قەیرانێکی ئابووریدا کارەکەی خۆی لەدەست دابوو. ئەو خەفەتبار و خەمۆك لەپارکێکدا بێ مەبەست پیاسەی دەکرد کە مێزێکی بەتاڵ سەرنجی راکێشا و لەسەری دانیشت. دوای چەند ساتێك، پیاوێکی تر لێی نزیك بوویەوە. ئەویش کە زۆر شێواو و نیگەران دیار بوو لەوسەر مێزەکە جێی خۆش کرد.

دوای ماوەی دوو کاتژمێر، کە هەردووکیان هەروا لەبێدەنگیدا دانیشتبوون، پیاوی یەکەم هاتە گۆ: "من تاکو ماوەیەك لەمەوبەر بەڕێوەبەر بووم و نووسینگەیەکی تایبەت بەخۆم هەبوو، بەڵام لەکارەکەمدا زۆر دەست بڵاو بووم و ئێستاش وا بێ کارم."

پیاوی دووەم وتی: "من خاوەنی سێرکم. گەورەترین تام و چێژی سێرکەکەم بەهۆی مەیمونێکەوە بوو. ئەو مەیمونەش هەفتەی رابردوو مرد و ئێستا هیچ سەیرچییەکم نیە. وابزانم ئەگەر مەیمونێکی تر دەستەبەر نەکەم دەبێ ئەم کارە بەلاوە بنێم."

پیاوی یەکەم وتی: "ئێوە مەیمونێکتان پێویستە و منیش دەربەدەر بەشوێن کارێکەوەم. چۆنە من بەرگێك لەشێوەی مەیمون بپۆشم و ئەدای ئەو دەربهێنم؟ دەتوانم دووبارە مشتەریتان بۆ رابکێشم و هەمووان کەیف خۆش بکەم."

خاوەنی سێرك كە بینی بەم كارە هیچ شتێك لەكیس نادات بڕیاری دا ئەوە تاقی بكاتەوە. لەوپەڕی بێ باوەڕی و سەیر و سەمەرەییدا، ئەم مەیمونە ساختەیە زۆر سەرنج ڕاكێش بوو و تەنانەت جەماوەرێكی زیاتر لەو كاتەی ڕاكێشابوو كە مەیمونە سەرەكییەكە هەبوو. پارەیان بەسەردا دەباری و ئەو بەڕێوەبەرەی پێشوو و خاوەنی سێرك هەردوو تا دەهات ڕەوشیان باشتر و باشتر دەبوو.

تاوەكو ڕۆژێك ڕووداوێكی سەیر ڕووی دا. لەناكاو شێرێكی گەورە چووە ناو قەفەسی مەیمونەكە. جەنابی مەیمون نەیدەزانی چی بكات. ئەو تا ئەو جێیەی پێی دەكرا ئەمسەر و ئەوسەری كرد بۆ ئەوەی لەدەست شێرەكە ڕابكات، بەڵام تێگەیشت كە درەنگ یان زوو دەبێتە خۆراك وماڵئاوایی لەژیان دەكات.

جەماوەرێكی زۆر بەرامبەر بەقەفەسەكە كۆ ببوونەوە، تاكو لەنزیكەوە شایەتی ئەم نمایشە بن. ئەوان هەناسەیان سوار ببوو كە لەئاكامدا مەیمونەكە لەگۆشەیەكی قەفەسدا كەوتە داوی شێر و ڕێی هەڵاتنی نەبوو. لەپڕ جەماوەر لەوپەڕی سەرسوڕماندا بیستیان كە مەیمون بەدەنگێكی بەرز و هەراسان هاواری كرد: "فریام كەون! فریام كەون!" هەر لەو كاتەدا شێرەش بەهێمنی كەوتە قسە و وتی: "وس بە گەمژە! وادەزانی تەنیا خۆت لەبەر بێكاری هاتووی بۆ ئێرە و پێستی مەیمونت لەبەر كردووە؟"

هەندێك كەس بەشێوەیەك خۆیان دەنوێنن كە لەڕاستیدا ئەوە نین. ئەوان وزەیەكی زۆر بەئاودا دەكەن تاكو ناسنامەیەك لەخۆیان پیشان بدەن كە لەدیدی كەسانی ترەوە زیاتر پەسند كراو بن. كێشە لێرەدایە كە ئەوان ناچارن بۆ گۆڕینی شێوەی خۆیان لەبەر چاوی خەڵكی، چاوەڕوانییە ناكۆك و دژبەرەكانیان بەدی

بهێنن . درێژەدان بەم یارییە بۆ هەمیشە مەحاڵە . ئەوان درەنگ یان زوو لەگۆشەیەك دەكەونە داو و كەسێتی راستەقینەیان ئاشكرا دەبێت .

*"١٢ رەمزی سەركەوتن"*

**ئەگەر بۆق بیەوێت وەکو فیل ببینرێت**
**ئەوا دەتەقێت.**

*" بیرۆکەکانی بەڕێوەبەریتی "*

## " خۆت بە "

ڕۆژێك، بەردتاشێك کە لەکاری خۆی ناڕازی بوو و هەستی بەسوکی دەکرد، لەنزیك ماڵی بازرگانێکەوە تێپەڕی. دەرگا کراوە بوو و ئەویش چاوی بە ماڵی پڕشکۆ، باخ و نۆکەرەکانی بازرگان کەوت و ئیرەیی پێ برد و لەگەڵ خۆیدا وتی: ئەم بازرگانە چەندە بەهێزە! و ئاواتی خواست وەکو بازرگان بێت.

لەپڕ بووبە بازرگانێکی بەشان و شکۆ. تا ماوەیەك وایدەزانی کە لەهەموو کەس بەهێزترە. تاوەکو ڕۆژێك حاکمی شار لەوێوە تێپەڕی، کابرا بینی کە هەموو خەڵکەکە ڕێز لەحاکم دەگرن، تەنانەت بازرگان، بەخۆی وت: خۆزگە منیش حاکم دەبووم، ئەو کاتە لەهەموو کەس بەهێزتر دەبووم!

هەر لەو کاتەدا، ئەو بووبە حاکمی دەسەڵاتداری شار، لەکاتێکدا لەسەر تەختێکی تایبەت دانیشتبوو و خەڵکی ڕێزیان لێ دەگرت، هەستی کرد کە تیشکی خۆر ئازاری دەدات، بیری لەوە کردەوە کە خۆرەتاو چەندە بەهێزە.

ئەو هیوای خواست کە خۆر بێت و خێرا بووبە خۆر و هەوڵی دا بەهەموو توانای خۆی گۆی زەوی گەرم بکاتەوە.

پاش ماوەیەك هەورێکی گەورە و ڕەش هات و پێشی بەتیشکەکانی گرت. کەوابوو بەخۆی وت کە هێزی هەور لەخۆر زیاترە و دەست بەجێ بووبە هەورێکی گەورە.

هێندەی پێنەچوو کە بایەك هات و پاڵی نا بۆ ئەملا و ئەولا . ئەمجارە ویستی ببێت بە با و خێرا بووبە با . بەڵام کاتێك لەتاشە بەردێك نزیك بۆوە، ئیتر توانای جوڵاندنی تاشە بەردی نەبوو . بەخۆی وت : بەهێزترین شت لەدنیادا تاشە بەردە و لەناکاو بووبە بەردێکی گەورە .

هەروەك سفت و سۆڵ وەستابوو لەپڕ گوێی لەدەنگێك بوو و هەستی کردوا خەریکە ورد دەبێت . سەیرێکی خوارەوەی خۆی کرد و بەردتاشێکی بینی کە بەچەکوش و قەڵەم کەوتۆتە گیانی . !

## "مەزنە پیاو"

مرۆڤی تەواو کێیە و تایبەتمەندییەکانی چین؟ گەڕان و دۆزینەوەی مرۆڤی تەواو بابەتێکە کە بەردەوام لەناو بەرهەم و نوسراوەکانی زانایان، فەیلەسوف و ویژەراندا باسی لێوە کراوە.

"نیچە" زانای گەورەی ئەڵمانیش لەو کەسانەیە کە لەڕوانگەی خۆی لەکتێبی "وەهای وت زەردەشت" دا هەوڵی پەسن دانی مرۆڤی تەواو یان مەزنە پیاو دەدات. ئێمە لێرەدا ئاماژە بەکورتەیەکی ئەو پەسن دانانە دەکەین.

١ـ مەزنە پیاو دەبێ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و خەبات لەگەڵ قورسترین و سەختترین شتەکان ئامادە بێت و، لەوە گرنگتر دەبێ لەخۆیدا مەیلێك بچێنێت کە شێت ئاسا بەدوای دەست بەیەخە بوون و زۆرانبازییە لەگەڵ مەترسیدارترین کێشەکان. ئەو دەبێت وەکو یاریزانێکی ئاسن بێت کە تامەزرۆی بەرز کردنەوەی قورسترین وەزنەیە و، ئەگەر بە بەرز کردنەوەی وەزنەیەکی سوك ببێت بەقارەمانی جیهانیش رازی نابێت.

٢ـ مەزنە پیاو ئەگەر پێی نایە سەر ڕێگەیەك هەرگیز سەیری دواوەی ناکات.

٣ـ مەزنە پیاو هەمیشە لەسەرووی گۆڕەپانەکانی ژیانە، کەوابوو خەفەتبارترین، جدی ترین و ڕەشترین بەسەرهاتەکانی ژیانیش بۆ ئەو سوك و بێ بەهایە و مایەی پێکەنینیەتی.

٤ـ مەزنە پیاو هەر پێشهات و ڕووداوێك بەئیرادەی فەرمانڕەوایی خۆی بەچۆك دادێنێت و دەیخاتە خزمەتی خۆیەوە.

٥ـ ئامۆژگاری مەزنە پیاو بۆ کەسانی تر: هەمیشە هەر کارێك کە دەتەوێت بیکە، بەڵام سەرەتا لەو کەسانە بە کە "توانای خواستن" یان هەیە.

٦ـ ئەوەی مەزنە پیاو دەخاتە جوڵەوە، دەرەنجامی کاردانەوەیەك نیە. جوڵەی ئەو هیچ هۆکارێکی نیە جگە لەتینێکی دەروونی.

٧ـ بەپێی یاسای ژیان، لەدنیادا هەر شتێکی شادی بەخش بەرەورووی کەسێك دێت کە شاد بێت. بەم چەشنەیە کە ژیان لەهەر ساتێکدا مەزنە پیاو شادتر دەکات.

٨ـ ناز و لاواندنەوە و ستایش، پیاوی راستەقینە نەخۆش دەکات. دروشمی مەزنە پیاو ئەمەیە: سڵاو لەهەر شتێك کە تۆکمەتر و پتەوترم دەکات.

٩ـ مەزنە پیاو بڕوایەکی پتەوی بە خۆی، ژیان و کارێکە کە ئەنجامی دەدات.

١٠ـ بەنانەوەی هیچ کێشەیەك ناتوانرێت شادومانی و گوڕ و تینی مەزنە پیاو تێك بشکێنرێت.

١١ـ مەزنە پیاو سوکایەتی بە کەسێك دەکات کە ناتوانێت پێبکەنێت.

١٢ـ هێز، واتە بەدی هێنانی گۆڕان لەشتەکاندا بەگوێرەی ویستی خود. ئاستی باڵای هێز، واتە توانای گۆڕینی پتەوترین و سەخترین شت.

١٣ـ مەزنە پیاو سوێندی خواردووە کە هەموو رۆژەکان بەلایەوە گرنگ و پیرۆز بن.

١٤ـ عەشقی مەزنە پیاو بۆ کردەوەکانی وەکو عەشقی دایکە بۆ منداڵەکەی، هەروەك هیچ دایکێك لەبەر عەشقی منداڵەکەی هەقدەستی ناوێت، مەزنە پیاویش کردەوەکانی بەبێ چاوەڕوانی پاداشت ئەنجام دەدات.

١٥ـ بەلای مەزنە پیاوەوە شانس، رێکەوت و بەخت شتگەلێکن کە ژیان سەرنج راکیشتر و دڵخوازتر دەکەن، چونکە یاسا و بنەما نەگۆڕەکان و ئەو

پێشبینییانەی کە هەمیشە راست دەردێن ، ژیان بۆ پیاوێك کە خوازیاری شتی نوێ و هەلومەرجی مەترسیدارە ، وشك و بێزارکەر دەکەن .

١٦ـ مەزنە پیاو لەبەر ئەوەی بەڵێندەر بێت و هەست بە بەرپرسیارێتی بکات هاوسەرگیری ناکات . ئەو پێش هاوسەرگیریش بوونەوەرێکی بەڵێندەر و رێك و پێکە .

١٧ـ مەزنە پیاو لەرووی پێویستی و تەنیایی و لاوازی هاورێیەتی کەس ناکات .

١٨ـ مەزنە پیاو دەتوانێت و دەیەوێت لەسەر هاورێکەی شەڕ بکات ، چونکە هاورێکەی وەکو بەشێك لەبوونی خۆی دەبینێت .

١٩ـ مەزنە پیاو لەگەڵ ترسدا ئاشنایە ، بەڵام بەسەریدا زاڵ دەبێت . ئەو بەدەستخەرۆییەوە سەیری هەر مەترسییەك دەکات .

٢٠ـ مەزنە پیاو بەدڵێکی شادەوە رووبەرووی ئاڵۆزترین ، قورسترین و جددیترین بابەتەکانیش دەبێتەوە .

٢١ـ مەزنە پیاو شەیدای پێشهات ، بەسەرهات و دۆزینەوەی رازەکانە و حەز دەکات لەناو گۆڕەپانە نەناسراوەکاندا لێگەڕین بکات . ئەو عاشقی رۆیشتن بەرەو شتێکە کە هێشتا کەس لەبارەیانەوە کارێکی ئەنجام نەداوە .

٢٢ـ مەزنە پیاو هەموو شتێك هان دەدات کە بەرەورووی بێن و گەورەتر و لێهاتووتری بکەن ، لەم لایەنەوە ئەو خۆویسترین تاکە ، بەڵام ئەو هیچ شتێکی بۆ راگرتن ناوێت ، بەڵکو بەردەوام خەریکی بەخشین و پێدانی بێ سنوورە . کەوابوو خۆویستی ئەو خۆویستییەکی ئەرێنی و بەنرخە .

٢٣ـ مەزنە پیاو بڕوای بەچارەنووس هەیە، بەلآم ئەم چارەنووسە بەیارمەتی ئیرادە و خواستی خۆی دیاری دەکات.

٢٤ـ مەزنە پیاو زریانێکی سامناکە لەهێز، شادومانی، بەختی باش و ئازادی کە بۆ ساتێك ناتوانێت بێدەنگ بێت و هیچ شتێك توانای خۆڕاگرتنی نیە لەبەرامبەریدا.

٢٥ـ مەزنە پیاو کاری خۆی دەکات. هەندێك کەس لۆمەی دەکەن و هەندێکیش پێیدا هەڵدەڵێن، بەلآم ئەو هیچ بەهایەك بۆ چاودێری دەوروبەر و ئەم ستایش و پێدا هەڵدانانە دانانێت.

٢٦ـ ئەگەر هاوڕێیەك خراپە لەگەڵ مەزنە پیاودا بکات، مەزنە پیاو پێی دەڵێت: ئەوەی لەگەڵ مندا کردووتە لێی خۆش دەبم، بەلآم ناتوانم لەوە خۆش بم کە لەگەڵ خۆتدا کردووتە.

٢٧ـ بەرزترین لووتکە کە پیاوی سەروەرێخواز و بەرزەفڕ دەبێ پێی بگات، ناخی خۆیەتی.

٢٨ـ ئەگەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنن ژیان شتێکی بێ واتا و پووچە، بەهێزترین روونکردنەوە و باشترین هۆکاریش بهێننەوە دیسانیش ناتوانن مەیلی مەزنە پیاو بۆ ژیان کەم بکەنەوە.

٢٩ـ مەزنە پیاو پێی خۆشە پێ بنێتە سامناکترین رێگەکان.

٣٠ـ ئەگەر پیاوی گەورە بیەوێت شتێك بنووسێت بەخوێنی خۆی دەینووسێت و، نووسراوێك دەخوێنێتەوە کە بەخوێن نووسرابێت.

٣١ـ مەزنە پیاو لەبەر ئەوەی دەتوانێت فـەرمان بەسـەر خۆیـدا بـدات، توانـای فەرمان دان و ، لەڕاستیدا گۆڕینی هەموو شتێکی هەیە و بەردەوام هەوڵ دەدات زیـاتر بەسەر خۆیدا زاڵ بێت تاکو هێزی خۆی بگەیەنێتە ئاستێکی باڵاتر .

ئەی مرۆڤەکان لەو رێیانەوە مەڕۆن کە رێبواری زۆرە، لەو رێیەوە بڕۆن کە رێبواری کەمە.

*"ئینجیل"*

## "رێی کەم گوزەر"

رۆژێـک گوێرەکەیـەك دەبوایـە بەدارسـتانێکی تـازەدا تێپـەڕێت تـاکو بگاتـە لەوەڕگەکەی. گوێرەکە بوونەوەرێکی بێ مێشك بوو و رێیەکی زۆر دژواری بۆخـۆی هەڵبـژارد. رۆژی دواتـر سـەگێك کـە لـەوێوە تێدەپـەڕی هـەمان رێـی بـەکار هێنـا و لەدارستان دەرباز بوو.

دوای ماوەیەك مەڕی پێشەنگی رەوە ئەو رێیەی بینی و رەوەکـەی هـان دا کـە لـەو رێیـەوە تێپـەڕن. دواتـر مرۆڤـەکانیش کـەڵکیان لـەو رێیـەوە وەرگـرت. دەهـاتن و دەچوون، بەڕاسـت و چـەپدا دەسـووڕانەوە، سـەردەکەوتن و دادەکـەوتن، گلـەییان دەکرد و ئازاریان دەچەشت و هەقیشیان بوو. بەڵام کـەس هـەوڵی نـەدا رێیـەکی تـازە ببینێتەوە.

پاش زەمەنێك ئەو کوێرە رێیە شەقامی لەسەر دروست کـرا. ئـاژەڵی دامـاو لـەژێر باری قورسدا دەکەوتن و ناچار بوون بە سێ کاتژمێر رێیـەکی سـێ خولـەکی بپێـون. لەبەر ئەوەی بەهەمان رێدا دەڕۆیشتن کە گوێرەکەکە کردبوویەوە.

ساڵ هات و چوو و ئەو ئەو رێیە بووبە شەقامی سەرەکی لادێیەك و، دوایـی بووبـە شـەقامی سـەرەکی شـارێك. هـەموان گلـەییان لەئاراسـتەی ئـەو شـەقامە هـەبوو، رێوبانێکی زۆر خراپ بوو.

تێبینی: نەختێك بوەستە و گوێ بۆ نەوای دڵت رادێرە، هەر کەسەو دەبێ خۆی ئاراستەی ژیانی هەڵبژێرێت، رێیەك هەڵمەبژێرە کە کەسانی دی پێشتر پێیدا رۆیشتوون، چونکە لەم رێیەوە ژیانی تۆ بەهرەی بژارەکانی کەسانی تر دەبێت، بێهودە مەڕوانە دەوروبەرت و سەیر مەکە کە کێ چ رێیەکی هەڵبژارد، رێبەر بە نەك شوێن کەوتوو. هەنگاو لەڕێیەکدا هەڵێنەوە کە دڵت فەرمانی دەدات و، وەها قایم هەنگاو بنێ کە زەوی شایەتی باوەڕ و خۆڕاگریت بێت. بەڵێ، دوو رێ و دوو بژار لەبەردەم تۆدا هەیە: رێی دڵ و رێی کەسانی تر. ئەگەر رێی دڵ هەڵبژێریت ئەوا بووی بەڕێبواری رێیەك کە تائێستا کەس پێی نەگەیشتووە و، بەم چەشنە چاوت بەدیمەنی وەها دەکەوێت، کە تاکو ئێستا ژیان، دەرگاکەی بەڕووی کەسدا نەکردۆتەوە.

*ئاوازێك بخوێنە کە کەس نەیخوێندبێت*

*فکرێك بکەرەوە کە کەس بەمێشکیدا نەهاتبێت*

*پێ لەڕێیەکدا بنێ کە کەس پێی لێ نەنابێت*

*فرمێسکێك ببارێنە کە کەس بۆ خودای نەڕشتبێت*

*ئاشتی و ئارامییەك بەکەسەکان ببەخشە کە کەس پێی نەبەخشیبن.*

*داوای لێبکە لەکاتێکدا تۆ لەخۆی بگرێت کە لەهیچ شوێنێك قبوڵت ناکەن*

*هەمووانت بە عەشقێك خۆش بوێت کە کەس تا ئێستا هەستی پێ نەکردبێت و*

*دڵێرانە لەگۆڕەپانی ژیاندا خەبات بکە.*

*" پارماهانسا یوگانانداً "*

## ٢

**نهۆمی دووەمی دۆزەخ**

**دۆزەخ نامۆ بوونە لەگەڵ خودا**

**بەڵام بەهەشت ، یەکبوونە لەگەڵیدا**

### "ژیان بێ هاوڕێ گیان لەناو بردنە"

پیاوێك بۆ چاكردنی سەر و ریشی چووە سەرتاشخانە. لەكاتی تراشدا گفتوگۆیەكی سەرنج ڕاكێش لەبارەی خوداوە لەبەینیاندا دروست بوو. كابرای سەرتاش وتی: من باوەڕ ناكەم خودایەك هەبێت. مشتەری پرسی: بۆچی؟

سەرتاش وتی: تەنیا بڕۆ سەر شەقام دەبینیت. چۆن دەكرێت لەگەڵ بوونی خودایەكی دلۆڤان ئەم هەموو نەخۆشی و دەرد و ڕەنجە هەبێت؟

مشتەری هیچی نەووت و لەدوكان چووە دەرەوە، هەركە لەسەرتاشخانەكە هاتە دەرەوە، پیاوێكی لەسەر شەقام بینی بەقژێكی ئاڵۆز و پیس. بەپەلە گەڕایەوە سەرتاشخانە و بەسەرتاشی وت: دەزانی، بەڕای من ئەم دنیایە سەرتاشی تێدا نیە.

كابرا بەسەرسوڕمانەوە وتی: بۆچی ئەم قسەیە دەكەیت؟ من لێرە هەم و هەر ئێستا قژی تۆم چاك كرد.

مشتەری بەنارەزایەتییەوە پرسی: ئەی بۆچی كەسانێكی وەكو ئەو پیاوە قژبژە لەدەرەوەی سەرتاشخانە هەن؟

- سەرتاش زۆرن، تەنیا خەڵكەكە روو لەئێمە ناكات.
- ڕاست دەكەیت. خودا هەیە، تەنیا خەڵك رووی تێ ناكەن. لەبەر ئەمەیە كە ئەو هەموو دەرد و ڕەنجە لەدنیادا هەیە.

تێبینی: بەهەشت پاداشتی خوداوەند نیە، بەهەشت ڕاستینەی خودی خوداوەندە. بەهەشت بەرهەمی ڕەزامەندی خودا نیە، بەڵكو ڕەزامەندی خودا و هەست كردن بەبوونی ئەو لەژیانماندا دەرگاكانی بەهەشت بەڕووی ئێمەدا دەكاتەوە.

خوداوەند خالّی سەرەتا و بنەمای داهێنانە، سەرچاوەی هەموو چاکەکان، راستییەکان، جوانییەکان، هێزەکان و ئارامییەکانە. ئەو کاتەی لێی دوور دەکەوینەوە، لەسەرچاوەی هەموو گەورەیی و باشییەکان دوور کەوتووینەتەوە و، چیرۆکی هەموو رەنج، خەفەت و نائارامییەکان لەژیانی ئێمەدا لەوێوە دەست پێ دەکات.

شانس و ڕێکەوت نازناوی خوداوەندە لەو
بارودۆخانەی کە نایەوێت دان بەوەدا بنێت
پێشهاتەکان بەواژووی ئەو ڕوویان داوە.
'ساموئیل تیلەر کالریج'

## 'وشیاری باڵا'

حەوشەیەکی گەورە وێنا بکەن لەشێوەی عەمبارێك پڕلە پارچە کاغەزی پارەی کۆن و بێ بەها، کە بەشێوەی ڕێکەوت لەوێ کەوتوون. سیمی مسی کە لەهەموو شوێنێك هەڵڕژاوە، وردە فلز، لاستیکی خەسار، کوشنی ئۆتۆمبێل، ئامێری ئەلیکترۆنی، بورغی، تۆپ، شوشە و هەر شتێك کە بتوانن وێنای بکەن بەشێوەی ڕێکەوت لەگۆشەیەکی ئەم عەمبارە فڕێ دراوە.

لەناکاو بایەکی زۆر بەهێز دێت و پارچە شتومەکی بێ بەها دەفڕێنێت. لەهەوادا بەریەك دەکەون و هەریەکەو لێرە بۆ وێ پەرت دەبێت، دەشکێن و ورد دەبن. لەپڕ بایەکە دەوەستێت و لەعەمباری پڕلە شتومەکی کۆنە و بێ بەهادا فڕۆکەیەك لەڕەوشی فڕیندا بەدیار دەکەوێت.

لەسەر بنەمای ڕێکەوت، شانس یان سیحر ئەم پارچانە ئاوێتەی یەکتر بوونە تاکو فڕۆکەیەکی بێ وێنە دروست ببێت. تەنیا بەهۆی ڕووداوێك یان لەسەر بنەمای ڕێکەوت چەشنێك کامڵ بوون لەو شتومەکە کۆن و بێ بەهایانە بەدی هاتووە.

لەکاتێکدا بیرم لەپووچی و بێ بەهایی وەها ڕووداوێك دەکردەوە، بەخۆمم وت کە چۆن لەبارەی جیهانێك بەم هەماهەنگییە وەها بۆچوونێکم هەبوو. لەجیهانێکدا کە پێکهاتەکانی لەهەماهەنگی تەواودا، بەریەك دەکەون و کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە؛ تەنیا بەهۆی دەرفەت یان ڕێکەوت، هیچ شتێك ناتوانێت هەماهەنگ و گونجاو

لەگەڵ ئەوی تردا رەفتار بکات؛ باوەڕەکەم سەرڕاست کردەوە و لەوە تێگەیشتم کە بێ شەك وزەیەکی داهێنەر و بێ هاوتا لەهەموو شوێنێك ئامادەیە و شایەتی هەموو شتێکە.

ئەم جیهانە، سیستەمێکی هۆشمەندی هەیە کە هەموومان بەشێکی پێکهێنەرین. هێزێك و وشیارییەك هەیە کە ئەم جیهانەی داهێناوە و پشتیوانی لێ دەکات. ئەم هێزە لەهەموو شوێنێك هەیە، کەوابوو لەناخی ئێوەشدا هەیە. جەستەی ئێوە بەشێکی ئەم سیستەمە پێك دەهێنێت لەکاتێکدا خودی جەستەش خاوەنی جۆرەها بەشی گونجاو و هەماهەنگە.

ئەگەر وای بۆ بچین وەها جیهانێکی هەماهەنگ لەسەر بنەمای رێکەوت بەدی هاتووە ئەوپەڕی چاونەترسی و سادەیی ئێمە پیشان دەدات. هەروەکو ئەستەمە هێزێك بەشێوەی رێکەوت ئەم سیستەمە هۆشمەندەی بەدی هێنابێت، کە ئێمە تەنیا بەشێکین لەو گەورەیییە.

ئەم نموونەیە هزری منی کردەوە و تێگەیشتم کە جیهان لەلایەن هێزێکی هۆشمەندەوە بەڕێوە دەبرێت، کە زۆر ناوی جیاجیای هەیە. بەڵام وەکو پێویستی بریتیە لەهەماهەنگی، رێك و پێکی، ئارامی، دینامیزم و عەشقە. عەشقێك کە بەسەرچاوەی هەموو شتێك دەژمێردرێت.

بەتێڕامان لەوزەی ئەم هەماهەنگییە، رێك و پێکی و ئارامی ئێمە هەمیشە لەگەڵ ئەم هێزە لەپەیوەندیدا دەبێت. من دەزانم کە دەتوانم لەهەر ساتەوەختێك، ژیانم بەو هێزە بسپێرم. کاتێك پەی بەوە دەبەم کە رێگەم پێدراوە تاکو فکرەکانم لەسەر ئەم هێزە تاکانە و داهێنەرە چڕ بکەمەوە، بانگەوازی عەشق دەکەم تاکو جێگرەوەی گومان و کێشەکان بێت.

*"بۆ هەر کێشەیەك رێگەچارەیەکی مەعنەوی هەیە، ڤین دایەر"*

**"ڕەمزی خۆشبەختی"**

ڕۆژگارێك پیاوچاكێك دەژیا كە هەشت ساڵی ڕەبەق تامەزرۆی دۆزینەوەی ڕێگەی خودا بوو . ئەو هەموو ڕۆژێك لەكەسانی تر جیا دەبۆوە و نزای دەكرد كە ڕۆژێك لەگەڵ یەكێك لەپیاوانی خودا یان پیرێكی تەریقەت ئاشنا بێت .

ڕۆژێك هەروا كە نزای دەكرد ، دەنگێك پێی وت كە بچێت بۆ شوێنێك . لەوێ چاوی بەپیاوێك دەكەوێت كە ڕێی ڕاست و خوداوەندی پێ نیشان دەدات . پیاوچاك كاتێك گوێبیستی ئەم دەنگە بوو بێ ئەندازە دڵخۆش بوو و ڕۆیشت بۆ ئەو شوێنەی كە پێی وترابوو . لەوێ بەدیتنی پیاوێكی سادە ، دڵنزم و هەژار بەجلی شڕ و پێی خۆڵاوی واق ما .

پیاوچاك تەواو سەیری دەوروبەری كرد ، بەڵام كەسی تری نەبینی . هەر بۆیە ڕووی كردە پیاوی هەژار و وتی : "ڕۆژتان باش . " كابرای هەژار بەهێمنی جوابی دایەوە : "هەرگیز ڕۆژێكی خراپم نەبووە . "

پیاوچاك : "خوداوەند خۆشبەختت بكات . "

پیاوی هەژار : "هەرگیز بەدبەخت نەبوومە . "

پیاوچاك زیاتر سەری سوڕما : "هەمیشە دڵخۆش بن . "

پیاوی هەژار : "هەرگیز خەفەتم نەبووە . "

پیاوچاك : "تێناگەم . تكایە ، تكایە هەموو ئەمانەم بۆ شی بكەرەوە . "

پیاوی هەژار : "بەخۆشحاڵییەوە ئەم كارە دەكەم . تۆ ئارەزووی ڕۆژێكی باشت بۆ من كرد . من هەرگیز ڕۆژێكی خراپم نەبووە ، چونكە ئەگەر خۆراكێك بۆ خواردن پەیدا نەكەم دیسانیش ستایشی خودا دەكەم . ئەگەر باران ببارێت یان بەفر ، ئەگەر كەش و هەوا خۆش بێت یان ناخۆش ، من هەروا خودا دەپەرستم . ئەگەر

سووکایەتیم پێ بکرێت یان کەس هاورێیەتیم نەکات، دیسان ستایشی خودا دەکەم، کەوابوو هەرگیز رۆژێکی خراپم نەبووە.

تۆ ئارەزووی خۆشبەختیت بۆ من کرد، بەڵام من هەرگیز بەدبەخت نەبوومە، چونکە هەمیشە پەیوەست بووم بەدەرگای خوداوەندەوە و، دەزانم هەرکات خودا شتێکم پێ ببەخشێت، ئەوە باشترین رووداوە بۆ من. بەخۆشحاڵییەوە هەرچییەکم بۆ بێتە پێش قبوڵی دەکەم. تەندروستی یان نەخۆشی، دۆستایەتی یان دوژمنایەتی، شادی یان خەفەت، هەمووی دیاریین لەلایەن خوداوەندەوە، من هەرگیز بەدبەخت نەبوومە.

تۆ ئارەزووی خۆشحاڵیت بۆ من کرد، من هەرگیز خەفەتبار نەبوومە، چونکە لەقوڵایی دڵمدا یەك ئاوات هەیە، ئەویش ژیان کردنە بەپێی ویستی خوداوەند و، من ویستی خۆم بەتەواوی داوەتە دەست ویستی خوداوەند و ویستی "ئەو" ویستی منە."

**"هێندەی فامی تۆ بچوك . . "**

ئەی هاوڕێ! خوداوەند بێ کۆتاییە و بێ کات و شوێن، بەڵام هێندەی فامی تۆ بچوك دەبێتەوە و هێندەی پێویستی تۆ دادەبەزێت و هێندەی ئارەزووی تۆ بەربلاو دەبێت و هێندەی باوەڕی تۆ کارساز دەبێت و هێندەی دڵی هیواداران گەرم دەبێت.

دەبێت بەباوکی هەتیوان، برای هەوجەدارانی برا، هاوسەری بێ هاوسەر ماوەکان، رۆڵەی وەجاخ کوێران، ئومێدی نائومێدان، رێی ونبووەکان، رووناکی بۆ لەتاریکیدا قەتیس بووەکان، شمشێری جەنگاوەرەکان، گۆچانی پیر و پەککەوتەکان، دەبێت بەعەشق بۆ هەوجەدارانی عەشق . . . خوداوەند دەبێت بەهەموو شت، بۆ هەموو کەس . . .

بەمەرجی باوەڕ

بەمەرجی دڵپاکی

بەمەرجی بێگەردی رۆح

بەمەرجی پارێز لەمامەڵە کردن لەگەڵ شەیتان.

دڵەکانتان لەهەر هەستێکی نارەوا بشۆرنەوە

و مێشکتان لەهەر ئەندێشەیەکی دژبەر

و زمانتان لەهەر وتارێکی ناپاك

و دەستەکانتان لەهەر تێوەگلانێکی بازاڕ

و پارێز بکەن لەناجوامێرییەکان، ناڕاستییەکان، ناپیاوییەکان!

وەها بکەن تاکو ببینن کە خوداوەند، چۆن بەقاپێکی پڕلە خۆراك و لەتە نانێك لەسەر سفرەی دڵی ئێوە دادەنیشێت و، وێڕای منداڵەکانتان جۆلانە دەکات و لەدوکانەکەتاندا تەرازووی ئێوە هەڵدەسەنگێنێت.

لەکۆلانە چۆڵەکانی شەودا هاوشانی ئێوە ئاواز دەڵێتەوە. . .

باشە چیتان لەژیان دەوێت،

کە لەخوداوەندی خودادا پەیدا نابێت و پەنا بۆ شەیتان دەبەن؟

کە لەعەشقدا پەیدا نابێت و پەنا بۆ کینە دەبەن؟

کە لەکردەوەی راستدا پەیدا نابێت و پەنا بۆ تاوان دەبەن؟

دڵەکانتان لەسوکایەتی کینە بەتاڵ بکەن و بەگەورەیی عەشق پڕی بکەنەوە.

چونکە عەشق وەکو هەڵۆ وایە. بەرز و بەرزتر دەفڕێت. . . بێ گوێدانە سوکایەتی دەروون.

کینە وەك سیسارکی بەرماوخۆرە. نزم و قورس دەفڕێت. جگە لەکەلاکی مردرابوو بیر لەهیچی تر ناکاتەوە.

*" وەرگیراو لەکتێبی: پیاوێك لەتاراوگەی هەتاهەتایی "*

**کاتێك کە ئەزموونە سەختەکان هەروەك**
**دیوارەکانی بەندیخانەن، من ئەو سوکە**
**کارەی لەدەستم دێت دەیکەم و، ئەویدی**
**بە "تۆ" دەسپێرم.**

*'F. W. Fiber'*

**' خوداوەند واتە ئومێد '**

مارتین لۆتەر ، دامەزرێنەری ئایینی پرۆتستان رووبەڕووی سەختی و رەنجێکی زۆر بێوە. رۆژێك هاوسەرەکەی بینی کەوا مێردەکەی نوقمی خەفەت و نائومێدی بووە.

ئەو ژنێکی تێگەیشتوو بوو ، هەر بۆیە لەگەڵ بینینی ئەو رەوشەی مێردەکەی جلی رەشی پۆشی و لەبەرامبەریدا وەستا. مارتین لۆتەر پرسی : بۆچی رەشت پۆشیوە؟

هاوسەرەکەی بەهێمنی وەڵامی دایەوە : نازانی کە ئەو مردووە؟

مارتین لۆتەر پرسی : کێ مردووە؟

هاوسەرەکەی وتی : خودا!

لۆتەر بەسەرسوڕمانەوە پرسی : چۆن دەتوانی وەها قسەیەك بهێنیتە سەر زمان؟ چۆن دەکرێت خودا بمرێ؟

هاوسەرەکەی جوابی دایەوە : ئەگەر خودا نەمردووە ، کەوابوو بۆچی تۆ ئەوەندە خەفەتبار و نائومێدی؟

مارتین لۆتەر دەست بەجێ دانی بەهەڵەکەی خۆیدا نا ، لەمڕووەوە زەردەخەنەیەك لەسەر لێوەکانی نیشت و وتی : بەڵێ، نائومێدی پیشەی شەیتانە!

"لەگەڵ خودا ڕۆژ دەست پێبکەن"

لەوانەیە ڕۆژانە لەگەڵ چەندین کەس چاوپێکەوتنتان هەبێت. بەڵام هەرگیز وادەی خۆتان لەگەڵ خودا فەرامۆش مەکەن. هەموو ڕۆژ نزا بکەن:

" خودایە! ڕێنماییم بکە، پیرۆزم بکە، بەکارم بهێنە، لەم دنیای ڕەنج و ئازارەدا بمکە بەئامرازێك بۆ یارمەتی خەڵك و باش بوونەوەی جیهان!"

هەموو ڕۆژ لەبەرەبەیاندا هەستن. هەوڵ بدەن لەکاتی دیاریکراودا، لەشوێنیکی جێگیر دابنیشن، چونکە ئەم کارە وادەی دیدار لەگەڵ خوداوەندە. ئەو کاتە بیرکردنەوەی مەعنەویتان دەست پێبکەن. چەندی فشاری کاری ڕۆژانە زیادیش بێت، هەرگیز وادەی ڕۆژانەتان لەگەڵ خودا فەرامۆش مەکەن. بەعەشق و مەیلێکی قوڵ چاوەڕێی کاتی پەیوەندی ڕۆژانەتان لەگەڵ خودا بن.

نزاکانی ئێمە بەبێ عەشق، بەرتەسك و بێ ناوەڕۆکە و بەرەو قووڵایی ناخمان نابات. لەقوڵایی ناخدا، خودا چاوەڕێی ئێمەیە. لەوێدا "ئەو" بەخۆشحاڵییەوە دەماندوێنێت و بوونی پیرۆزی خۆی بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات.

خوداوەند زۆر ڕاستەقینەترە لەهەموو ئەو شتانەی کە هەستەوەرە ماددییەکانی ئێمە دەرکی دەکەن. خودا بەدیدەی دڵ دەبینرێت و دەبیسترێت. بەڵام بۆ ئەو مەبەستە مەیلێکی دەروونی پتەو پێویستە. ڕاما کریشنا لەمبارەیەوە وتوویەتی: داوای خودا بکەن، هەروەك عاشق داوای مەعشوق دەکات یان وەکو هەژارێك کە پێویستی بەزێڕە. ئەوانەی کە وەها تینێکیان هەیە پیرۆزن، چونکە بەردەوام خودا، کە جوانی ڕاستەقینەیە دەبینن. لەگەڵ خودا ڕۆژ دەست پێبکەین.

*"ڕۆژانە بەرەو تۆ دێم"*

**" گەر نوح پشتیوانتە ترسی تۆفانت نەبێت "**

ئەم چیرۆکە لەبارەی شاخەوانێك دایە کە دەیویست لەبەرزترین شاخەکان سەرکەوێت. ئەو پاش چەندین ساڵ ئامادەکاری، دەستی بەکارەکەی کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی شانازی ئەم کارەی تەنیا بۆخۆی دەویست، بڕیاری دا تاك و تەنیا بەسەر شاخ کەوێت.

شەو، بەتەواوی بەرزاییەکانی شاخی داگرتبوو و کابرا هیچی نەدەبینی. هەموو شت ڕەش بوو. هەروا کە بەسەر شاخ دەکەوت، چەند هەنگاوێکی مابوو بۆ لووتکە پێی خلیسکا و لەشاخەکە هەڵدێردرا. لەکاتی کەوتنە خوار، هەموو ڕووداوە باش و خراپەکانی ژیانی بەبیر هاتەوە و، لەهەمان ساتی نزیکبوونەوەی لەمەرگ، لەناکاو هەستی کرد کە گوریسەکەی لەناوقەدیدا گرتیەوە. جەستەی لەنێوان ئاسمان و زەویدا هەڵواسرابوو.

لەو کاتەدا هیچ چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی هاوار بکات " خودایە یارمەتیم بدە " . لەپڕ دەنگێکی بەهێز لەئاسمانەوە بیسترا کە جوابی دایەوە:

- چیت لەمن دەوێت؟
- کابرا: خودایە ڕزگارم بکە.
- بەڕاستی باوەڕت بەوە هەیە کە دەتوانم ڕزگارت بکەم؟
- هەڵبەتە باوەڕم هەیە.
- ئەگەر باوەڕت هەیە گوریسەکەی ناوقەدت بپچڕێنە.

بۆ ساتێك بێدەنگی زاڵ بوو... شاخەوان بڕیاری دا کە بەهەموو هێزی خۆی بەگوریسەکەوە بگرێت. ڕۆژی دواتر تیمی فریاکەوتن شاخەوانێکی بەستوویان

دۆزیەوە کە جەستەی بەگوریسێکەوە هەڵواسرابوو و بەدەستەکانی قایم گوریسەکەی گرتبوو. ئەو تەنیا چەند سانتی مەترێك لەگەڵ زەوی مەودای بوو!

ئێوە چەندە بە گوریسەکەتانەوە پەیوەستن؟ ئایا ئامادەن بەری بدەن؟ لەبارەی خوداوەندەوە نابێ شتێك فەرامۆش بکرێت. هەرگیز مەڵێن کە ئەو ئێوەی فەرامۆش کردووە و یان جێی هێشتوون. هەرگیز وابیر مەکەنەوە کە ئەو ئاگاداری ئێوە نیە. لەبیرتان بێت کە ئەو هەمیشە بەدەستەکانی ئێوەی راگرتووە.

*کاتێك خوداوەند ئێوەی بەرەو لێواری هەڵدێر برد، بەتەواوی متمانەی پێ بکەن، چونکە یەکێك لەم دوو رووداوە روو دەدات: ئەگەر بکەون ئەو دەتانگرێتەوە، یان ئەوەتا فێرتان دەکات کە چۆن بفڕن.*

"خەون"

پیاوێك لەخەودا فریشتەیەكی بینی كە لەدەستێكیدا مەشعەل و، لەدەستەكەی تریدا ستڵێكی ئاو پێبوو و لەسەر شەقامێكی تاریك و روون دەڕۆیشت.

كابرا چووە پێشەوە و لەفریشتەی پرسی:

ئەم مەشعەل و ستڵی ئاوە بۆ كوێ دەبەیت؟

فریشتە جوابی دایەوە: دەمەوێت بەم مەشعەلە ئاگر بەردەمە بەهەشت و بەم ستڵە ئاوە ئاگرەكانی دۆزەخ بكوژێنمەوە، ئەو كات بزانم كێ بەڕاستی خودای خۆش دەوێت.

تێبینی: خوداوەند دەریایە و بەهەشت دڵۆپێكە لەم دەریا پان و بەرینە.

## "ڕۆژی چارەنووس"

ڕۆژی چارەنووس بوو. خودا گەردوونی دابەش دەکرد. خودا وتی: داوای شتێکم لێ بکەن، هەرچییەك بێت پێتان دەدەم... داوای پشکی خۆتان لەگەردوون بکەن، چونکە خودا بەخشندەیە.

هەرکەس هات و داوای شتێکی کرد. یەکێك باڵی فڕین و ئەوی تر پێی ڕاکردن، یەکێك جەستەیەکی زلی خواست و ئەوی تر چاوی تیژ، یەکێك دەریای هەڵبژارد و ئەوی تر ئاسمان.

لەم بەینەدا کرمێکی بچوك هاتە پێش و بەخودای وت: خودایە من شتێکی زۆرم لەم گەردوونە ناوێت، نە چاوگەلی تیژ و نە جەستەی گەورە، نە باڵی فڕین و نەپێی درێژ، نە ئاسمان و نە دەریا... تەنیا کەمێك لەخۆت... کەمێك لەڕووناکی خۆت بدە بەمن.

خودا کەمێك ڕووناکی پێ دا. ناوی ئەو بووبە گوڵەستێرە(کرمێك کە بەشەو دەترووسکێت).

خودا وتی: ئەوەی ڕووناکی هەیە، گەورەیە، تەنانەت ئەگەر هێندەی گەردیلەیەك بێت، ئێستا تۆ هەمان خۆرەتاوی کە هەندێك جار لەژێر گەڵایەکی بچوك خۆی دەشارێتەوە. ڕووی کردە ئەوانی تر و وتی: خۆزگە دەتانزانی کە ئەم کرمە بچوکە باشترین شتی خواست، چونکە جگە لەخوداوەندی خودا نابێ داوای شتێکی تر لەخودا بکرێت.

باشترین نزا ناوبردن نیە، كردەوەیە: تۆ بجولێوە خودا رۆزیت دەدات، رۆژی هەمان بەجێ هێنانە. بەهەر هەنگاوێك بۆ ئەنجامدانی كارەكانمان خودا و كائینات بۆ بەجێهێنانی خواستەكانمان زیاتر هان دەدەین.

"مەسعودلەعلی"

## "چەتری سوور"

لەكاتێكدا وشكەسالّی پێش دەكەوت و واپێدەچوو كە هەتاهەتایی دەبێت، ژمارەیەك جووتیاری ئەمریكای باكوور سەبارەت بە ئایندەی خۆیان نائومێد ببوون. باران نەك تەنیا بۆ بەروبومی كشتوكاڵی، بەڵكو بۆ مانەوەی خەڵكی شاریش بابەتێكی ژیانی بوو. كاتێك بارودۆخ خراپتر بوو، كەنیسەی ناوچەكەش خۆی خستە ناو مەسەلەكەوە. ئەوان بڕیاریان دا كە نزا بكەن و داوای باران بارین لەخودا بكەن.

هەموو خەڵكەكە لەكەنیسە كۆ بوونەوە. هەر كەسەو بەدوای دەرفەتێك دەگەڕا تاكو لەگەڵ هاوڕێ نزیكەكانی قسە بكات. قەشەی كەنیسە خەریكی هێور كردنەوەی ئامادەبووان بوو تاكو دەست بەكۆڕی نزا بكات، لەناكاو كچێكی بچوك سەرنجی ڕاكێشا كە لەڕیزی پێشەوە بەئارامی دانیشتبوو. روخساری ئەو كچە بەهۆی ورووژ دەدرەوشایەوە و چەترێكی سووری لەتەنیشت خۆی دانابوو. جوانی و بێگەردی ئەو كچە قەشەكەی خستە پێكەنین، چونكە پەی بەباوەڕی ئەو بردبوو. هیچ كەسێكی تر لەناو ئامادەبوواندا چەتری لەگەڵ خۆیدا نەهێنابوو.

هەموویان بۆ نوێژە بارانە هاتبوون. بـەڵام ئـەو کـچە چاوەڕوانی لـەخودا دەکـرد بەبارانێك کە پێویستی بوو جوابی بداتەوە.

**" نزای بەیانی و ئاهی شەو کلیلی خەزێنەی مەبەستە. "**

ژنێکی هەژار کە بەشوێن کەوتووی خودا دەناسرا و مێردەکەی تووشی شەلەلی هاتبوو، دڵنیا بوو کە خوداوەند ئەو بڕە پارەیەی بۆ دابین دەکات، کە بۆ خۆراك و دیارییەکانی ڕۆژی جەژن پێویستی بوو. ئەو چووە ناو فرۆشگایەك و پێداویستی ڕۆژی جەژنی منداڵەکانی لەفرۆشیارەکە داوا کرد.

کاتێك فرۆشیارەکە پرسیاری لێکرد کە چەندی پارە هەیە، ژنەکە جوابی دایەوە: " مێردەکەم چەندین مانگە نەخۆش کەوتووە. لەڕاستیدا هیچ پارەیەکم نیە کە بیدەم، تەنیا دەتوانم نزاتان بۆ بکەم. " فرۆشیار کە پیاوێکی بێ باوەڕ بوو بە تەشەر وتی: " نزاکەت لەسەر کاغەز بنووسە، بەئەندازەی کێشی نزاکەت دەتوانی خواردەمەنی ببەیت. "

ژنە دەست بەجێ کاغەزێکی لەجانتاکەی دەرهێنا و وتی: " ئەمە نزایەکی بچوکی منە کە دوێنێ شەو لەکاتێکدا سەیری مێردە نەخۆشەکەم دەکرد، نووسیم. " لەسەر کاغەزەکە نوسرابوو:

خودایە تۆ پەنای منی! تۆ ئەوەی بۆ جەژنی بەیانی
پێویست بێت دابینی دەکەیت، تەنانەت زیاتر
لەپێداویستی من، بەشێوەیەك کە لەگەڵ هەموو
منداڵە دەست کورتەکانم بەشی دەکەین.

کابرا نزاکەی خوێندەوە و پێکەنی، کاغەزەکەی لەسەر تەرازوو دانا و وتی: باشە، با ئێستا بزانین قورسایی ئەم کاغەزە بایی چەندە خۆراکە؟ ئەو بەسەرسوڕمانەوە بینی کە کاتێك کیسێك ئاردی لەوبەر تەرازووەکە دانا هیچ شتێك ڕووی نەدا، شتی تری خستە سەر تەرازوو، بەڵام هیچ قورساییەك دروست نەدەبوو. لەئاکامدا بەژنەی

وت : " نازانم ئەمڕۆ چی ڕوویداوە کە ئەم تەرازووە کار ناکات ، بەڵام من خاوەنی قسەی خۆمم ، هەرچییەکت پێویستە هەڵگرە ، وادیارە کاغەزەکەی تۆ لەهەموو شتومەکەکانی ئەم فرۆشگایە قورسترە . "

ژنەکە تەنیا بایی پێداویستی ڕۆژی جەژن ، شتی هەڵگرت و بەچاوی تەڕەوە سوپاسی فرۆشیارەکەی کرد و بەڕێ کەوت . لەدڵیەوە ستایشی خوداوەندی کرد کە هەموو هەوجەیەکی شوێنکەوتووانی دابین دەکات .

*" جی . پی . واسوانی "*

**هەرکات مرۆڤ هەنگاوێك بەرەو خودا بنێت**
**خودا زیاتر لەژمارەی وردە بەردەکانی جیهان**
**بەرەو مرۆڤ هەنگاو دەنێت.**

*" شاکتی گواین "*

## " خودا چاوەڕوانە. . . "

بەیانی ئەمڕۆ کە لەخەو هەڵسایت، سەیری تۆم کرد و هیوادار بووم کە قسەم لەگەڵدا بکەیت. تەنیا چەند وشە و، یان لەبەر ئەو رووداوە دڵخۆشکەرەی کە دوێنێ لەژیانتدا رووی دا سوپاسی من بکەیت. بەڵام تۆ سەرقاڵی لەبەر کردنی جل بووی.

کاتێك کە دەتویست لەماڵ دەرکەویت دەمزانی کە دەتوانی چەند خولەکێك بوەستیت و سڵاوم لێبکەیت، بەڵام تۆ زۆر سەرقاڵ بوویت. کاتێك کە پانزە خولەك بێهودە لەسەر کورسی دانیشتبووی و قاچەکانت رادەژاند، وامدەزانی کە دەتەوێت لەگەڵ مندا بدوێیت، بەڵام تۆ بەرەو تەلەفۆن رات کرد و پەیوەندیت بەیەکێك لەهاوڕێکانتەوە کرد تاکو باسی شتی بێ بایەخ بکەیت، من بەدرێژایی رۆژ خۆم گرت و سەیری تۆم کرد، بەڵام تۆ ئەوەندە سەرقاڵ بوویت کە هیچت بەمن نەووت.

کاتی خواردنی نانی نیوەڕۆ بینیت کە ژمارەیەك لەهاوڕێکانت بەرلە نان خواردن کەمێك لەگەڵ مندا دەدوێن، بەڵام تۆ وەها کارێکت نەکرد. دیسانیش کات ماوە و هیوادارم کە تۆ لەئاکامدا بمدوێنیت. رۆیشتیتە ماڵەوە و واپێدەچوو کە زۆر کار هەیە دەبێت ئەنجامیان بدەیت، دوای ئەنجامدانی چەند کارێك تەلەفزیۆنت هەڵکرد و کاتێکی زۆرت بەو بەسەر برد.

من دیسانیش بەسەبرەوە چاوەڕێ بووم تاکو دوای سەیر کردنی تەلەفزیۆن و نانی ئێوارەت قسەم لەگەڵدا بکەیت. کاتی خەوتن وامزانی زۆر هیلاکیت. دوای وتنی شەو باش بەخانەوادەکەت، خێرا بەرەو جێخەوەکەت رۆیشتی و خەوت لێکەوت. گرنگ نیە، لەوانەیە نەتزانیبێت کە من هەمیشە لەگەڵ تۆدام.

من زیاتر لەوەی تۆ بیزانیت، چاوەڕێم کرد، من تەنانەت دەمویست فێرت بکەم کە چۆن لەگەڵ کەسانی تردا بەسەبر و خۆگر بیت.

من، خۆشەویستی خۆم بۆ تۆ دەردەبڕم و هەموو رۆژ چاوەڕێم تاکو قسەم لەگەڵدا بکەیت.

گفتوگۆی یەك لایەنە چەندە سەختە!

زۆر باشە، تۆ جارێکی تر لەخەو هەڵسایت و منیش جارێکی تر بەهۆی عەشقێك کە لەبەرامبەر تۆدا هەمە، چاوەڕێت دەکەم. بەو ئومێدەی کە ئەمڕۆ کەمێك لەکاتی خۆت بەمن بدەیت. رۆژێکی باشت هەبێت.

*"هاوڕێی تۆ، خودا"*

## "ناپایەدار"

عاشقێك لەدەرگای ماڵی مەعشوقێکی دا.

جوابی بیست: کێیە؟

وتی: من.

دەنگێك لەپشت دەرگاوە وتی: بڕۆ کەس لەماڵەوە نیە.

لاوە ڕۆیشت و هەندێك خۆی لەعەشقدا پەژراند.

ساڵی دواتر گەڕایەوە و سەرلەنوێ لەدەرگای دا،

جواب هات کە کێیە؟ ئەمجارە وتی: تۆ

و دەرگا کرایەوە.

تێبینی: خودایە! "من" هیچم، ئەوەی هەیە تۆی، تەنیا تۆ. تۆ تاکانەیت. خودایە! بمکە بەئامرازێکی دەستی خۆت. من دەمەوێت ئیرادەی خۆم تێکەڵ بەئیرادەی تۆ بکەم. دەمەوێت ئامرازێك بم کە ئیرادەی تۆ لەڕێی منەوە بگاتە ئەنجام.

خودایە! دەمەوێت خواستی من خواستی تۆ بێت و مەبەستی من مەبەستی تۆ بێت. بەم چەشنە دڵنیا دەبم کە ژیانم بێ کەموکوڕی بووە.

"بەخشش"

من داوام لەخودا کرد هێز و توانام پێ بدات ؛

ئەو چەند کێشەیەکی هێنایە ڕێم تاکو بەهێز بم .

من داوام لەخودا کرد ژیری و زانستم پێ بدات ؛

ئەو چەند مەسەلەیەکی هێنایە بەردەمم بۆ ئەوەی شییان بکەمەوە .

من داوای بەختەوەری و پێشکەوتنم لەخودا کرد ؛

ئەو مێشك و هێزی ماسولکەی پێدام تاکو کار بکەم .

من داوام لەخودا کرد ئازایەتیم پێ ببەخشێت ؛

ئەو چەند مەترسییەکی لەژیانمدا دروست کرد تاکو بەسەریاندا زاڵ بم .

من داوام لەخودا کرد هاندەرێکم بۆ پەیدا بکات ؛

ئەو کەسانێکی بەمن پیشان دا کە پێویستیان بەیارمەتی بوو .

من داوام لەخودا کرد عەشقم پێ بدات ؛

ئەو کەسانێکی ئازار چەشتووی بەمن پیشان دا بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەم .

من داوام لەخودا کرد داهاتم زیاد بکات ؛

خوداوەند دەرفەتی وای بۆ ڕەخساندم تاکو سودیان لێ وەربگرم .

من هیچ یەك لەو شتانەم پێ نەبڕا کە لەخودام داوا کرد ؛

بەڵام ئەوەی پێویستم بوو پێی گەیشتم .

# ٣

## نهۆمی سێهەمی دۆزەخ

## سووتان و نەسازانی ژیان

*ژیان خۆی لەخۆیدا نە رەنج و مەینەتییە*
*و نە شادی و کامەرانی*
*ژیان زەمینەیەکی سپی نیگارکێشییە و مرۆڤ*
*دەبێ زۆر هونەرمەندانە لێی نزیك بێتەوە*

*"ئۆشۆ"*

**بۆچی ژیانی هەندێکان نموونە و سەرچەشنە و ژیانی هەندێکی تر مایەی پەند وەرگرتنە؟**

*"ئانتۆنی رابینز"*

**"بەهەشتی سەر زەوی"**

فەیلەسۆفێك بەهاوڕێیەتی قوتابییەکی لەدارستانێکەوە تێدەپەڕی. گەیشتنە ماڵێك کە هەرچەندە لەسەر زەوییەکی بەپیت بوو، بەڵام زۆر نەگبەتی دەهاتە بەرچاو. قوتابی وتی: لەم دیمەنەوە فێر بووم کە خەڵکانێکی زۆر لەبەهەشتدا دەژین، بەڵام خۆیان نازانن کە لەڕووی نەزانییەوە لەبارودۆخێکی نەگبەتیدا دەژین.

لەدەرگای ماڵەکەیان دا و دانیشتووانی ئەو ماڵە، ژن و مێردێك و سێ کوڕەکەیان هاتن بۆ پێشوازییان.

ئەوان جلوبەرگی شڕ و چڵکنیان لەبەردا بوو. مامۆستا بەباوکی خانەوادەکەی وت: ئێوە لەم دارستانەدا دەژین و پەیوەندییەکتان لەگەڵ کەسانی تردا نیە. چۆن گوزەران دەکەن؟ کابرا بەڕووخۆشییەوە جوابی دایەوە: هاوڕێی من، ئێمە مانگایەکمان هەیە کە ڕۆژانە شیرێکی زۆرمان پێ دەدات. بڕێك لەم شیرە لەشارەکانی دەوروبەر دەفرۆشین و یان بەخۆراکی تر ئاڵوگۆڕی دەکەین، ئەوی تر دەکەین بەپەنیر و کەرە و ماست، خۆمان بەکاری دەهێنین. بەم شێوەیە ژیانمان دەگوزەرێنین.

فەیلەسۆف سوپاسی کابرای کرد. چەند ساتێك لەماڵەکە ورد بۆوە و دوایی کەوتە ڕێ. لەڕێدا بەقوتابییەکەی وت: ئەو مانگایە بگرە و لەهەڵدێرێکەوە فڕێی بدە خوارەوە.

ـ بەڵام ئەم مانگایە تەنیا سەرچاوەی بژێوی ئەم خانەوادەیە.

فەیلەسۆف جوابی نەداوە. کورە کە هیچ چارەیەکی نەبوو فەرمانی مامۆستاکەی بەجێ گەیاند و مانگاکە لەقولایی دۆڵێکدا گیانی دا. ئەم دیمەنە لەزەینی کورەدا مایەوە.

دوای چەند ساڵێك کە ببوو بە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو، بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ ئەو ماڵە و هەموو شتێکیان بۆ روون بکاتەوە، داوای لێبوردن بکات و پارەیەکیان پێ بدا. بەڵام کاتێك گەیشت بینی کە ئەو ماڵە بووە بە کۆشکێکی زۆر جوان و درەختەکانی شکۆفەیان داوە، ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل لەوێ وەستاون و چەند منداڵ لەباخەکەیدا یاری دەکەن. سەری سوڕما. وایزانی ئەو خانەوادە هەژارە ماڵەکەیان فرۆشتووە. لەدەرگای دا و خزمەتکارێکی رووخۆش دەرگای کردەوە. پرسی: ئەو خانەوادەیەی کە دە ساڵ پێش ئێستا لێرە دەژیان بۆ کوێ رۆیشتوون؟ جوابی بیست کە هێشتا خاوەنی ئەو ماڵەن. کابرا شۆك بوو و رایکردە ژوورەوە. پیاوی خاوەن ماڵ ناسییەوە، پرسیاری رەوشی مامۆستاکەی لێکرد، بەڵام ئەو لەڕادەبەدەر تامەزرۆ بوو کە بزانێت چۆن ماڵەکەیان بەم شێوەیە دەرهێناوە و بەسەروەت و سامان گەیشتوون.

خاوەن ماڵ وتی: باشە، ئێمە مانگایەکمان هەبوو کە لەهەڵدێرێکەوە کەوت و مرد. بۆ بژێوی خانەوادە ناچار بووم سەوزەوات بچێنم. پێگەیشتنی سەوزە زۆری پێدەچوو. بۆیەش ناچار بووم دار بشکێنم و بیفرۆشم. کاتێك ئەم کارەم دەکرد دەبوایە لەشوێنی دارە بڕاوەکان داری تر بچێنمەوە. بۆ ئەمەش ناچار بووم نەمام بکڕم. لەکاتی کڕینی نەمام جلوبەرگی کوڕەکانم بەبیر هاتەوە و وتم لەوانەیە بتوانم کەتانیش بچێنم.

ساڵێك بەسەختی تێپەڕ بوو، بەڵام كاتی كۆكردنەوەی بەرهەم، ئیتر دەمتوانی سەوزەوات، گژوگیای بۆن خۆش و كەتان بفرۆشم. پێش مەرگی ئەو مانگایە هەرگیز بیرم لەوە نەكردبۆوە كە خاكی ئێرە چەندە بەپیتە.

تێبینی: ئێوە لەگەڵ كێڵگەی خۆتاندا چی دەكەن؟ ئەوەی دەیچێنن دەیدرروونەوە؟ ئێوە چیتان چاندووە؟

ژیان خاكێكی بەپیتە، هەموو دەرفەت و توانایەك خراوەتە بەردەستی ئێمە. دەكرێ بكرێت بەپارچە بەهەشتێكی ئاوەدان و سەوزەڵان لەسەر زەوی یان دەكرێ بكرێت بەزەوییەكی وشك و كاول. هەڵبژاردن بۆ ئێمەیە. هەموو شت بەستراوەتەوە بەبڕیارەكانی ئێمە.

**"گفتوگۆ"**

خونچە بەدڵێکی زویرەوە وتی :
ژیان واتە نەمانی زەردەخەنە لەسەر لێو
گۆشەگیری دڵ و دەروونە
گوڵ بەپێکەنینەوە وتی :
ژیان پشکوتنە
وتنەوەی رازە بەزمانی سەوز
گفتوگۆی خونچە و گوڵ لەناو باخچە
دیسانیش دەبیسترێت
بەڕاست تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە؟
کامیان راستیان وتووە؟
من وا بیر دەکەمەوە، گوڵ ئاماژەی
بەڕەمزی ژیانی راستەقینە کردووە
هەرچییەك بێت ئەو گوڵە
گوڵ یەك، دوو کراسی زیاتر
لەخونچە دڕاندووە.

*"قەیسەر ئەمین پوور"*

*خاك وێڕای دەوڵەمەند بوونی بێ ئەوەی شتێکی تیا بچێنرێت*
*وەدیهێنەر نابێت.*

**"ئاگە ماندینۆ"**

ڕۆژێك لەبەرچاو بگرن کە تیایدا هەست بە ڕەزامەندییەکی تەواو دەکەن، بەدڵنیاییەوە ئەمە ڕۆژێك نیە کە بە بەتاڵی بەسەرتان کردووە. بەڵکو، ئەمە ڕۆژێکە کە ئەوەی دەبوایە بیکەن ئەنجامتان داوە.

*"مارگارێت تاچەر"*

## "هەزار ساڵان"

دوو ڕۆژ بەرلە کۆتایی جیهان،

تازە پەی بەوە برد کە هەرگیز نەژیاوە. ڕۆژژمێرەکەی پڕ ببۆوە.

دوو ڕۆژ، تەنیا دوو ڕۆژی خەت لێنەدراو مابوو.

پەرێشان بوو و شپرز و تووڕە چووە لای خودا، تاکو ماوەی زیاتری لێ داوا بکات.

هاتوهەرای نایەوە، خودا بێدەنگ بوو. ئەو قیژاندی و ئاژاوەی دروست کرد، خودا بێدەنگ بوو.

لەکۆتاییدا دڵی گیرا و دەستی کرد بەگریان.

خودا بێدەنگییەکەی شکاند و وتی: ئازیزەکەم، ئێستا ڕۆژێکی تریش ڕۆیشت.

ڕۆژەکەت بەهاتوهاوار و ئاژاوە و قسەی ناڕێك لەدەست دا. تەنیا ڕۆژێك ماوە.

وەرە لانی کەم ئەم یەك ڕۆژەیان بژی.

-بەڵام بەڕۆژێك چی دەکرێت؟

خودا وتی: ئەو کەسەی چێژی یەك ڕۆژی ژیان تاقی بکاتەوە، وەکو ئەوە وایە هەزار ساڵ ژیابێت و، ئەوەی ئەمڕۆی خۆی ناقۆزێتەوە، هەزار ساڵیش بەکەڵکی نایەت.

ئەو کاتە پشکی یەك ڕۆژ ژیانی لەدەستی نا و وتی: ئێستا بڕۆ و بژی. لەگەڵ خۆیدا وتی: کاتێك کە بەیانیم نیە، ڕاگرتنی ئەم یەك ڕۆژە چ سودێکی هەیە، با ئەم تۆزە ژیانەش بەسەر بەرم.

ئینجا دەستی کرد بەڕاکردن، ژیانی پڕژاندە سەر سەروچاوی، ژیانی نۆشی و بۆنی پێوە کرد و، وەها کەوتە زەوق و خۆشی کە بینی دەتوانێت تا ئەوسەری دنیا رابکات، دەتوانێت باڵ بگرێت . . .

ئەو لەو یەك ڕۆژەدا تاوەری بەرەو ئاسمان بەرز نەکردەوە، نەبوو بەخاوەنی زەوییەك، پلە و پایەیەکی بەدەست نەهێنا، بەڵام لەهەمان یەك ڕۆژدا، دەستی بەسەر پێستی درەختا کێشا، لەسەر چیمەن خەوت، سەیری خاڵخاڵۆکەیەکی کرد، سەری بەرز کردەوە و هەورەکانی بینی.

سڵاوی لێکردن، کە بۆ ئەوان نەناسراو بوو.

لەقوڵایی دڵەوە نزای بۆ کردن، کە خۆشیان نەدەویست.

ئەو لەهەمان یەك ڕۆژدا لەگەڵ هەموو لایەك ئاشت بۆوە و پێکەنی سوك بوو، چێژی وەرگرت، لێوانلێو بوو، بەخشی، عاشق بوو، تێپەڕی و تەواو بوو.

ئەو لەهەمان یەك ڕۆژدا ژیا، بەڵام فریشتەکان لەڕۆژژمێری خودادا نووسیان: ئەمڕۆ ئەو کۆچی کرد، کەسێك کە هەزار ساڵ ژیابوو.

## "پەرتووکی ژیان"

ژیانی ئێوە وەك پەرتووکێك وایە.

لاپەڕەی ناونیشانی بەناوی ئێوەیە، پێشەکییەکەی ناساندنی ئێوەیە بەدنیا، لاپەڕەکانی گوزارشتی ڕۆژانەی هەوڵ و تەقەللاکان، چێژەکان و نائومێدییەکانی ئێوەیە.

ڕۆژانە بیرکردنەوە و کردەوەکانی ئێوە لەپەرتووکی ژیاندا تۆمار دەبێت.

لەهەر کاتژمێرێکدا کورتە مێژوویەك دروست دەبێت کە دەبێ بۆ هەمیشە بمێنێتەوە.

کەوابوو کارێکی وا بکەن کە لەبارەی پەرتووکی ئێوەدا بڵێن کورتە مێژوویەکە پڕلە ئامانجی باڵا، خزمەتی بێ بەرامبەر و کارکردی زۆر باش.

*"گرندویل کلیزەر"*

"بەدەست تۆیە"

ئاوازێك دەتوانێت "ساتێك" بەدی بهێنێت.
گوڵێك دەتوانێت زیندووکەرەوەی خەیاڵ بێت.
درەختێك دەتوانێت سەرەتای دارستانێك بێت.
باڵندەیەك دەتوانێت موژدەی بەهار بێت.
خەندەیەك دەتوانێت سەرەتای دۆستایەتی بێت.
لاواندنەوەیەك دەتوانێت باس لەسەرنج و هاودڵی بكات.
لاواندنەوەیەك دەتوانێت ئارامی رۆحێك بێت.
ئەستێرەیەك دەتوانێت ڕێ نیشاندەری كەشتییەك لەناو دەریا بێت.
وشەیەك دەتوانێت دەستنیشانكەری ئامانج بێت.
دەنگێك دەتوانێت چارەنووسی نەتەوەیەك بگۆڕێت.
تیشكێكی خۆر دەتوانێت ڕووناكی بەخشی ژوورێك بێت.
مۆمێك دەتوانێت ڕەوێنەری تاریكی بێت.
زەردەخەنەیەك دەتوانێت بەسەر خەم و خەفەتدا زاڵ بێت.
هەنگاوێك، دەستپێكی هەر گەشتێكە.
وشەیەك، دەستپێكی هەر دەقێكە.
ئومێدێكی نوێ توانای بەرزكردنەوەی وورەكانی هەیە.
نەوایەك دەتوانێت هەڵگری وتەیەكی ژیرانە بێت.
دڵێك دەتوانێت پەی بەڕاستی ببات.
ژیانێك دەتوانێت هۆكاری وەرچەرخان بێت.
دەبینیت، هەموو ئەمانە بەدەست تۆیە.

هەڵبژاردنی ئەوەی کە چۆن و لەکوێ دەمرن، دەسەڵاتی ئێوە نیە. تەنیا ئێوە دەتوانن بڕیار بدەن کە دەتانەوێت چۆن بژین.

*"جین بانز"*

**ژیانی خۆتان بەشێوەی شاکارێکی هونەری بنەخشێنن.**

*"ئانتۆنی رابینز"*

**"نەمر"**

یەکێك لەگەورەپیاوان دەگێڕێتەوە کە لەتەمەنی لاوێتیدا شایەتی گفتوگۆی باوکی لەگەڵ خواناسێك بووە.

خواناس بەباوکی وت: نیگەرانی کارەکانی ئێوەم. بەڕای ئێوە چ کاریگەرییەکتان لەسەر نەوەکانی داهاتوو دەبێت؟

باوکی جوابی دایەوە: من چیم بەنەوەی داهاتوو داوە؟ من کە هەرگیز چاوم بەوان ناکەوێت، کاتێك بمرم هەموو شت کۆتایی دێت.

ئەو لاوچاکە هەرگیز ئەم گفتوگۆیەی لەیاد نەکرد و بەهەموو ژیانی هەوڵی دا چاکەکاری بکات، یارمەتی دەوروبەر بدات و کاری خۆی بەعەشقەوە ئەنجام بدات. هەمووان دەیانزانی کە ئەو بەردەوام نیگەرانی کەسانی ترە.

کاتێك مرد زۆر شتی لەپاش خۆی جێهێشت کە لەبەرەو پێش بردنی رەوشی شارەکەیدا زۆر کاریگەر بوو. ئەو فەرمانی دابوو کە لەسەر کێلی گۆڕەکەی ئەم رستەیە دابتاشن:

تەمەنێك كە بەمەرگ كۆتایی بێت بێ بەهایە.

*" پائۆلۆ كۆئیلۆ "*

**كاتێك مەدالیا بەدەست دێنن كە ئەزموونی شەڕتان هەبێت.**

*" بیرۆكەكانی بەڕێوەبەرێتی "*

**" ئازایەتی "**

شەڕێكی گەورە لەنێوان دوو وڵاتدا هەڵگیرسابوو. چەند مانگێك لەدەستپێكی شەڕ دەرباز دەبوو و لێرە و لەوێ شەڕ بەردەوام بوو. سەربازەكانی هەردوولا شەكەت ببوون.

فەرماندەی یەكێك لەبەرەكانی ئەو جەنگە بەپلانێكی بنەڕەتی، تەمای هێرشێكی گەورەی بۆ سەر دوژمن هەبوو و، ئەو پلانە بەوەها سەرنج و كارامەییەك داڕێژرابوو كە فەرماندە لەسەركەوتنی هێزەكانی زۆر دڵنیا بوو، بەڵام سەربازەكان هیلاك و دوودڵ بوون.

فەرماندە، سەربازەكانی خۆی كۆ كردەوە و لەبارەی پلانی هێرشەكەی هەندێك ڕوونكردنەوەی بۆ دان. پاشان سكەیەكی لەگیرفانی دەرهێنا و وتی: ئەم سكەیە هەڵدەخەم، ئەگەر شێر هاتەوە سەردەكەوین و ئەگەر خەت بوو تووشی شكست دەبین. پاشان سكەكەی هەڵخست. سەربازەكان بەوردی خولانەوەی سكەكەیان خستبووە ژێر چاودێری تاكو گەیشتە سەر زەوی، شێر هاتبۆوە. هاواری شادی سەربازەكان بەرز بۆوە. بەیانی ئەو ڕۆژە بەهێزێكی نائاسایی هێرشیان كردە سەر

دوژمن و سەرکەوتن. پاش کۆتایی پێکدادان، جێگری فەرماندە هاتە لای و وتی: گەورەم ئایا بەڕاستی دەتانویست چارەنووسی وڵاتەکەمان بەخولانەوەی سکەیەك ببەستنەوە؟ فەرماندە پێکەنی و وتی: بەڵێ، سکەکەی پێ نیشان دا. هەردوو ڕووی سکەکە شێر بوو.

*"عەشقی بێ کۆت و بەند"*

## "چیرۆکی فینجانێك"

دایە گەورە و باپیرەیەك دەچنە فرۆشگایەك . ئەوان دەیانەوێت دیارییەکی جەژنی لەدایکبوون بۆ نەوەکەیان بکڕن . لەپڕ دایە گەورە چاوی بەفینجانێکی جوان دەکەوێت و روو لەباپیرە دەڵێت : "سەیر بکە لەو فینجانە جوانە ! "

باپیرە فینجانەکە هەڵدەگرێت و پاش سەیرکردنی دەڵێت : "تۆ راست دەکەیت ! ئەم فینجانە جوانترین فینجانە کە بەدرێژایی تەمەنم بینیومە . "

لەم ساتەدا شتێکی سەرنج راکێش روو دەدات . فینجانەکە دەست دەکات بەقسە کردن و پێیان دەڵێت : "زۆر سوپاسی پێداهەڵدانی ئێوە دەکەم ، بەڵام من هەمیشە ئاوها جوان نەبوومە . "

دایە گەورە و باپیرە کە سەریان سوڕمابوو لەقسە کردنی فینجانەکە ، لێی دەپرسن : "مەبەستت چییە کە هەمیشە ئاوها جوان نەبووی ؟ "

فینجان دەڵێت : "من پێش ئێستا ، گڵە سوورێکی ناشرین و شێدار بووم ، تاوەکو رۆژێك خانمێك بەدەستە تەڕ و قوڕاوییەکانی منی هەڵگرت و فڕێی دامە تەنیشت مەکینەی گۆزەسازی . ئینجا تا دەیتوانی مەکینەکەی سوڕاند تاوەکو سەرم گێژ بوو ، نەمدەتوانی پێش خۆم ببینم ، لەبەر ئەوە هاوارم کرد : "رایگرە ، رایگرە ! "

بەڵام خانمی گۆزەساز مەکینەکەی رانەگرت و وتی : "نا ، هێشتا زووە ! "

لەناکامدا رایگرت . بەڵام دوایی کارێکی کرد کە سەد خۆزگە بەکارەکەی پێشووی . منی خستە ناو ئاگردانێکەوە . جەستەم هێندە گەرم بوو کە ئیتر هێزم تێدا نەما و هاوارم کرد : "بەسە ئیتر ، سووتام ، سووتام . " بەڵام ئەو وتی : نا ، هێشتا زووە .

ئیتر کاتێك بیرم دەکردەوە وا خەریکە دەبرژێم منی لەئاگردانەکە دەرخست. پاشان منی دایە دەست خانمێکی کورتە بالاّ بۆ ئەوەی رەنگم بکات. هەڵم و هاڵاوێك کە لەرەنگەکانەوە دەهات تێکی دام. بەپاڕانەوە هاوارم کرد: بەسە ئیتر، وازم لێ بێنن.

بەڵام ئەو خانمەش وتی: "نا، هێشتا زووە!"

لەکۆتاییدا وازی لێ هێنام. بەڵام دواتر منی گەڕاندەوە بۆ شوێنێك کە پێشتر لێی بووم. مەبەستم ئاگردانەکەیە. ئەمجارە ئاگردان گەرمتر بوو. دووبارە هاوارم کرد: بمهێننە دەرەوە، بمهێننە دەرەوە! ئەو ژنەی کە لەوێ وەستابوو سەیری ناو ئاگردانەکەی کرد و وتی: "نا، هێشتا زووە!"

لەئەنجامدا ئەو خانمەش منی لەئاگردانەکە دەرخست و لەلایەك دایناوم تاکو فێنك ببمەوە. کاتێك کە بەتەواوی تینم دابەزی، کوڕێکی لاو لەگەڵ کا و چەند فینجانێکی تر خستمیە ناو سندوقێك. دوای ئەوەش خانمێکی جوانکیلە منی لەسندوقەکە دەرهێنا و لەناو سەبەتەیەکی لای ئاوێنەکە دایناوم.

کاتێك لەناو ئاوێنەدا خۆم بینی هێندەی نەمابوو لەخۆشحاڵی باڵ بگرم. ئەوەی دەمبینی جێی باوەڕ کردن نەبوو. ئیتر من ناشرین و شێدار و خۆڵاوی نەبووم. وەکو بەفر دەتروسکامەوە. پاك و لوس و پتەو ببووم. ئاه.. نازانن لەخۆشیان چەندە گریام. تەنیا لەو کاتەدا بوو کە تێگەیشتم ئەو هەموو دەرد و رەنجە بەهای خۆی هەبوو.

بەبێ ئەو هەموو دەرد و ئازارە ئێستا من هەمان گڵە سوورە ناشرین و شێدار و خۆڵاوییە بووم. ئێستا هەموو دەرد و رەنجەکان تێپەڕ بوونە، بەڵام بەرهەمەکەی کە ئەو جوانییەی ئێستامە هێشتا لەناخمدا ماوە.

*"یەکێك لەزنجیرە کتێبەکانی خۆراکی رۆح"*

## "سکە"

رۆژێك مێردمنداڵێك لەسەر شەقام سکەیەکی یەك سەنتی دۆزیەوە. ئەو زۆر دڵخۆش بوو کە بێ ماندوو بوون سکەیەکی دۆزیوەتەوە. ئەم ئەزموونە بووبە هۆی ئەوەی رۆژەکانی تری تەمەنیشی هەروا بەسەر بەرێت و، بەچاوی کراوە سەری شۆڕ بکاتەوە و بەدوای سکەدا بگەڕێت.

ئەو لەژیانیدا ٢٩٦ سکەی ١ سەنتی، ٤٨ سکەی ٥ سەنتی، ١٩ سکەی ١٠ سەنتی، ١٦ سکەی ٢٥ سەنتی، ٢ نیو دۆلاری و یەك پارەی کاغەزی گرمۆڵەی دۆزیەوە، واتە کۆی گشتی ١٣ دۆلار و ٢٦ سەنت.

بەڵام ئەو لەبەرامبەر بەدەست هێنانی ئەم سامانە، جوانی دڵڕفێنی ٣٩٣٩٦ هەڵاتنی خۆر، ١٥٧ درەوشانەوەی کۆلکە زێڕینە و دیمەنی درەختە بەرزەکانی لەدەست دا. ئەو هەرگیز چاوی بەو هەورە سپییانە نەکەوت کە لەبەرزایی ئاسمانەکاندا لەجوڵەدا بوون، فڕینی باڵندەکان، درەوشانەوەی خۆر و زەردەخەنەی هەزاران رێبوار، هەرگیز نەبوون بەبەشێك لەبیرەوەرییەکانی.

کات باهادارترین سکەی ژیانی ئێوەیە. تەنیا ئێوە بڕیار دەدەن کە چۆن کەڵکی لێ وەربگرن.

"جان دریدن"

ئەسپی رەسەن هەرگیز سەیری ئەسپی تر
ناکات، بەڵکو هەموو سەرنجی خۆی لەسەر
ئەوە ورد دەکاتەوە کە لەپێشبڕکێدا لەهەموو
ئەسپەکان خێراتر بێت.

*"هێنری فوندا"*

## "بەراورد"

دوو راوچی ئارەزووی راویان کرد و بەو مەبەستە بارگەیان تێکنا و بەرەو دارستان بەڕێ کەوتن. کاتێك مەودایەکیان بۆ گەڕان بەدوای راودا بڕی، لەپڕ گورگێکیان لێ پەیدا بوو کە بەرەورِوویان دەهات.

هەردوو راوچییەکە لەم پێشهاتە زۆر ترسان و بڕیاریان دا رابکەن. لەو کاتەدا یەکێکیان بۆ ساتێك تێڕاما و، دواتر خێرا کۆڵەپشتی و بارەکەی خۆی دانا تاکو سوکتر بێت و رای کرد.

راوچی دووەم کە لەم کارەی هاورێکەی تێنەگەیشت پێی وت: هەرچەندەی باری خۆت سوکتریش بکەیت، دیسان ناتوانیت لەگورگ خێراتر رابکەیت و لەئەنجامدا دەکەویتە داوی ئەو، کەوابوو سودی ئەم کارە چییە؟

راوچی یەکەم جوابی دایەوە: من نامەوێت لەگورگ خێراتر رابکەم و خۆمی لێ رزگار بکەم. مەبەستی من ئەوەیە کە لەتۆ خێراتر رابکەم و پێشت بکەوم! ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتوو بم ئەوا رزگار دەبم.

تێبینی: ژیان راوگە نیە، ژیان گۆڕەپانی پێشبڕکێ نیە. نە راوەدوونان و راکردنێك لەئارادایە و نە پێشبڕکێ هەیە. هەر مرۆڤێك بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی تایبەت و ناوازە

پێ دەنێتە گۆڕەپانی ژیان. هێڵی کۆتایی پێشبڕکێی ژیان بۆ هەر کەسێك جیاوازە. لەمڕووەوە بەراورد کردنی ژیانی هەر مرۆڤێك لەگەڵ ئەوانی تر مەحاڵە.

هەوڵ بدە لەباتی سەرنجدان بەکەسانی تر، لەخۆت ورد بیتەوە، پەیامی ژیانت بدۆزیتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە ڕۆژەکانت بەسەر بەریت. بەم چەشنەیە کە دەتوانی ژیانت بکەیت بەسەرکەوتنێکی گەورە. سەرکەوتن لەپێشبڕکێیەکدا کە هەموان دەتوانن بەیەکەوە پلەی یەکەم بەدەست بهێنن و براوە بن.

یەکێك لەهۆکارەکانی وەستانی گەشە "بەراورد کردن"ە.

سەردەمێك وام بیر دەکردەوە کە لەڕەوشێکی باش دام. چونکە خۆم لەگەڵ کەسانی ناسیاو بەراورد دەکرد. هەوڵ بدەن هەمیشە خۆتان لەگەڵ ئامانجەکانتان بەراورد بکەن، نەك لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارەکانتان. چونکە هەمیشە دەکرێت کەسانێك بدۆزینەوە کە ئاستیان لەئێمە نزمتر بێت. دەبێ بزانن تواناکانی ئێوە چییە و، ویستەکانتان چین، نەوەك ئەوەی کە کەسانی تر چییان کردووە چی دەکەن. هەمیشە کەسانێك هەن کە دارابیان لەئێوە کەمترە. ئەمانە هیچی پێوان نین. خۆتان تەنیا لەگەڵ ئامانجەکانتان بەراورد بکەن.

*"چاوپێکەوتن لەگەڵ چارەنووس، ئانتۆنی رابینز"*

"ئومێد" لەژیانی مرۆڤدا هێندەی باڵ
بۆ باڵندەکان گرنگە.

" ڤیکتۆر هۆگۆ"

## "چیرۆکی چوار مۆم"

چوار مۆم بەهێمنی دسووتان. کەشێکی وەها هێمن و بێدەنگ بوو کە دەکرا گوێ لەقسەکانیان بگیردرێت.

یەکەم وتی: من "ئاشتی"م، کەس ناتوانێت بۆ هەمیشە بەداگیرساوی رامبگرێت. من دڵنیام کە دەکوژێمەوە. هێندەی پێنەچوو کە بڵێسەکەی کەم بۆوە و کوژایەوە.

دووەم وتی: من "باوەڕ"م، بوونی من زۆر پێویست نیە، کەوابوو ئەوەندە گرنگ نیە کە من داگیرساو بم.

لەگەڵ تەواو بوونی قسەکەی، شنەبایەك هات و کوژاندییەوە.

مۆمی سێهەم بەدلگرانییەوە وتی: من "عەشق"م. من توانای سووتانم نەماوە. خەڵکی منیان بەلا ناوە و لەگرنگی من بێ ئاگان. ئەوان تەنانەت فەرامۆش دەکەن عەشقی خۆیان بۆ نزیکترین کەسیان دەربڕن.

زۆری پێنەچوو کە ئەویش کۆژایەوە.

لەپڕ منداڵێك هاتە ژوورەوە و لەگەڵ بینینی سێ مۆمی کوژاوە وتی: بۆچی کوژاونەتەوە؟ ئێوە دەبێ هەمووتان رۆشن بن و، پاشان بەهێمنی دەستی کرد بەگریان. لەم ساتەدا مۆمی چوارەم وتی: مەترسێ! تا ئەو کاتەی کە من هێشتا

دەدرەوشێمەوە دەتوانم مۆمەکانی تریش دووبارە دابگیرسێنمەوە. من "ئومێد"م. بەم شێوەیە هەموومان دووبارە دەتوانین بڵێسە بدەین.

منداڵەکە بەچاوی گەشەوە مۆمی ئومێدی هەڵگرت و مۆمەکانی تری پێ داگیرساندەوە.

زۆربەی هەلەکان دەرگای ماڵمان دەکوتن، بەڵام
تاوەکو ئێوە بتانەوێت زنجیری پشت دەرگاکە
بکەنەوە، کیلۆنەکەی بکێشن، دووجار قوفڵەکەی
کە داوتانە بیکەنەوە و دزگیرەکە بکوژێننەوە
ئیتر زۆر درەنگ بووە.

" ریتا کلۆلیج"

## " هەل "

پیاوێکی لاو ئارەزووی هاوسەرگیری لەگەڵ کچە جووتیارێکی جوانی هەبوو. چووە لای جووتیارەکە تاکو داوای کچەکەی بکات. جووتیارەکە بەمەبەستی خەملاندنی وتی: کوڕی باش، بڕۆ لەو پارچە زەوییەدا بوەستە. من سێ جوانەگا یەك لەدوای یەك بەرەڵلا دەکەم. ئەگەر بتوانی کلکی یەکێك لەو سێ گایە بگرێت ئەوا کچەکەمت دەدەمێ.

لاوەکە لەناو کێڵگەدا وەستا و چاوەڕێی یەکەم گا بوو. دەرگای تەویلە کرایەوە و گەورەترین و تووڕەترین گا رایکردە دەرەوە، کە بەهەموو تەمەنی یەکەم جار بوو شتی لەمجۆرە ببینێت. وای بیر کردەوە کە گای دووەم بژارێکی باشتر دەبێت، بۆیە خۆی لادا و هێشتی گاکە لەوێ تێپەڕێت و، دووبارە دەرگای تەویلە کرایەوە. زۆر سەیر بوو، بەدرێژایی ژیان گای وا گەورە و مەترسیداری نەبینیبوو. گای تووڕە سمەکانی بەزەویدا دەکوتا و خڕەخڕی دەکرد. کابرا بەخۆی وت سێهەم گا هەرچییەك بێت لەمە باشترە. بەرەو پەرژینەکان ڕۆیشت و ڕێگەی دا کە ئەم گایەش لە کێڵگە دەربچێت.

بۆ جاری سێهەم دەرگای تەویلە کرایەوە. خەندەیەك کەوتە سەر لێوەکانی لاوەکە. ئەمەیان لاوازترین، بچوکترین و کزترین گا بوو کە لەژیانیدا بیبینێت. ئەم گایە بۆ ئەو گونجاو بوو. لەکاتێکدا گاکە نزیك دەبۆوە، ئەو جێی خۆی خۆش کرد و لەکاتی پێویستدا خۆی هەڵدایە سەر پشتی، دەستی درێژ کرد... بەڵام گاکە کلکی نەبوو...!

تێبینی: ژیان پڕە لەو هەلانەی کە دەست بەسەردا گرتنیان ئاسانە. بەهرەمەند بوون لەهەندێکیان سادەیە و، هەندێکیش پێویستی بەجموجۆڵی زیاترە، بەڵام کاتێك کە بەئومێدی هەلی باشتر لەئایندەدا، رێگە بەو هەلانە دەدەین بێن و بڕۆن، ئەم دەرفەتانە لەوانەیە ئیتر نەگەڕێنەوە. بەم هۆیەش هەمیشە بەیەکەم دەرفەتدا بنوسێن و دەستی لێ هەڵمەگرن.

## "بانك"

وابزانن بانکێك هەیە کە بەیانی هەموو رۆژێك بڕی (٨٦٤٠٠) دۆلار دەخاتە حیسابەکەتانەوە و، بێ ئەوەی ئەم بڕە لەڕۆژانی تردا بگۆڕێت، ڕێگەتان پێ دەدات بە ئەندازەی دڵخواز پارەی لێ رابکێشن و لەکۆتایی رۆژدا، ئەوەی لەم بڕە پارەیە مابێتەوە لێتان وەردەگرنەوە.

چ کارێك ئەنجام دەدەن؟ بەدڵنیاییەوە لەهەموو پارەکە کەڵك وەردەگرن. هەر کەسەو وەها بانکێکی هەیە. ناوی ئەم بانکە "کات"ە. بەیانی هەموو رۆژێك (٨٦٤٠٠) چرکە متمانەتان پێ دەبەخشێت و هەموو شەوێك ئەم متمانەیە لەدەست دەچێت، تەنانەت ئەگەر نەتانتوانیبێت بەشێوەیەکی سودمەند کەڵکتان لەم متمانەیە وەرگرتبێت.

ئەم متمانەیە نەگۆڕە و هیچ گۆڕانێك بەسەر ڕێژەکەیدا نایەت. هەر رۆژە و حیسابێکی تازەتان بۆ دەکاتەوە و شەوانەش هەموو کارنامەی ئەو رۆژەتان دەسووتێنێت. ئەگەر ئێوە ناتوانن کەڵك لەئەسپاردەی رۆژانەتان وەربگرن، کێشە لای خۆتانە. هیچ رێیەکی گەڕانەوە لەئارادا نییە. ئێوە دەبێ بە ئەسپاردەی ئەمڕۆتان و لەکاتی ئێستادا بژین. بەچەشنێك سەرمایەگوزاری بکەن کە زۆرترین تەندروستی، شادومانی و سەرکەوتن بەدەست بێنن. زۆرترین کەڵك لەمڕۆتان وەربگرن.

مرۆڤێك كە بوێری بەفیڕۆدانی یەك كاتژمێری
تەمەنی خۆی هەبێت، پەی بەژیان نەبردووە.
*" چارلز داروین"*

**" ئەم كاروانی عومرە سەیر دێت و دەڕوات! "**

ئایا دەزانن كە ٧٠ ساڵ تەمەنی ئێوە چۆن دەڕوات؟

٢٥ ساڵ دەخەون،

٨ ساڵ دەخوێنن،

٦ ساڵ ماندوویيتان دەردەكەن،

٧ ساڵ بەپشوو و خۆشگوزەرانی،

٥ ساڵ لەگەڵ كەسانی تردا قسە دەكەن،

٤ ساڵ خواردن دەخۆن،

٣ ساڵ لەهاتووچۆدان،

كەوابوو بۆ كاری گرنگ و كاریگەر ١٢ ساڵ زیاترتان بۆ نامێنێتەوە. باشتر وایە كارە گرنگەكانتان بخەنە پێش هەر شتێك.

من تامەزرۆی ئایندەم، چونکە دەبێ
باقی ژیانمی تێدا بەسەر بەرم.
*" چارلز ئێف . کیتەرنیگ"*

## " ئاینده "

پیاوێك خەریك بوو تووشی نەخۆشی بیرچوونەوە دەبوو . بە مەبەستی راوێژ کردن سەردانی پزیشکێکی کرد و پزیشك پاش پشکنینی ورد پێی راگەیاند کە دەتوانێت بەنەشتەرگەری لەسەر مێشکی، بارودۆخی باشتر بکات و یادگەی بگەڕێنێتەوە رەوشی جارانی .

پزیشك رای وابوو : " هەر چۆنێك بێت دەبێ ئێوە ئاگادار بن کە ئەم نەشتەرگەرییە چەندە ئاڵۆز و هەستیارە . ئەگەر یەکێك لەهەستە دەمارەکان لەکار بوەستێت، ئەوا بەتەواوی نابینا دەبن . " بێدەنگییەکی رەها بەسەر ژوورەکەدا زاڵ بوو .

پزیشکی نەشتەرگەر کە لەهەوڵ دابوو ئەم بێدەنگییە ناخۆشە بشکێنێت، وتی :

" پێت باشە کامیانت هەبێت : بینایی یان یادگە؟ "

نەخۆشەکە بۆ هەڵبژاردنەکەی کەمێك تێڕاما و وتی : " بیناییم . لەبەر ئەوەی باشتر وایە ببینم کە بۆ کوێ دەڕۆم تاوەکو بەبیرم بێتەوە، بۆ کوێ رۆیشتووم . "

گەر گەوهەرێك لەدەست بڕوات لەسایەی کات دەکرێ بدۆزرێتەوە، گەر مرۆڤ "کات" لەدەست بدات بەهیچ گەوهەرێك ناتوانێت بیکڕێتەوە.

*"ئیرەج میرزا"*

بۆ زانینی بەهای یەك ساڵ

پرس و را بەقوتابییەك بکەن کە لەتاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ دەرنەچووە.

بۆ زانینی بەهای یەك مانگ

پرس و را بەدایکێك بکەن کە منداڵەکەی بەناتەواوی بووە.

بۆ زانینی بەهای یەك هەفتە

پرس و را بەسەرنووسەری هەفتانەیەك بکەن.

بۆ زانینی بەهای یەك رۆژ

پرس و را بەکرێکارێکی رۆژکار بکەن کە شەش منداڵی هەیە.

بۆ زانینی بەهای یەك کاتژمێر

پرس و را بەعاشقێکی چاوەڕوان بکەن.

بۆ زانینی بەهای یەك خولەك

پرس و را بەکەسێك بکەن کە فریای شەمەندەفەر نەکەوتووە.

بۆ زانینی بەهای یەك چرکە

پرس و را بەکەسێك بکەن کە لەڕووداوێکی دڵتەزێن رزگار بووە.

بۆ زانینی بەهای یەك لەسەر هەزاری چرکە

پرس و را بەبراوەیەکی مەدالیای زیو لەپێشبڕکێکانی ئۆلۆمپی بکەن.

*" حەوت خووی هەرزەکارانی کاریگەر"*

هەروەك یاری شەترەنج، بۆ داشە سەرەكییەكانی شا و وەزیر یان فیل یاری بكەن و، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، چوونە دەرەوەی پیۆنەكان گرنگییەكی ئەوتۆی نییە. زۆر وردبوونەوە لەسەر بابەتە لاوەكییەكان وا دەكات لەبابەتە سەرەكییەكان دوور بكەونەوە.

## " مراوییەكانی ژیانتان بژمێرن "

چەند مانگ لەمەوبەر تووشی گرفتێكی جەستەیی بووم كە لەوانەیە زۆربەی ئەو كەسانەی هاوتەمەنی منن رووبەرووی هەمان گرفت ببنەوە. دكتۆر پاش پشكنینی گشتی، هۆشداری پێدام كە هێڵی سووری رێگای تەندروستیم بەزاندووە و دەبێ بوەستم. پرسیم: مەبەستتان ئەوەیە كە واز لەكار كردن بهێنم؟ دكتۆر وتی: بەڵێ، یان ئەوەتا نیگەرانی لەمەڕ كارەكەت بوەستێنیت و، ئەوەشی وت كە زۆربەی خەڵك كار و پیشەكەیان نابێتە هۆی گرفتی جەستەییان، بەڵكو نیگەرانی و دڵەڕاوكە سەبارەت بەكارەكەیانە كە زۆر ئازاریان دەدات و، دیسانیش هۆشداری پێم دا كە دەبێ لەنیگەرانی و فشاری دەروونی دوور بكەومەوە.

نەمدەزانی چ بڕیارێك بدەم، تاوەكو چەند رۆژ دواتر لەسەروبەندی سەفەرێكی كاریدا، لەناكاو بڕیارم دا بچم بۆ راوە مراوی، كە زۆر تامەزرۆی بووم. من هەمیشە عاشقی ئەم كارە بووم، بەڵام سەرقاڵ بوون بەكار و ژیان ئەم دەرفەتەی بەمن نەدەدا.

لەیەكەم رۆژدا توانیم بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەر بگەمە ئاستی رێ پێدراوی راوی مراوی. واتە دە مراوی راو بكەم. لەڕۆژی دووەمدا كە دوا رۆژ بوو، تەنیا توانیم هەشت مراوی راو بكەم.

کاتژمێر ٤ ی پاش نیوەڕۆ بوو و من زۆر بەتین و نیگەران بووم. ئەوەندە نیگەران بووم کە بۆ دوو مراوی تر کەسانی دەوروبەرم ناچار کرد نەگەڕێنەوە وشکانی. لەو ساتەدا نیگەرانی من بۆ دوو مراوی لەئاستێکدا بوو کە شوێن پێی هەموو باڵندەکانم ون کرد. لەو ساتەدا تەنانەت نەمدەتوانی نەك مراوی، نەعامەیەکیش راو بکەم. لەپڕ هەستێك لەناخمدا دروست بوو و بەخۆم وت چەندە گەمژەم کە تەنیا بۆ دوو مراوی بێ نرخ ئەوەندە هەڵچووم و تووڕە بوومە، کەچی پێش ئێستا هەشت مراویم گرتووە. ئایا من هاتووم بۆ پێشبڕکێی راو؟

ئەو شەوە دیسان لەکاتی خەو لەگەڵ بەبیر هێنانەوەی ئەو بەسەرهاتە راستییەکی سەرسوڕهێنەرم دۆزییەوە. لەژیانی راستەقینەدا، من زیاتر لە هەشت مراویم هەبوو. لەتەمەنی ٤١ساڵی تاڕادەیەکی ماقوڵ بەئارەزووەکانم گەیشتبووم. دەستم کرد بەژماردنی ئەو شتانە کە هەمە.

١- هاوسەری باش

٢- منداڵەکانم کە مایەی شانازی بوون

٣- تەندروستی

٤- هاوڕێکانم

٥- گوزەرانی باش

٦- پەسندکراوی و ناوچاکی لەناو هاوکارەکانم

٧- تامەزرۆیی و سەرگەرمی جۆراوجۆر و زۆر

٨- روانگەیەکی ئومێدبەخش لەداهاتوو.

لەڕاستیدا ئەو دوو مراوییەی کە مابۆوە لەژیانمدا بریتی بوو لەدوو شت، یەکێکیان بڕە پارەیەکی زیاتر و داهات، ئەوی تریان خۆشەویست بوون، ناوبانگ و پلە بوو کە کەسانی تر هەیانبوو و من لێی بێبەش بووم.

ئایا ئەم دوو مراوییە ئەوەندە بەنرخ بوو کە تا ئاستی نزیک بوونەوە لەلێواری مەرگ خۆم ئازار بدەم؟ تێگەیشتم کە زۆربەی خەڵك لەتەمەنی مندا هەشت مراوییان هەیە. زۆربەیان هاوسەری باش، منداڵی باش، پلە و پایەی هێژا لەناو کەسانی تر، گوزەران و . . . هتد یان هەیە. کەوابوو بۆچی لەبەر دوو مراوی تر خۆیان ئازار دەدەن؟

لەو کاتە بەدواوە هەر جار لەشوێنی کارەکەم نیگەران و توڕە دەبم هەشت مراوییەکەم بەبیر دێتەوە. هەفتەی رابردوو کاتێك دکتۆر پشکنینی بۆ ئەنجام دام، وتی کە لەهێڵی سوور گەڕاومەتەوە. کەوابوو بەردەوام وەکو من مراوییەکانی ژیانتان بژمێرن.

" ریدەرز دایجەست"

## "خاوەن بانك و ماسیگر"

خاوەن بانکێکی ئەمریکی لای بەندەری کەنارەکە وەستابوو . لەو کاتەدا بەلەمێکی بچوك کە ماسیگرێکی تێدا بوو ، لەنگەری داخست . لەناو بەلەمەکە چەند ماسییەکی گەورە دەبینرا . کابرای ئەمریکی لەبەر چۆنیەتی ماسییەکانی پیرۆزبایی لە ماسیگر کرد و لێی پرسی کە گرتنی ماسییەکان چەندی خایاندووە .

٩٦

ماسیگر جوابی دایەوە : "ماوەیەکی کەم"

ئینجا کابرای ئەمریکی پرسی : "ئەی بۆچی زیاتر لەدەریا نەمایتەوە تاکو زیاتر ماسی راو بکەیت؟"

ماسیگر جوابی دایەوە : "هەر بەمەش زیاتر لەپێداویستی خانەوادەکەم هەیە ."

پاشان کابرای ئەمریکی پرسی : "چی لەکاتەکانی ترت دەکەیت؟"

ماسیگر جوابی دایەوە : "تا درەنگانێ دەخەوم ، کەمێك ماسی دەگرم ، لەگەڵ منداڵەکانم یاری دەکەم ، لای هاوسەرەکەم ماریا دەمێنمەوە و یارمەتی دەدەم ، ئێواران بەپیاسە دەچمە ناو گوندەکە ، ئاوی میوە دەخۆمەوە و لەگەڵ هاورێ ئیسپانیاییەکانم گیتار دەژەنم ، ژیانێکی تێر و تەسەل و هەمەرەنگم هەیە ."

کابرای ئەمریکی بەتانە وتی : "من بڕوانامەی زانکۆی هارواردم هەیە لەبەشی ئابووری و ، دەتوانم یارمەتی تۆ بدەم . دەبێ کاتێکی زیاتر بۆ ماسی گرتن تەرخان بکەیت و بەپێشکەوتن لەکارەکەتدا بەلەمێکی گەورەتر بکڕیت . بەیارمەتی ئەو بەلەمە گەورەیە دەتوانی چەند بەلەمی تر بکڕیت . لەئاکامدا پاپۆڕێکی گەورەت دەبێت پڕلە بەلەمی ماسی گرتن . لەباتی ئەوەی راوەکەت بەدەلاڵە فرۆشیارەکان بدەیت ، راستەوخۆ بە بەکارهێنەری دەفرۆشیت و ، سەرەنجام کارگەیەکی گەورەی ماسی قوتو دەکەیتەوە و کاری بەرهەمهێنان و گەیاندن لەئەستۆ دەگریت . ئەو کاتە پێویستە ئەم

لادێ بچوکە تەرك بکەیت و بڕۆیت بۆ شار ، پاشان بۆ لۆس ئەنجلێس و دواتر بۆ نیۆیۆرك دەڕۆیت . لەوێ سەرقاڵی پەرەپێدانی بازرگانی دەبیت .

ماسیگر پرسی : " هەموو ئەمانە چەند دەخایەنێت ؟ "

کابرای ئەمریکی جوابی دایەوە : " پانزە تا بیست ساڵ "

پیاوی ماسیگر پرسی : " ئەی دوای ئەوە چی دەبێت ؟ "

کابرای ئەمریکی پێکەنی و وتی : " باشترین بەشی داستانەکە لێرەدایە .

ئەو کاتە ، لەموزایەدەیەکی گەورە بەشدار دەبیت و پشکی کۆمپانیاکەت بەخەڵك دەفرۆشیت و دەوڵەمەند دەبیت . تۆ دەبیت بەملیۆنەر . "

" ملیۆنەر ؟ ئەی دوای ئەوە ؟ "

" ئەو کاتە خانەنشین دەبیت . دەچیت بۆ گوندێکی گەشتیاری و لەوێ ، تا درەنگانێ بەدڵی خۆت دەخەویت ، کەمێك ماسی دەگریت ، لەگەڵ نەوەکانت یاری دەکەیت ، لای هاوسەرەکەت دەمێنیتەوە ، ئێواران لەناو گوندا پیاسە دەکەیت ، ئاوی میوە دەخۆیت و لەگەڵ هاورێکانت گیتار دەژەنی . "

" بەڵام ئەمە هەر ئەو کارەیە کە ئێستا خەریکی ئەنجامدانیم . . . !! "

**کلیلی سەرکەوتن، توانای بینینی کاریگەری کردەوەکانی ئەمڕۆمان لەئایندەدایە.**

*"ئانتۆنی رابینز"*

**"پێشبینی"**

یەکێك لەگەورەترین پاڵەوانەکانی یاری "هاکی سەر سەهۆڵ"ی ئەمریکا ناوی "واین گرتسکی"ە. ناوبراو لەمێژووی وەرزشی هاکی ئەم وڵاتە زیاتر لەهەر کەسێکی تر ئیمتیازی بەدەست هێناوە.

چ هۆکارێك ئەو پیاوەی هێندە بەهێز کردووە؟ ئایا ئەو گەورەترین، بەهێزترین و خێراترین یاریزانی هاکیە؟ بەپێی دان پێدانانی خۆی، وەڵامی هەرسێ پرسیارەکە "نەخێر"ە. ئەو پیاوە لەچاوپێکەوتنێك، رەمزی سەرکەوتنی خۆی بەم جۆرە باس دەکات:

کاتێك هەموو یاریزانەکان بەرەو لای خاڵێك دەڕۆن کە تۆپەکە لەوێیە، من بەرەو خاڵێك دەڕۆم کە تۆپەکە دوای چەند ساتێك دەگاتە وێ. لەڕاستیدا لەهەر ساتێکی یاریدا، هێزی پێشبینی ئەو لەبارەی خێرایی و شوێنی تۆپ، پلانی یاریزانەکانی بەرامبەر و جوڵەی جەستەییان دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەباشترین ئاستی بەدەستهێنانی ئیمتیازدا بێت.

**تێبینی:** ناتوانین بەپێوەرەکانی "دوێنێ"مان بژین و چاوەڕێی ئەوە بکەین کە "ئەمڕۆ" براوە بین. دەبێ پێشبینی پێوەرەکانی "سبەی" بکەین و بزانین چۆن دەتوانین هەر ئێستا کاریان پێ بکەین. بەم چەشنە دەتوانین لەیاری ژیاندا براوە بین.

مانەوە پێویستی بەپێشبینی پێداویستییەکانی سبەی هەیە. ئەگەر باڵندە کۆچەرەکان دەستپێکی وەرزی سەرما پێشبینی نەکەن لەسەرمان و برسیەتی دەمرن. ئەوەی وا لەباڵندەکان دەکات کە جوڵە – کۆچ – بکەین، دیتنی ئایندەیە. کۆمەڵی باڵندەکان ئاگاداری هاتنی سەرما و سۆڵە. بۆ دیتنی بەهار دەبێ بفڕن.

چارەنووسی ئێمە بەرهەمی ئەو بڕیارە بچوکانەیە کە ڕۆژانە دەریدەکەین.

*"ئانتۆنی رابینز"*

## "گۆڕان"

ئەگەر بۆقێکی ژیر هەڵبگرن و بیخەنە ناو مەنجەڵێك ئاوی کوڵاو بۆقەکە چی دەکات؟ دەپەڕێتە دەرەوە. لەڕاستیدا بۆقەکە خێرا دەگاتە ئەو ئەنجامە کە چێژ و خۆشییەك لەئارادا نیە و دەبێ بڕوات! ئێستا ئەگەر هەمان بۆق یان یەکێك لەخزمەکانی هەڵبگرن و بیخەنە ناو مەنجەڵێك ئاوی سارد و دوایی مەنجەڵەکە لەسەر ئاگر دابنێن و وردە وردە تێنی زیاد بکەن، بۆقەکە چی دەکات؟ دەحەسێتەوە. . . و دوای چەند خولەك بەخۆی دەڵێت: وادیارە ئاو گەرم بووە! لەگەڵ چاوتروکاندنێك بۆقێکی کوڵاو ئامادەیە.

تێبینی: ئایا ئەگەر سبەی بەیانی لەخەو هەستن و ببینن کە بیست کیلۆگرام قەڵەو بوونە نیگەران دەبن؟ دەشڵەژێن و تەلەفۆن بۆ نەخۆشخانە دەکەن: هەلەو، بەشی فریاکەوتن، یارمەتی، یارمەتی، من قەڵەو بوومە! بەڵام ئەگەر هەمان ڕووداو وردە وردە و لەسەرخۆ ڕوو بدات، کیلۆگرامێك ئەم مانگە، کیلۆگرامێك مانگی داهاتوو و. . . ئایا دیسانیش هەمان کاردانەوەتان دەبێت؟ نەخێر! بەخەمسارییەوە لێی دەگوزەرێن. ئێمە بەجارێك قەڵەو نابین، بەجارێك پیر نابین، پەیوەندییەکان بەجارێك هەڵناوەشێنەوە، بەجارێك نەخۆش نابین، گۆڕان لەژیاندا بەرە بەرە دروست دەبێت، گۆڕانکارییەکان بەهێمنی ڕوو دەدەن. ئەوەی ئێمە بەتەمەنێك و

ژیانێك ناوی دەبەین، بەرهەمی کۆی ئەو ئەمڕۆ و بەیانییانەیە کە ئێمە بەئاسودەیی بەلایاندا تێدەپەڕین و گرنگییان پێ نادەین. دەبێ لەبەرامبەر گۆڕانکارییە بچوکەکان و رووداوەکانی هەر رۆژێك کە تێدەپەڕێت وشیار و ئاگادار بین، چونکە گۆڕانکارییەکان بەهێمنی روو دەدەن، دەرفەتەکان بەهێمنی تێدەپەڕن و کاتێك ئێمە هەستیان پێ دەکەین کە زۆر دەرنگ بووە و ئیتر دەرفەتێك نەماوە.

وشەکان بەهێزترین دەرمانن کە
مرۆڤ بەکاری هێناوە.
*"رودیار کیپلینگ"*

**"هونەری سیحراوی خواردنەوەی هەشت پەرداخ ئاو"**

بەرلە خواردنەوەی ئاو رۆژانە ئەم رستانەی خوارەوە بەوزە و هێزەوە دووپات بکەنەوە:

**پەرداخی یەکەم دوای لەخەو هەستان (بەرەبەیان)**

خودایە، سوپاس بۆ تۆ کە جارێکی تر هەڵهاتنی خۆرت بۆ من کرد بەدیاری.
بەڵێن دەدەم ئەمڕۆ بۆ هەر شوێنێك بڕۆم خۆشەویستی ببەخشم، تەنانەت بەزەردەخەنەیەك.
یارمەتی من بدە، تاکو ئەمڕۆ بکەم بە رۆژێکی بێ هاوتا.

**پەرداخی دووەم نزیك دەی بەیانی**

شانازی دەکەم کە لەمڕۆوە پاکترین مرۆڤی سەر زەویم

**پەرداخی سێهەم نزیك دوانزەی نیوەڕۆ**

خودا هەمیشە ئاوڕی لەمن داوەتەوە

**پەرداخی چوارەم دوای نانی نیوەڕۆ**

خودایە، سوپاس بۆ تۆ، بۆ ئەو شتانەی بەمنت بەخشیوە
و خەزێنەی غەیبی خۆت بەڕووی من و خانەوادەکەمدا کردۆتەوە.

**پەرداخی پێنجەم کاتژمێر چواری ئێوارە**

عەشقی خوداوەند هەر ئێستا دەوڵەمەند و بەتوانام دەکات .

**پەرداخی شەشەم کاتژمێر شەشی ئێوارە**

سەیری هەر لایەك دەکەم سەرکەوتن زەردەخەنەم بۆ دەکات .

**پەرداخی حەوتەم پێش نانی شەو**

هەموو رۆژ ، لەهەر روویەکەوە باشتر و باشتر دەبم .

**پەرداخی هەشتەم پێش خەوتن**

خودایە ، سوپاس بۆ تۆ کە رۆژێکی ترت بۆ من کرد بەدیاری .

ئاشتی لەجیهاندا بەرقەرار بکە . خۆم و خانەوادەکەم بەتۆ دەسپێرم ،

ئەی دلۆڤانترینی دلۆڤانان .

خەوێکی هێمنم بۆ بکە بەدیاری کە من عاشقی تۆم .

ئەم رستانە هاوکات لەگەڵ خواردنەوەی ٨ پەرداخ ئاو بۆ ماوەی ٢١ رۆژ دووپات بکەنەوە و بزانن چۆن خۆتان و ژیانتان دەگۆڕێت .

*"گۆڤاری سەرکەوتن"*

## نهۆمی چوارەمی دۆزەخ

### هەر شوێنێك عەشقی لێ نەبێت ئەو شوێنە دۆزەخە

لەنێوان کەسێك کە عاشقە و کاتێك کە ئەو عەشقی
نەدەناسی هەمان جیاوازی هەیە کە لەنێوان
دوو چرای خامۆش و رۆشن بەدی دەکرێت ،
چرا لەوێیە ، بەڵام ئەمجارەیان دەدرەوشێتەوە .
ئەمە کارکردی راستەقینەی عەشقە
*" ونسان وەن گۆك "*

من جگە لەتۆ کەسم نیە ئەی عەشق
خۆم بەتۆ دەسپێرم...

" فەریدون موشیری"

## " گەر عەشق نەبێت. . . "

عەشق هۆکار و واتای ژیانە
گەر عەشق نەبێت، ژیان بێ واتایە.
عەشق، ئاشتی، ئارامی و دڵنزمییە.
گەر عەشق نەبێت، جیهان دەبێت بەگۆڕەپانی زۆرانبازی مرۆڤەکان.
عەشق زمانی گفتوگۆی خوداوەندە لەگەڵ مرۆڤەکاندا.
گەر عەشق نەبێت، ئێمە چۆن گوێمان لەدەنگی خوداوەند دەبێت؟
عەشق چارەسەرە، گەر عەشق نەبێت،
کێ رەنج و ئازارەکانمان هێور دەکاتەوە؟
عەشق، رووناکییە، گەرمییە، گەر عەشق نەبێت،
هیچ خۆرێك گەرمابەخش و رووناکی بەخش نابێت.
عەشق، گەورەترین گەورەییە، جوانترین جوانی و راسترین راستییە.
گەر عەشق نەبێت ژیان داماڵراوە لەهەر چەشنە گەورەیی، جوانی و راستییەك.
عەشق تێکەڵەیەکە لەهەموو ئەو شتانەی کە بۆ بەختەوەری پێویستمانە.
گەر عەشق نەبێت،
چارەنووسی مرۆڤ، رۆژی رەش و بەدبەختییە.
کاتێك عەشق کۆتایی دێت، دۆزەخ دەست پێدەکات.

" مەسعود لەعلی"

**هەرکات وات بیر کردەوە تاوانی کەسێك ئەوەندە گەورەیە کە ناتوانیت بیبەخشیت بزانە ئەوە بەهۆی بچوکی رۆحی تۆیە نەك گەورەیی تاوانی ئەو.**

## "بەخشین"

یەکێك لەسەربازەکانی ناپلیۆن کەسێکی کوشت، لەئەنجامدا سزای مەرگیان بەسەردا سەپاند. رۆژی لەسێدارەدان گەیشت. دایکی سەربازەکە دەپاڕایەوە کە لەتاوانی منداڵەکەی چاوپۆشی بکەن.

– خانم! کردەوەی کوڕەکەی ئێوە شایەنی بەخشین نیە.

– دەزانم، ئەگەر شایەنی بەزەیی بوایە خۆ پێویستی بە بەخشین نەبوو. واتای بەخشین ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێت بگاتە ئەوپەڕی تۆڵە یان دادوەری.

کاتێك ناپلیۆن گوێبیستی ئەم رستانە بوو، فەرمانی دا سزای لەسێدارەدان بگۆڕن بۆ دوورخستنەوە.

## "شوشە یان ئاوێنە؟"

لاوێکی دەوڵەمەند چووە لای مامۆستاکەی و داوای ئامۆژگارییەکی لێکرد بۆ ژیانێکی باش. مامۆستای رۆحانی بردیە لای پەنجەر و پرسی: "لەپشت پەنجەرەکەوە چی دەبینیت؟"

– "ئەو مرۆڤانەی کە دێن و دەڕۆن و سواڵکەرێکی کوێر کە لەسەر شەقام سواڵ دەکات."

دواتر ئاوێنەیەکی گەورەی پیشان دا و دووبارە پرسی: "سەیری ناو ئاوێنەکە بکە و دوایی بڵێ چی دەبینیت؟"

– "خۆم دەبینم."

ئیتر ئێستا کەسانی تر نابینیت! ئاوێنە و پەنجەرە هەردووکیان لەیەك مادەی سەرەتایی دروست کراون، "شوشە". بەڵام لە ئاوێنەدا، رووکەشێکی ناسکی زیو لەپشتی دراوە و تیایدا جگە لەخودی خۆت هیچی تر نابینیت. ئەم دوو شتە کە لەشوشە دروست کراون بەیەکەوە بەراورد بکە. کاتێك شوشە هەژار بێت، کەسانی تر دەبینێت و خۆشەویستییان بۆ دەردەبڕێت؛ بەڵام کاتێك بە زیو (سامان) دادەپۆشرێت، تەنیا خۆی دەبینێت. تەنیا کاتێك بەهاداریت کە ئازا بیت و ئەو رووکەشە زیوە لەپێش چاوەکانت هەڵگریت، تاکو جارێکی تر بتوانی کەسانی تر ببینیت و خۆشەویستی خۆتیان بۆ دەربڕیت.

باشترین کەس لەناو خەڵکدا ئەو کەسەیە
کە بۆ خەڵک سودبەخشتر بێت.

"حەزرەتی محەمەد (ص)"

ئێمە پێویستمان بەیەکترە، هیچ مۆمێک بە
داگیرساندنی مۆمێکی تر ناکوژێتەوە.

"جیمز کلێر"

## "زنجیری عەشق"

پاش نیوەڕۆی ڕۆژێك، کاتێك بە ئۆتۆمبیلەکەی خێرا دەڕۆیشت کە بگاتەماڵەوە، ژنێکی بەتەمەنی بینی کە هەوڵی دەدا بیوەستێنێت. ئۆتۆمبیلی ژنەکە پەنچەر بوو. ژنەکە ترسابوو و لەناو بەفر دا وەستابوو، ئەویش پێی وت:

– خانم من هاتووم بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدەم. ناوی من "جۆو"ە.

– من لە سەن لوئیزەوە دێم. لێرەوە تێدەپەڕیم.

لانی کەم سەد ئۆتۆمبیل بەلامدا تێپەڕیوە، ئەمە بەڕاستی لوتفی ئێوە بوو.

کاتێك جۆو تایەکەی گۆڕی و دەرگای سندوقی دواوەی داخست و ئامادەی ڕۆیشتن بوو، ژنە پرسی: من دەبێ چەندە بەئێوە بدەم و، ئەو وەهای بەژنەکە وت: ئێوە هیچ قەرزداری من نین. منیش لەوەها بارودۆخێکدا بووم و، ڕۆژێك کەسێك یارمەتی منی دا، بەهەمان شێوە کە من یارمەتی ئێوەم دا. ئەگەر دەتانەوێت قەرزەکەی من بدەنەوە، دەبێ هەمان کار بۆ کەسانی تر بکەن. مەهێڵن زنجیری عەشق بەئێوە کۆتایی بێت.

چەند مایلێك لەپێشتر، ژنە چاوی بە کۆفییەکی بچوك کەوت. چووە ناوەوە تاکو شتێك بخوات و دواتر درێژە بە ڕێگەکەی بدات، بەڵام نەیتوانی، بێ سەرنجدان بەو ژنە خزمەتکارە تێپەڕێت، کە دوو گیان بوو و لەبەر هیلاکی لەسەر پێی خۆی نەدەوەستا.

ئەو چیرۆکی ژیانی خزمەتکارەکەی نەدەزانی و بەئەگەرێکی زۆر قەتیش نەیدەزانی. کاتێك خزمەتکارەکە ڕۆیشت تاکو باقی سەد دۆلارەکەی بۆ بهێنێت، ژنە لەدەرگا چوبووە دەرەوە، لەکاتێکدا یادداشتێکی لەسەر سفرەی مێزەکە جێ هێشتبوو.

کاتێك خزمەتکار نووسراوەکەی خوێندەوە فرمێسك لەناو چاوەکانیدا کۆ بۆوە. یادداشتەکە ئەمە بوو:

ئێوە هیچ قەرزداری من نین. منیش لەوەها بارودۆخێکدا بووم و، ڕۆژێك کەسێك یارمەتی منی دا، بەهەمان شێوە کە من یارمەتی ئێوەم دا. ئەگەر دەتانەوێت قەرزەکەی من بدەنەوە، دەبێ هەمان کار بۆ کەسانی تر بکەن. مەهێڵن زنجیری عەشق بەئێوە کۆتایی بێت.

ئەو شەوە کاتێك کە ژنە خزمەتکارەکە لەسەر کار گەڕایەوە بۆ ماڵ، لەکاتێکدا بیری لەو پارەیە و یادداشتی ژنەکە دەکردەوە، لەناوجێ لای مێردەکەی درێژ بوو و بەهێمنی لەبن گوێی چرپاندی: هەموو شت بەرەو باشی دەڕوات، خۆشم دەوێیت "جۆو".

ئارەزوومە کە تا دوا هەناسە، بوونێکی سودبەخشم بێت و، ئەو کاتە بمرم کە ئیتر خزمەتێکم پێ نەکرێت.

" بەرنارد شاو"

110

**" پێڵاو "**

پیرەپیاوێـك بـە شـەمەندەفەر سـەفەری دەكـرد. بـەهۆی كەمتەرخـەمی، تاكێـك لەپێڵاوە وەرزشییەكەی لەپەنجەرەی شەمەندەفەرەكە كەوتە خوارەوە.

گەشتیارەكانی تر بۆی بەداخـەوە بـوون، بـەڵام پیرەپیـاو بـێ دەستەوەسـتان تاكـە پێڵاوەكەی تریشی هەڵدا خوارەوە. هەمووان سەریان سوڕما.

پیرەپیاو وتی كە تاكە پێڵاوێكی نوێ بەكەڵكی من نایـەت، بـەڵام ئەگـەر كەسـێك لەدەرەوەی شەمەندەفەرەكە جووتێك پێڵاوی نوێ بدۆزێتـەوە ئـاخۆ چـەندە دڵخـۆش دەبێت!

**تۆم خۆش دەوێت نەك بەهۆی كەسێتی تۆوە، بۆ كەسێتییەك كە لەكاتی لەگەڵ تۆدا بوون دەیدۆزمەوە.**

*"گابریەل گارسیا ماركز"*

## "هاوڕێی ئاسایی، هاوڕێی راستەقینە"

هاوڕێی ئاسایی هەرگیز ناتوانێت گریانی تۆ ببینێت
هاوڕێی راستەقینە شان و ملی لەگەڵ گریانی تۆ تەڕ دەبێت

هاوڕێی ئاسایی ناوی دایك و باوكی تۆ نازانێت
هاوڕێی راستەقینە لەوانەیە ژمارە تەلەفۆنەكانیانی لەشوێنێك یاداشت كردبێت

هاوڕێی ئاسایی یەك كیلۆ شیرنی دێنێت بۆ میواندارییەكەت
هاوڕێی راستەقینە زووتر دێت بۆ یارمەتیدانت و تا درەنگانی بۆ پاككردنەوە دەمێنێتەوە

هاوڕێی ئاسایی لەوەی كە درەنگ پەیوەندیت پێوە كردووە دڵگران دەبێت
هاوڕێی راستەقینە دەپرسێت كە بۆچی نەتتوانی زووتر پەیوەندی بكەیت

هاوڕێی ئاسایی حەز دەكات گوێ لە كێشەكانت بگرێت
هاوڕێی راستەقینە هەوڵی چارەسەر كردنی كێشەكانت دەدات

هاوڕێی ئاسایی وەکو میوانێك چاوەڕێی دەکات تاکو خزمەتی بکرێت

هاوڕێی راستەقینە روو لەچێشتخانە دەکات و خۆی خزمەتی خۆی دەکات

و

هـاوڕێی راسـتەقینە کەسێکە کـە کاتێـك هـەمووان تۆیـان جێهێشت لەگەڵتـدا دەمێنێتەوە.

**خوداوەند حەز دەکات لەمندا، نەك بەندەی خۆی بەڵکو خۆی ببینێت کە خزمەتی کۆمەڵ دەکات.**

*" رابیندرانات تاگور"*

## " ئەو رۆژەی کە لەگەڵ خودا نانم خوارد "

مێرمنداڵێك هەبوو کە دەیویست چاوی بەخودا بکەوێت. ئەو دەیزانی تا گەیشتن بەخودا دەبێ ڕێیەکی دوور و درێژ بپێوێت. هەر لەبەر ئەمەش جانتایەکی هەڵگرت و ناوی پڕ کرد لەساندویچ و ساردی و، بێ ئەوەی هیچ شتێك بەکەس بڵێت گەشتەکەی دەست پێکرد.

چەند کۆڵان لەولاتر گەیشتە پارکێك، پیرەپیاوێکی بینی کە خەریك بوو دانی دەدا بەباڵندەکان. چووە لای و لەسەر کورسییەك دانیشت. پیرەپیاوەکە لەوە دەچوو برسی بێت. کوڕەش هەستی بەبرسیەتی دەکرد. ئینجا جانتاکەی کردەوە و ساندویچێك و ساردییەکی دا بەپیاوە پیرەکە. پیرەپیاو خۆراکییەکانی لێ وەرگرت و خەندەیەکی بۆ کرد. کوڕە دڵخۆش بوو و بەیەکەوە دەستیان کرد بەخواردن.

دوو بەدوو بەدرێژایی دوانیوەڕۆکە دانیان دا بەباڵندەکان و چێژیان لەو کارە وەرگرت، بێ ئەوەی یەك وشەش لەگەڵ یەکدا بدوێن. کاتێك رۆژ بەسەر چوو کوڕە تێگەیشت کە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵ. چەند هەنگاوێك دوور نەکەوتبۆوە کە گەڕایەوە و خۆی خستە ناو باوەشی پیرەپیاوەکە. پیاوی پیر بەدڵنزمییەوە ماچی کرد و خەندەیەکی بۆ کرد بەدیاری. کاتێك کوڕە گەیشتە ماڵەوە، دایکی بەنیگەرانییەوە

پرسیاری لێکرد: تا ئەم ئێوارە درەنگە لەکوێ بوویت؟ کوڕەکە لەکاتێکدا زۆر خۆشحاڵ بوو جوابی دایەوە: لای خودا!

پیرەپیاویش چووە ماڵەوە. هاوسەرە پیرەکەی بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی: بۆچی ئەوەندە خۆشحاڵیت؟

پیرەپیاو جوابی دایەوە: ئەمڕۆ باشترین ڕۆژی تەمەنم بوو، من ئەمڕۆ لەپارك لەگەڵ خودا نانم خوارد!.

خەڵك، هەموو رۆژێك خودا دەبینن
بەڵام نایناسنەوە.

"پرل بیلی"

من برسی بووم و تۆ خواردنت دا بەمن
من تینوو بووم و تۆ ئاوت دا بەمن
من بێ ماڵ بووم و تۆ پەنات دا بەمن
من رووت بووم و تۆ لەشی منت بەجل داپۆشی
من نەخۆش بووم و تۆ سەردانی منت کرد
و ئەوان بەمن دەڵێن : خودایە!
چ کاتێك ئێمە تۆمان بەبرسیەتی بینی و خواردنمان دا بەتۆ؟
چ کاتێك ئێمە تۆمان بەتینوویەتی بینی و ئاومان دا بەتۆ؟
چ کاتێك ئێمە تۆمان بێ ماڵ و حاڵ بینی و پەنامان دا بەتۆ؟
یان رووت بوویت، جلمان کردە بەرت؟
نەخۆش بوویت، خزمەتمان کردی؟
منیش وەڵامیان دەدەمەوە:
هەر یارمەتییەکی بچوکی تۆ بۆ بەندەکانم وەك ئەوە وایە
کە یارمەتی منت دابێت.

"گفتوگۆ لەگەڵ خودا، ج ٢"

**مرۆڤەکان لەیەک تایبەتمەندیاندا هاوچەشنی خودان، ئەویش چاکەکارییانە لەگەڵ یەکتر.**

*"سیسرۆن"*

## "خزم و کەسی خودا"

لەسەرما و سۆڵی زستان کوڕێکی شەش ساڵان لەپێش دەرگای دوکانێک وەستابوو. ئەو پێڵاوی لەپێ نەبوو و جلەکانی شڕودڕ بوون.

ژنێکی لاو لەوێوە تێدەپەڕی. کاتێك چاوی بەو کوڕە کەوت، مەیل و ئارەزووی لەچاوەکانیدا خوێندەوە. دەستی کوڕەکەی گرت و بردیە ناو دوکانەکەوە و، جووتێك پێڵاو و تاقمێك جلی زستانەی بۆ کڕی.

ئەوان هاتنە دەرەوە و ژنەکە بەکوڕەی وت: "ئێستا بگەڕێوە بۆ ماڵ."

کوڕەکە سەری بەرز کردەوە، سەیرێکی کرد و پرسی: "خانم، ئێوە خودان؟"

ژنەکە خەندەیەکی کرد و وتی: "نا کوڕم، من تەنیا یەکێك لەبەندەکانیم."

کوڕەکە وتی: "دڵنیا بووم کە پەیوەندییەکتان لەگەڵ ئەودا هەیە."

**لەجیهاندا کەس بێگانە نیە.**

*"کورسومی کیو"*

## "کۆتایی شەو"

مامۆستایەك قوتابییەکانی کۆ کردەوە و پرسیاری لێ کردن:

چۆن دەتوانین دواساتی شەو و دەرکەوتنی خۆر لێك جیا بکەینەوە؟

یەکێك لەقوتابییەکان وتی: کاتێك لەدوورەوە بتوانین مەڕێك لەسەگێك جیا بکەینەوە.

قوتابییەکی تر وتی: کاتێك دەزانین ڕۆژ بووە کە بتوانین دنکێکی زەیتون لەهەنجیر جیا بکەینەوە.

مامۆستا لەوەڵامەکان ڕەزامەند نەبوو. قوتابییەکان پرسیان: ئەی چۆن تێدەگەین.

مامۆستا وتی: کاتێك بێگانەیەك نزیك بێتەوە و وابزانین برامانە، لەوەها ساتێکدا شەو کۆتایی دێت و ڕۆژ دەست پێدەکات.

عەشق شادییە عەشق ئازادییە
عەشق سەرەتای مرۆڤایەتییە
"هوشەنگ ابتهاج"

## "عەشق شادییە"

کەسێك چووە لای مامۆستاکەی و لێی پرسی: مامۆستا، رۆژگارم چۆن بەسەر بەرم تاکو خوداوەند لەمن رازی بێت؟

مامۆستا جوابی دایەوە: تەنیا یەك ڕێگە هەیە: ژیان بەعەشقەوە.

دوای چەند خولەك کەسێکی تر چووە لای مامۆستا و هەمان پرسیاری لێکرد.

- تەنیا یەك ڕێگە بوونی هەیە: ژیانی ئاوێتە بەشادی

کەسی یەکەم سەری سوڕما، بەڵام ئامۆژگارییەکی ترت بۆ من کرد!

مامۆستا وتی: نا، کت و مت هەر ئەم ئامۆژگارییەم کرد.

"پائۆلۆ کۆئیلۆ"

بەلای منەوە قارەمان ئەو کەسە نیە کە بە ئەندێشە یان بەزۆرداری خۆی سەردەکەوێت. بەلای منەوە قارەمان تەنیا ئەو کەسەیە کە ڕۆح و دڵێکی گەورەی هەبێت.

*"بتهون"*

## "دڵێك بەپانتایی دەریا"

"رابەرت دانیس زو" پاڵەوانی بەناودەنگی وەرزشی گۆڵف لەئەرجەنتین، سەردەمێك لەپێشبڕکێیەکدا بردیەوە و توانی بڕێکی زۆر پارە بباتەوە. لەکۆتایی ڕێوڕەسمەکە و پاش وەرگرتنی خەلات، ژنێك هەڕای کرد و بەشیوەن و پاڕانەوە داوای لێکرد پارەی پێ بدات بۆ ئەوەی بتوانێت منداڵە نەخۆشەکەی لەمردن رزگار بکات.

ژنە وتی کە هیچ پارەیەکی بۆ دانی نرخی دەرمان نیە و ئەگەر رابەرت یارمەتی نەدات ئەوا منداڵەکەی لەدەست دەدات. پاڵەوانی گۆڵف بێ دوودڵی هەموو پارەکەی دا بەو ژنە. دوای هەفتەیەك، یەکێك لەبەرپرسانی ئەنجومەنی گۆڵف بە رابەرتی وت: ساویلکە، هەواڵێکی سەرنج راکێشم هەیە بۆت. ئەو ژنە منداڵی نەخۆشی نەبوو، بگرە هێشتا شووی نەکردووە! ئەو فێڵی لەتۆ کرد هاوڕێم.

رابەرت بەخۆشحاڵییەوە جوابی دایەوە: سوپاس بۆ خودا، کەوابوو هیچ منداڵێك لەڕەوشی مردندا نەبووە. خۆ ئەمە زۆر باشە.

*"لەزنجیرە کتێبەکانی خۆراکی ڕۆح"*

هاوڕێیەکی کەسێك بکە کە بە
هەڵگەڕانەوەی تۆ نەگۆڕێت.
" بشر حافی "

## " داستانی هاوڕێیان "

دوو هاوڕێ بەپێ لەسەر رێگەیەك، بەناو بیابانێکدا دەڕۆیشتن. لەناو رێدا لەسەر بابەتێك ناکۆکیان لێ پەیدا بوو و کەوتنە مشتومڕ. یەکێکیان بەتوڕەیی، زللەیەکی لەڕوومەتی ئەویتر دا. ئەوەی کە زللەیەکی خواردبوو زۆر دڵگران بوو، بەڵام بێ ئەوەی شتێك بڵێت لەسەر لمەکانی بیابان نووسی: " ئەمڕۆ باشترین هاوڕێم، کێشای بەسەروچاوما " .

ئەو جووتە شانبەشانی یەکتر بەڕێ کەوتن تاکو گەیشتنە ئاواییەك. بڕیاریان دا نەختێك لەوێ بمێننەوە و لەتەنیشت گۆلێکی پشوو بدەن. لەپڕ ئەوەی کە زللەکەی خواردبوو خلیسکا و کەوتە ناو گۆلی ئاوەکە. چی وای نەمابوو بخنکێت کە هاوڕێکەی هەڵمەتی بۆ برد و رزگاری کرد. دوای ئەوەی کە لەخنکان رزگاری بوو، لەسەر تاشەبەردێك ئەم رستەیەی داتاشی: " ئەمڕۆ باشترین هاوڕێم، لەمردن رزگاری کردم " .

هاوڕێکەی بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی: دوای ئەوەی کە من بەزللەیەك تۆم ئازار دا، تۆ ئەو رستەیەت لەسەر لمەکانی بیابان نووسی، بەڵام ئێستا ئەم رستەیە لەسەر بەرد دادەتاشی؟

ئەوی تـر پێکـەنی و وتـی : کاتێـك یـەکێك ئازارمـان دەدات ، لەسـەر لمـی بیابـان بینووسین تاکو بای بەخشین بیسڕێتەوە ، بەڵام کاتێك کەسێك چاکەیەکمان لەگەڵدا دەکات دەبێ لەسەر بەرد دایبتاشین تاکو هیچ بایەك نەتوانێت ئەوەمان لەبیر بەرێتەوە .

## "دۆروتی"

ئەم داستانەی ژێر لەکتێبی "هێماکان" ی جووان سی. جۆنزدا هاتووە.

دووەم سالّی خوێندنم بوو لەبەشی یاریدەدەری پزشکیدا، رۆژێك مامۆستاکەم بێ ئەوەی پێشتر ئاگادارمان بکاتەوە تاقیکردنەوەی پێ کردین. من بەخێرایی با هەموو پرسیارەکانم وەلاّم داوە تاکو گەیشتمە پرسیاری کۆتایی: "ناوی ئەو خاتوونەی کە هۆلّەکانی کۆلێژ خاوێن دەکاتەوە چییە؟"

ئەم پرسیارە زیاتر لەگەپ و نوکتە دەچوو. من چەند جارێك ئەو ژنەم بینیبوو، بەلاّم بۆ دەبێ بزانم ناوی چییە؟ هەر بۆیەش بێ ئەوەی پرسیاری کۆتایی وەلاّم بدەمەوە لاپەڕەکەم دایە دەستی مامۆستا.

پاش کۆتایی تاقیکردنەوە، یەکێك لەهاوڕێکان لەمامۆستای پرسی کە ئایا پرسیاری کۆتاییش نمرەی لەسەرە؟

مامۆستا لەوەلاّمدا وتی: "بەدلّنیاییەوە، ئێوە لەپیشەی خۆتاندا رووبەڕووی کەسانێکی زۆر دەبنەوە. هەموویان لەئاستی خۆیاندا گرنگن. هەموویان چاوەڕێی سەرنج و رێزی ئێوەن، تەنانەت لەئاستی خەندەیەك یان سلاّو کردنێك."

من هەرگیز ئەو دەرسە فەرامۆش ناکەم کە ئەو رۆژە فێری بووم. هەروەها ناوی ئەو ژنەش فێر بووم، ناوی دۆروتی بوو.

لەڕووی ڕەفتاری کەسێك لەگەڵ دەوروبەری کە ناتوانن هیچی کارێکی بۆ ئەنجام بدەن، دەکرێ بەئاسانی کەسایەتی هەڵبسەنگێنرێت.

"جیمز دی مایلز"

## "کورسی دەوار"

ڕۆژێـك پیـاوێکی دەوڵەمەنـد بەئۆتۆمبیلـە گرانبەهاکـەی، بەخێراییـەکی زۆر لەشەقامێکی کەم هاتوچۆوە تێدەپەڕی. لـەناکاو لەناوبـەری دوو ئۆتـۆمبیلی ڕاگـیراو لەکەناری شەقام، مێرمنداڵێك کەرتە خشتێکی تێگرت. بەر ئۆتۆمبیلەکـەی کـەوت. کابرا وەستا و خێرا دابەزی، بینی ئۆتۆمبیلەکەی زیانێکی زۆری بەرکـەوتووە. چووە لای کوڕەکە و دەسـتی کـرد بەلۆمـە کردنـی. کوڕەکـە بـەگریان و هـەوڵێکی فـراوان لەئەنجامدا توانی سـەرنجی کـابرا بـۆلای شۆسـتە ڕابکێـشێت، ئـەو شـوێنەی کـە بـرا شەلەلەکەی لەسەر کورسیە دەوارەکەی کەوتبووە سـەر زەوی. کوڕەکـە وتـی: ئێـرە شـەقامێکی چۆڵە و بەدەگمـەن هاتووچۆی پێـدا دەکرێـت. بـرا گەورەکـەم لەسـەر کورسیەکەی کەوتووە و منیش ئەو هێزەم نەبوو هەڵیبگرمەوە. بۆ ئەوەی ئێوە بوەستێنم ناچار بووم لـەو کەرتـە خشتە کـەڵك وەربگـرم. کـابرا زۆر کاریگـەر بـوو و داوای لێبوردنی لە کوڕەکە کرد. براکەی هەڵگرتەوە و خستیەوە سەر کورسیەکەی و سواری ئۆتۆمبیلەکەی بۆوە و بەهێواشی کەوتەوە ڕێ.

لەسەر شەقامی ژیانتان وەها بەخێرایی و بێ سەرنجدانە کەسانی تر لێمـەخوڕن کـە کەسانی تر ناچار بن بۆ ئەوەی گرنگییان پێ بدەن کەرتە خشتتان تێبگرن.

## "پرسیارەکانی خوداوەند"

خوداوەند لەتۆ ناپرسێت کە بۆچی سواری ئۆتۆمبیل دەبووی

بەڵکو لێت دەپرسێت کە چەند کەست گەیاندۆتە شوێنی مەبەستیان؟

خوداوەند لێت ناپرسێت ژێربەنای خانووەکەت چەند مەتر بوو

بەڵکو لێت دەپرسێت لەماڵەکەتدا چەند کەست بەخێرهاتن کردووە؟

خوداوەند لێت ناپرسێت زۆرترین بڕی مووچەکەت چەندە بوو

بەڵکو لێت دەپرسێت ئایا شایەنی وەرگرتنی ئەو بڕە بوویت؟

خوداوەند لێت ناپرسێت ناونیشان و پلەی پیشەییت چی بووە

بەڵکو لێت دەپرسێت ئایا بەباشترین شێوە ئەرکەکانت راپەڕاندووە؟

خوداوەند لێت ناپرسێت ژمارەی هاوڕێکانت چەند بوو

بەڵکو لێت دەپرسێت بۆ چەند کەس هاوڕێ و هاوخەم بوویت؟

خوداوەند لێت ناپرسێت لەچ ناوچەیەك ژیانت بەسەر دەبرد

بەڵکو لێت دەپرسێت چۆن لەگەڵ دراوسێکانت رەفتارت کردووە؟

خوداوەند لێت ناپرسێت رەنگی پێستی تۆ چی بوو

بەڵکو لێت دەپرسێت کە چۆن مرۆڤێك بوویت؟

خوداوەند لێت ناپرسێت بۆچی ئەوەندەی پێچوو تاکو بکەویتە لێگەڕینی ئازادی

بەڵکو بەخۆشەویستییەوە، لەباتی دەروازەکانی دۆزەخ تۆ بەرەو کۆشکی بەهەشتی خۆی دەبات.

لەژیاندا تەنیا یەک بەختەوەری هەیە
خۆش ویستن و خۆشەویست بوون.
" جۆرج ساند "

## " دەوڵەتی عەشق "

خانمێك لەماڵ هاتە دەر و لەپێش دەرگای حەوشە تووشی سێ پیرەمێرد بوو، پێیانی وت: ئێوە ناناسم، بەڵام دەبێ برسیتان بێت، تکایە فەرموون بۆ ژوورەوە و شتێك بخۆن.

پیرەمێردەکان پرسیان ئایا مێردەکەت لەماڵە؟ ژنە وتی: نەخێر، لەسەر کارە. ئەوان وتیان: ئێمە ناتوانین بێینە ژوورەوە. پاش نیوەڕۆ کاتێك مێردی ژنەکە هاتەوە هاوسەرەکەی مەسەلەکەی بۆ گێڕاوە.

کابرا وتی: ئێستا بڕۆ پێیان بڵێ کە من لەماڵەوەم و بانگهێشتیان بکە. ژنە بانگی کردن و بۆ ناو ماڵەکەی ڕێنمایی کردن، بەڵام ئەوان وتیان ئێمە ناتوانین بەیەکەوە بێینە ژوور.

ژنە هۆکارەکەی پرسی، یەکێکیان ڕوونی کردەوە کە ناوی من سامانە. دوایی ئاماژەی بەهاوڕێکانی کرد و وتی: یەکیان سەرکەوتنە و ئەویتر عەشقە. ئێستا بڕۆ بەمێردەکەت بڵێ و بەیەکەوە بڕیار بدەن خوازیاری کامەمانن.

ژنە بۆ مێردەکەی باس کرد. مێردەکەی کە زۆر خۆشحاڵ بوو بەجۆشێکی تایبەتەوە وتی: وەرە با سامان بانگهێشت بکەین و ماڵەکەمان پڕ کەین لەدارایی. بەڵام ژنەکەی دژایەتی کرد و وتی: ئازیزم، بۆچی سەرکەوتن بانگهێشت نەکەین. لەم

بەینەدا کچەکەیان کە تا ئەو ساتە شایەتی گفتوگۆکەیان بوو، وتی: وا باشتر نیە عەشق بانگهێشت بکەین و ماڵەکەمان پڕبێت لەعەشق و خۆشەویستی.

پاشان کابرا سەیرێکی ژنەکەی کرد و وتی: وەرە با بەقسەی کچەکەمان بکەین. بڕۆ عەشق بانگ بکەرە ژوورەوە، ژنەکەی چووە لای پیرەمێردەکان و پرسی کامەتان عەشقە؟ تکایە فەرموونە ژوورەوە ببن بەمیوانی ئێمە.

ئەوسا عەشق هەستا و هەنگاوی نا بۆ ژوورەوە. پاش ئەو، دوو کەسەکەی تریش هەستان و بەدوایدا چوونە ناوەوە. ژنە بەسەرسوڕمانەوە بە سەرکەوتن و سامانی وت: من تەنیا عەشقم بانگهێشت کرد.

لەم بەینەدا عەشق وتی: ئەگەر ئێوە سامان یان سەرکەوتنتان بانگهێشت بکردایە دوو کەس ناچار دەبوون لەدەرەوە بمێننەوە، بەڵام کاتێك منتان بانگهێشت کرد، لەبەر ئەوەی ئەوان هەمیشە هاوڕێی منن، کەوابوو دەبێ لەگەڵ مندا بێن.

ئەنجامی لێکدانی توانایی و بانگەشە هەمیشە ژمارەیەکی نەگۆڕە، چەندی توانایی زیاتر بێت بانگەشە کەمترە و چەندی بانگەشە زیاتر بێت توانایی کەمترە.

*" فرانس فانتاڵ "*

## 'هێزی عەشق'

ڕۆژێك خۆر و با خەریکی گفتوگۆ بوون و هەریەکەو لەبەرامبەر ئەوی تر هەستی بەگەورەیی دەکرد، با بەخۆری دەووت: من لەتۆ بەهێزترم، خۆریش بانگەشەی دەکرد کە ئەو بەهێزترە.

وتیان با تاقی بکەینەوە. بەڵام چۆن؟ بینیان پیاوێك تێدەپەڕێت و چاکەتێکی لەبەردایە. با وتی: من دەتوانم چاکەتی ئەو پیاوە لەبەری دەربێنم. خۆر وتی: کەوابوو دەست پێبکە. با توند و توندتر بوو، بەهەموو هێزی خۆی لەژێر چاکەتی کابرای دەدا. لەم کاتەدا کابرا کە بینی چی وای نەماوە چاکەتەکەی لەدەست بدات، دوگمەی چاکەتەکەی بەست و بەهەردوو دەستی قایم پێی دانوسا.

با چەندی کرد نەیتوانی چاکەتەکەی لەبەر دەربهێنێت و بەماندووییەوە رووی کردە خۆر و وتی: بەڕاستی مرۆڤێکی سەرسەخت بوو، چەندی هەوڵم دا سەرنەکەوتم. دڵنیام کە تۆش ناتوانیت. خۆر وتی: هەوڵی خۆم دەدەم و دەستی کرد بەتیشکاندن. تیشکە پڕ میهرەکانی بەسەر کابرادا باری و گەرمی کرد. کابرا کە تاکو چەند ساتێك پێش ئێستا هەوڵی دەدا چاکەتەکەی بپارێزێت، هەستی کرد کە هەوا گۆڕاوە و

بەسەرسوڕمانەوە سەیری خۆرەتاوی کرد. بینی باکە نەماوە، هەستی بەئارامی و ئاسایش کرد.

بەهەوڵی بەردەوام و پڕ میهری خۆر ئەویش گەرم بۆوە و بینی کە ئیتر پێویستی بەم چاکەتە نیە. بەڵکو دەبێتە مایەی ئازار و بێ تاقەتی ئەو. بەهێمنی چاکەتەکەی لەبەر دەرهێنا و خستیە سەر دەستی.

با سەری شۆڕ کردەوە و تێگەیشت کە خۆر زۆر لەو بەهێزترە، چونکە بەعەشق و بەزەییەوە تیشکەکانی بێ منەت دەبەخشێتەوە و، ئەویش بەزۆر دەیوست کارێك ئەنجام بدات.

هەر تاك و ئایینێكی كۆن شتێكی هاوشێوەتان پێ دەڵێت: تەنیا بۆخۆتان مەژین، بۆ كەسانی تریش بژین. بەناخی خۆتاندا رۆمەچن، چونكە گیرۆدەی بەندیخانەیەك دەبن كە رزگاربوونی نیە.

" باربارا وارد"

"هەژماردن"

چەند پیاوی سوارچاك دەیانویست لەچەمێك بپەڕنەوە. ئەوان چوونە لای خاوەن بەلەمێك، ئەویش بەدەنگی بەرز پرسی: چەند كەسن؟

یەكێك لەسوارەكان وتی: با هەژماری بكەم.

ئەو كەسەكانی ژمارد و بەدەنگی بەرز وتی: "ئێمە نۆ كەسین."

خاوەن بەلەم پرسی: "بەڕاست؟ من كە هەژماردم دە كەسن، دووبارە بیژمێرەوە."

ئەو پیاوە سوارە دووبارە هەژماردی و وتی: "نۆ كەسین."

خاوەن بەلەم، بەلەمەكەی هێنایە قەراخ و بەتوڕەییەوە پێی وت: "ئەی تۆ لەم بەینەدا چیت لێ دێت؟ هەرجارەو كە تۆ دەیژمێریت دەگەیتە ژمارە نۆ، چونكە لەبیرت دەچێت خۆشت بژمێریت."

كابرای سوارچاك شڵەژا و وتی: "بۆچی بڕیارە من خۆشم بژمێرم؟"

" دیپاك چوپرا"

## "بابەتی سەرەکی"

داوام لەخودا کرد خووە خراپەکانم بیٚ تەرك بکات

خوداوەند فەرمووی خۆت دەبیٚ وازیان لیٚ بهیٚنیت

داوام لەخودا کرد منداڵە سەقەتەکەم چاك بکاتەوە

فەرمووی: پیٚویست ناکات، رۆحی تەندروستە، جەستەش شتیٚکی کاتییە.

داوام لیٚ کرد لانی کەم سەبرم بیٚ بدات

فەرمووی: سەبر بەرهەمی سەختی و رەنجە، شتیٚك نیە کە بدریٚت. فیٚربوونە.

وتم: خۆشبەختم بکە

فەرمووی: داهات لەمن، خۆشبەخت بوون لەتۆ

داوام لیٚکرد گرفتاری ئیٚش و ئازارم نەکات

فەرمووی: ئازار لەخۆشییەکانی دنیا دوور و لەمن نزیکت دەکاتەوە.

داوام لیٚکرد رۆحم گەورە بکات

فەرمووی: نا، دەبیٚ خۆت گەشە بکەیت، من تەنیا لق و گەڵا زیادەکانت دەبڕمەوە تاکو بەپیت بیت.

داوام لەخودا کرد کە وابکات چیٚژی تەواو لەژیان وەربگرم

فەرمووی: بۆ ئەم کارە ژیانم بەتۆ داوە

داوام لەخودا کرد یارمەتیم بدات، بەهەمان ئەندازە کە منی خۆش دەویٚت منیش کەسانی ترم خۆش بویٚت.

خودا فەرمووی: بەڵیٚ، لەئاکامدا بابەتی سەرەکیت سەرەدەست کەوت.

با هەموو ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەیت،
هەموو ئەو شتانەی کە دەینووسیت لەبەر
خودا و بەختەوەری خەڵك بێت. کتێبەکەت
عەشقی خودا لەکردەوەدا بێت.

"دایکە ترێزا"

## "عەشق کردارە نەك هەست"

راهیب تەنیا یەك ئارەزووی هەبوو: چاپ بوونی کتێبێك بەزمانی ژاپۆنی، کە هەموو ئایەتەکانی کتێبی پیرۆزی لەخۆ گرتبێت. بڕیاری دا ئەم ئارەزووەی پیادە بکات. بۆ ئەمەش گەشتێکی بۆ سەرتاسەری وڵات کرد تاکو پارەی پێویست بۆ ئەم کارە کۆ بکاتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەی بڕە پارەی پێویستی بۆ ئەم کارە کۆ کردەوە، رووباری ئوجی بەرز بۆوە و کارەساتێکی گەورەی دروست کرد. راهیب کە چاوی بەو وێرانکارییانە کەوت، بڕیاری دا پارەکەی بۆ یارمەتیدانی ئەو خەڵکە خەرج بکات.

دوای ماوەیەك بڕیاریدا دووبارە بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکەی خەبات بکات. دەستی کرد بەکۆ کردنەوەی یارمەتی. رووی لەهەموو دورگەکانی ژاپۆن کرد و دووبارە توانی پارەی پێویست کۆ بکاتەوە. بەڵام ئەمجارەیان نەخۆشییەکی کوشندە رووی کردە وڵاتەکەی. راهیب دووبارە بڕیاری دا پارەکە خەرجی نەخۆشەکان و یارمەتی ئەو بنەماڵانەی کە خۆشەویستەکانیان لەدەست دابوو بکات. دوایی سەرلەنوێ چۆوە سەر بەرنامە سەرەکییەکەی خۆی.

دووبارە کەوتە ڕێ و نزیکەی بیست ساڵ دواتر توانی حەوت هەزار نوسخە لەکتێبی ئایاتی پیرۆز چاپ بکات. دەڵێن ڕاهیب لەڕاستیدا سێ جار ئەم کتێبەی چاپ کردووە. دوو جاری یەکەمی بەجۆرێك بووە کە کەس نەیبینیوە.

# ٥

## نهۆمی پێنجەمی دۆزەخ

### هەستە نەرێنییەکان، کەسێتی نەرێنی

گەورەترین پلە ئەوەیە کە خووی خراپی خۆت
بگۆڕیت بۆ خووی باش

*"سەهل تستری"*

وەها بەهێز بە کە هیچ هۆکارێك ئارامی تۆ تێك نەدات. ئەوەندە گەورە بە کە نیگەران نەبیت. ئەوەندە رەسەن و خۆگر بە کە تورە نەبیت و ئەوەندە شاد بە کە رێگە نەدەیت کێشەیەك دروست بێت.

"کریستین لارسۆن"

## "بەهەشت یان دۆزەخ، کامیان هەڵدەبژێریت؟"

پیرەمێردێك لەبەرنامەیەکی بەناوبانگی تەلەفزیۆنیدا چووە پێش کامێرا. لەراستیدا ئەو بۆ بەشداری کردن لەپێشبڕکێیەك هاتبوو.

ئەو بەورەی بەرز و گەپ لێدان هەمووانی خستبووە ژێر کاریگەری خۆیەوە. پێشکەشکاری بەرنامە بەپیرەمێردی وت: مرۆڤ بەئاسانی هەست بەوە دەکات کە ئێوە پیاوێکی شادمانن. رەمزی ئەم شادمانی و دڵخۆشییەی ئێوە لەچیدایە؟

پیرەمێرد لەوەڵامدا وتی: زۆر سادە و ئاشکرایە. هەروەکو بوونی لووت لەسەر دەم و چاوتان. من بەیانیان، کاتێك کە لەخەو هەڵدەستم، دوو رێگەم لەپێشە، یەکێکیان ئەوەیە کە نیگەران و خەمۆك بم و ئەوی تریان ئەوەیە کە دڵخۆشی و شادمانی هەڵبژێرم و، دەبێ پێتان بڵێم کە ئەوەندە وشیار و ژیرم بۆ ئەوەی بزانم دەبێ کامیان هەڵبژێرم. بەڵێ، زۆر بەسادەیی رێگەی دووەم هەڵدەبژێرم.

دنیا هیچ کەموکوڕییەکی نیە. ئەو کەموکوڕییەی لەکەسانی تردا دەیبینین سەرچاوەکەی روانینی ناتەواوی ئێمەیە. پێویست ناکات نزا بکەین بۆ ئەوەی دنیا بگۆڕێت، بەڵکو دەبێ نزا بکرێت بۆ ئەوەی دیدی ئێمە بگۆڕێت، تاکو ببینین هەموو شت دروست و باش بووە و واش دەبێت.

*"جی. پی. واسوانی"*

**"روانین"**

ئەگەر

A B C D E F G H I J K L M N O P Q R S T U V W X Y Z

یەکسان بێت بە

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠ ١١ ١٢ ١٣ ١٤ ١٥ ١٦ ١٧ ١٨ ١٩ ٢٠ ٢١ ٢٢ ٢٣ ٢٤ ٢٥ ٢٦

کاری قورس Hard Work

H + A + R + D + W + O + R + K

٨ + ١ + ١٨ + ٤ + ٢٣ + ١٥ + ١٨+ ١١ = ٪٩٨

زانست Knowledge

K + N + O + W + L + E + D + G + E

١١ + ١٤ + ١٥ + ٢٣ + ١٢ + ٥ + ٤ + ٧ + ٥ = ٪٩٦

خۆش ویستن Love

L + O + V + E

١٢ + ١٥ + ٢٢ + ٥ = ٪٥٤

شانس Luck

L + U + C + K
١٢ + ٢١ + ٣ + ١١ = ٪٤٧

پارە Money

M + O + N + E + Y
١٣ + ١٥ + ٥ + ٢٥ = ٪٧٢

کەوابوو چ شتێك ١٠٠٪ دروست دەکات؟ روانین Attitude

A + T + T + I + T + U + D + E
١ + ٢٠ + ٢٠ + ٩ + ٢٠ + ٢١ + ٤ + ٥ = ٪١٠٠

تێبینی : روانین هەموو شتە . مرۆڤ جگە لەبیر و ئەندێشە و روانینەکانی هیچی تر نیە . گەورەترین هەوڵی دەروونناسی و کتێبەکانی یارمەتیدانی خود لەم چەند دەیەی دواییدا زیاتر لەسەر ئەوە بووە تاکو ئەم ئەفسانەیە تێك بشکێنێت کە هەست و سۆزەکان دەرەنجامی رووداوەکانی ژیانی ئێمەیە . بەڵام هێشتا دەرك و هەرسی ئەم راستییە بۆ زۆرێك لەمرۆڤەکان کارێکی ئەستەمە ، کە ئێمە دەتوانین بەتێپەڕاندنی هەلومەرجە دەرەکییەکان ، چارەنووسی سۆزداری و رۆحی خۆمان کۆنترۆڵ بکەین. زۆر کەس دەڵێت لەسەردەمی گالیلەدا دەژین و دەبیستن کە زەوی خڕە، خۆر جێگیرە و ئەوەی کە لەجۆڵەدایە زەوییە . ئەوان هۆکاری بەکلاکەرەوە دێننەوە و رەوشی خراپیان بەڕووداوەکان و کردەوەی مرۆڤەکانی دەوروبەریان دەبەستنەوە .

" هاوسەرەکەم بەقسەکانی هەستی منی بریندار کرد " ، " باوکم لەبەرچاوی کەسانی تر وای کرد کە هەست بەبچوك بوونەوە بکەم " ، " لەدەستدانی کارەکەم وای کرد تووشی خەمۆکی بم " ، " من نائارامم ، چونکە بڕیارە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەم رابگەیەنرێت " .

بەلاّم ئەوەی کە زۆر کەس لێی بێ ئاگایە ئەم بابەتە گرنگەیە کە هەر ئەزموونێك لەژیانی ئێمەدا لەسێ بەش پێك دێت . دوو بەشی بینراو و بەشێکی نەبینراوە . A = رووداو B = روانین و هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ رووداو C = کاردانەوە و هەستەکانمان . زۆربەی خەڵك ئاگاداری بەشی B و لایەنە نەبینراوەکانی ژیان نین . ئەوان دەرك بەوە دەکەن کە شتێك روو دەدات و بەرامبەر بەو هەستێکیان لا دروست دەبێت ، بەلاّم ئاگادار نین کە مرۆڤ پێش هەر کاردانەوەیەك ، رووداو هەڵدەسەنگێنێت و لەگۆشەنیگای خۆیەوە واتای پێ دەدات . واتایەك کە شێوازی هەستی ئەو لەبەرامبەر ئەو رووداوەدا دیاری دەکات .

لەڕاستیدا هیچ رووداوێك باش یان خراپ نییە . رووداو تەنها رووداوە . ئەوە ئێمەین کە بەڕوانینەکانمان ، رووداو و هەلومەرجەکان لێك دەدەینەوە و هەر لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوەیە کاردانەوەمان دەبێت . یەکێك پەرداخێك دەبینێت و خۆشحاڵە کە نیوەی پڕە و یەکی تر سەیری هەمان پەرداخ دەکات و دەڵێت بەداخەوە ، نیوەی بەتاڵە . یەکێك گلەیی هەیە کە بۆچی گوڵ دڕکی هەیە و یەکی تر خۆشحاڵە کە دڕك گوڵی هەیە . هەموو شت بەستراوەتەوە بەشێوەی روانینی ئێمە . ئەوەی کە جیهان بەدیاردەیەکی جوان ببینین یان قیزەون ، شاد بین یان خەفەتبار ، هەست بەخۆشبەختی بکەین یان بەدبەختی ، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بیر و ئەندێشەی ئێمە . ئێمە توانای زاڵبوونمان نیە بەسەر رووداوەکاندا . ئازادی ئێمە ، لەمافی هەڵبژاردنی

کاردانەوەمان بەرامبەر بەڕووداوەکان دایە . بەشێوەی یەکلاکەرەوە ناتوانین هەمیشە دیاری بکەین چ ڕووداوێك لەژیانی ئێمەدا روو دەدات ، بەڵام دەتوانین ئەوە دیاری بکەین رووداوێك کە رووی داوە باشە یان خراپ . لەم سۆنگەیەوە دەتوانین وا بکەین کە هیچ رووداوێکی خراپ و ناخۆش لەژیانی ئێمەدا روو نەدات . **ئەگەر خراپ سەیر نەکەین ، خراپ نابینین .**

نەهات بۆ ئەو کەسانەیە کە خاوەن روانینێکی نەرێنین . ئەگەر روانینێکی ئەرێنی سەبارەت بەژیان هەبێت هیچ رووداوێکی خراپ لەژیاندا روو نادات .

***خەمۆکی ، خەم و پەژارە لەجیهاندا نییە .***

***ئەوەی هەیە " ئەندێشە " ی نیگەران ، تووڕە و خەمبارە .***

" ڤین دایەر "

**ناوی گۆڕەپانەکانی مین لەجیهاندا بریتین لە:**
**توڕەیی، ئیرەیی و تۆڵە.**

*"بیرۆکەکانی بەڕێوەبەرێتی"*

## "توڕەیی"

ڕۆژێك جەنگاوەرێکی سامورای هاتە لای مامۆستایەك و پرسی: ئایا بەهەشت و دۆزەخێك لەئارادا هەیە؟ ئەگەر هەیە کەوابوو دەرگاکانیان لەکوێیە تاکو بتوانم لەیەکێکیان چاوپۆشی بکەم و لەوی تریان بچمە ناوەوە.

مامۆستا وتی: ئایا تۆ سامورای! ئەی بۆچی زیاتر لەسواڵکەرەکان دەچیت؟

سامورایەکە هێندە توڕە بوو کە هەر لەبیری چۆوە بۆچ مەبەستێك هاتووەتە لای. مامۆستا هەستی بریندار کردبوو. سامورای جەنگاوەر بۆ کوشتنی مامۆستا شمشێرەکەی راکێشا. مامۆستا پێکەنی و وتی: ئەمە دەرگای دۆزەخە. ئەم توڕەیی و شێوە شمشێر کێشانە دەرگای دۆزەخ دەکاتەوە.

سامورایەکە دەست بەجێ تێگەیشت و شمشێرەکەی داخست. مامۆستا دووبارە پێکەنی و وتی: ئێستا و لێرەدا دەرگای بەهەشت بەڕووتدا کرایەوە.

ئەندێشە بەتەنیا دەتوانێت دۆزەخ بکات بەبەهەشت و بەهەشت بکات بەدۆزەخ.

*"میلتۆن"*

## "لەڕەوشی خراپەوە بۆ ڕەوشی باش: لەدۆزەخەوە بۆ بەهەشت"

| هەستە نەرێنیەکان "دۆزەخ" | هەستە ئەرێنیەکان "بەهەشت" |
| --- | --- |
| خەمۆکی | شادی |
| دڵەڕاوکە | جوڵە و چالاکی |
| ترس | خۆشەویستی |
| نیگەرانی و پەشۆکان | بوێری |
| هەست کردن بەبچوکی | هێمنی |
| هەست کردن بەتەنیایی | عەشق |
| پەرێشانی | چێژ |
| سەرگەردانی | مەبەست |
| هەست کردن بەتاوان | دڵخۆشی |
| مەینەتی | بەختەوەری |
| هەست کردن بەپوچی | ئومێد |
| تەوەزلی | متمانە بەخۆبوون |
| سترێس | ئاسایش |
| لاوازی | هێز |

تورەیی تێزابێکە کە زیاتر زیان بەو قاپە دەگەیەنێت کە تێیدایە تاکو ئەو شتەی بەسەریدا دەڕژێت.

*"مهاتما گاندی"*

## "بزمار داکوتان"

مێرمنداڵێك هەبوو کە ڕەوشتی باش نەبوو. باوکی یەك قوتو بزماری پێدا و وتی لەگەڵ هەر تووڕە بوونێکدا دەبێ بزمارێك لەسەر دیوار دابکوتی.

ڕۆژی یەکەم کوڕەکەی سی و حەوت بزماری لەسەر دیوار داکوتا. لەماوەی چەند هەفتەدا بەم شێوەیە کە فێر دەبوو چۆن بەسەر تورەبوونی خۆیدا زاڵ بێت، ژمارەی بزمارە داکوتراوەکان لەسەر دیوار کەم دەبۆوە. ئەو تێگەیشت لەوەی کە زاڵ بوون بەسەر تورەیی لەبزمار داکوتان ئاسانترە. لەئاکامدا ڕۆژێك داهات کە ئەو مێرمنداڵە ئیتر تورە نەدەبوو. ئەم مەسەلەیەی بەباوکی وت و باوکیشی پێشنیاری کرد هەر جارەو کە توانی تورەبوونی خۆی کۆنترۆڵ بکات یەکێك لەبزمارەکان لەدیوار دەربهێنێتەوە. ڕۆژ هات و چوو، کوڕەکە لەئەنجامدا توانی بەباوکی بڵێت کە هەموو بزمارەکانی لەدیوار دەرهێناوە. باوکی دەستی گرت و بردیە لای دیوارەکە و وتی: کوڕم، تۆ کارێکی باشت ئەنجام دا و توانیت بەسەر تورەبووندا سەرکەویت، بەلام سەیری کونەکانی سەر دیوار بکە، ئیتر ئەو دیوارە وەك خۆی لێ نایەتەوە. ئەو قسانەی لەکاتی تورەبووندا دەیکەیت وەها ئاسەوارێك بەجێ دەهێڵن.

تۆ دەتوانیت چەقۆیەك بەدڵی مرۆڤێکدا بکەیت و دەریبهێنیتەوە، بەلام هەزاران داوای لێبوردنیش سودی نیە. ئەو برینە لەسەر جێی خۆیەتی.

## "دڵەڕاوکە و نیگەرانی"

پیرەژنێك بەپاس سەفەری دەكرد، ئەو زۆر نیگەران بوو و بەردەوام لەترس و لەرزەوە لەشوفێرەكەی دەپرسی كە ئێستا لەكوێن و پاسەكە لەكوێ وەستاوە.

بێگانەیەك لای پیرەژن دانیشتبوو و كاتێك بینی لەرادەبەدەر نیگەرانە پێی وت: "نیگەران مەبە، شوفێرەكە لەهەر شوێنێك بوەستین، ناوی ئەو شوێنە رادەگەیەنێت، ئەگەر بەمە هێور نابیتەوە و هێشتا نیگەرانی، دەتوانم شوفێرەكە بانگ بكەم تاكو پێی بڵێیت كە دەتەوێت لەكوێ دابەزیت. ئەو ئاگادار دەبێت بۆ ئەوەی لەشوێنی مەبەستت جێ نەمێنیت، كەوابوو ئاسودە بە." بێگانەكە شوفێری پاسەكەی بانگ كرد. پیرەژنەكەی پیشان دا و داوای لێكرد پرسیاری ناونیشانەكەی بكات و ئاگادار بێت نەوەك لەشوێنی مەبەست جێ بمێنێت. پیرەژن وتی: "لەبیرتان بێت من نامەوێت بەهەڵە دابەزم یان خودای نەخواستە لەشوێنی مەبەستم بەجێ بمێنم، چونكە بەپەلەم." شوفێرەكە وتی: "نیگەران مەبن. من شوێنی مەبەستتان یادداشت دەكەم و بێ ئەوەی ئێوە پرسیارمان لێبكەن، خۆم پێتان دەڵێم. هەروەها پێش ئەوەی بگەینە مەبەست خۆم دێمە لاتان و بەبیرتان دەهێنمەوە. كەوابوو تەواو لەسەرخۆ بن و پێم بڵێن مەبەستتان كوێیە؟" پیرەژن بەعارەق كردنەوە و ترس و نیگەرانییەوە وتی: "زۆر سوپاس تكایە بینووسن، دەمەوێت دوا وێستگە، واتە لەگەراجی پاسەكان دابەزم."

ئەگەر لەدوا وێستگە دادەبەزن ئەی بۆچی ئەوەندە نیگەرانن؟ چۆن دەكرێت لەوێ بەجێ بمێنن؟ هەر لەئێستاوە هێمن و لەسەرخۆ بن.

گەردوون بەبەردەوامی لەجوڵەدایە. جوڵە بەرەو بەرزترین خاڵ، واتە پێگەیشتن. ئێوە بەشێكن لەوە. نیگەران مەبن.

"چیرۆكە عیرفانییەكان"

## " من کێم؟ "

مـن هـاوڕێی هەمیشەیی ئێـوەم . مـن گـەورەترین یـاوەر و قورسـترین بـاری سەرشانتانم . من پاڵتان پێوە دەنێم بـۆ پێشەوە یـان دەتانخەمـە ژێـر خـۆم و شکستتان دەدەم . من بەتەواوی لەژێر فەرمانی ئێوەدام . نیوەی ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن دەتـوانن بەمنی بسپێرن و من لەتواناما هەیە بەخێرایی و بەدروستی بیگەیەنمە ئـەنجام . بەئاسـانی بەڕێوە دەچم ، تەنیا دەبێ لەگەڵمدا ڕەفتارێکی یەکلاکەرەوەتان بێت .

پیشانم بدەن کە دەتانەوێت کارێك چۆن ئەنجام بدرێت ، پاش هەنـدێك ڕاهێنـان ، ئەو کارە بەباشترین شێوە ئەنجام دەدەم .

مـن خزمـەتکاری هـەموو مرۆڤێکـی گـەورەم و هـەروەها بەداخـەوەم بـۆ هـەموو ناکامییەك . لەپشت دۆڕانی هەموو دۆڕاوەکان من هەم . ئێـوە لەوانەیـە بـۆ بەهرەمەنـد بوون من بەکار بهێنن یان بەمەبەستی وێرانکاری ، بۆ من یەك شتە .

من وەربگرە ، پەروەردەم بکە ، خۆت لەگەڵ من یـەکلایی بکـەرەوە ، مـن جیهـان دەخەمە ژێر پێت . لەگەڵمدا نەرم بە ، من تۆ لەناو دەبەم .

من کێم؟ من " خوو "م .

*" خووی هەشتەم ، ستیفان کاوی "*

ئەگەر دەتانەوێت دنیا بکەن بەشوێنێکی باشتر، سەیرێکی خۆتان بکەن و دواتر چ گۆڕانکارییەك پێویست بوو ئەنجامی بدەن.

*"سیداگارت"*

## "کەسایەتی"

فکر، رەفتار دەخولقێنێت، رەفتار لەئەنجامی دووبارە بوونەوە دەبێت بەخوو و کۆی چەند خوو، هەڵسوکەوت و کەسایەتی مرۆڤ پێك دەهێنێت. لەڕاستیدا کەسایەتی جگە لەکۆمەڵێك خووی جۆراوجۆری شێوە گرتوو لەمرۆڤدا هیچی تر نیە. کەسایەتی، هەموو شتی مرۆڤە. دارایی، چارەنووسی ئاینده، هەستەکان، بەختەوەری و ئاستی پێشکەوتنی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی ئێمە. هەمووان بەدوای پەروەردە کردنی تایبەتمەندی نویٚ و دروست کردنی کەسایەتییەکی پێگەیشتوو لەخۆیان دان. بەڵام بۆچی؟ بۆچی دەبیٚ مرۆڤێکی باش بین و خووی باشمان هەبێت، بۆ بەدەست هێنانی رەزامەندی خودا و دەست بەسەرداگرتنی بەهەشتەکەی؟ بەڵام باشی و چاکەیەك کە بۆ بەدەست هێنانی شتێکی تر بێت بەها و نرخی راستەقینەی نیە.

باش بوون بۆ بەباشی ژیان کردن، ئەمە دەبیٚ هۆکاری سەرەکی ئێمە بێت بۆ ژیان.

سەیرێکی تایبەتمەندییەکانی دوو کەسایەتی جیاواز بکەن کە دەکرێت هەمانبێت و، باش لەبارەیانەوە بیر بکەنەوە. ئایا دۆزەخی راستەقینە لەناخی مرۆڤێکدا نابینرێت کە خووی خراپی هەیە؟ ئەی چ خۆشبەختی و پیرۆزمەندییەك لەوە زیاترە کە خووی باش مرۆڤ دەگەیەنێتە هەست کردن بەئارامی و هێز و شادی. لەڕاستیدا هەموو ئەو شتانەی کە چاوەڕیٚ دەکەین لەبەهەشت هەمانبێت، دەتوانین هەر لەئێستاوە بەدەستنیشان کردن و ئاواکردنی تایبەتمەندی ئەرێنی لەناخی خۆماندا، تاقی بکەینەوە.

| نەرێنی "دۆزەخ" | ئەرێنی "بەهەشت" |
|---|---|
| خۆپەرست | راستگۆ |
| بێ ئیرادە | بەسەبر |
| ستەمکار | دلۆڤان |
| چلێس | عاشق |
| داوێن پیس | دڵنیا |
| خەمسار | دادوەر |
| نەزان | چاکەکار |
| نەفس نزم | بەهەڵوێست |
| خۆویست | ژیر |
| درۆزن | سەربەخۆ |
| فێڵباز | ئازادیخواز |
| شەڕخواز | داهێنەر |
| ترسنۆك | دڵنزم |
| دۆڕاو | بوێر |
| تەمبەڵ | چالاك |
| نابەرپرسیار | شاد |
| دەمارگیر | خۆباوەڕ |
| خۆ بەکەم زان | بەرپرسیار |
| شەرمن | ئاشتیخواز |

| ئەرێنی "بەهەشت" | نەرێنی "دۆزەخ" |
| --- | --- |
| مرۆڤ دۆست | زۆرخواز |
| بەخشندە | قۆڵبڕ |
| پشتیوان | چاوچنۆك |
| لێگەڕ | گەندەڵ |
| زیرەك | گەمژە |
| بەڕێوەبەر | بەدڕەوشت |
| رووخۆش | بێ ئامانج |
| وەفادار | خائین |
| دڵ فراوان | فریودەر |
| هێمن | بێ بەزەیی و دڵڕەق |
| دڵخۆش | تووڕە |
| لێبوردە | خەمۆك |
| ئایندە گەرا | خەفەتبار |
| گەشبین | سەرلێ شێواو |

**کەسانێکم دیوە کە خەریکی تەفسیری قورئان بوونە، بەڵام جوامێران خەریکی تەفسیری خۆیان بوونە.**

*"ابوالحسن خرقانی"*

## "ڕاستگۆیی"

ساڵانێك پێش زایینی مەسیح، لەئیمپراتۆریەتی چین شازادەیەك بڕیاریدا ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت. لەگەڵ پیاوێکی ژیر راوێژی کرد و بڕیاریدا هەموو کچانی ناوچە بانگهێشت بکات تاکو کچێکی شیاو هەڵبژێرێت.

کاتێك خزمەتکارە پیرەکەی کۆشك ئەو مەسەلەیەی بیست، خەمبار بوو، چونکە کچەکەی بەشێوەیەکی نهێنی عاشقی شازادە بوو. کچەکەی وتی ئەویش دەچێت بۆ ئەو میواندارییە. خزمەتکارەکە وتی: تۆ شانست نیە، نە دەوڵەمەندی و نە زۆر جوانیت.

کچە جوابی دایەوە: دەزانم هەرگیز من هەڵنابژێرێت، بەڵام دەرفەتێکە کە لانی کەم جارێك لەنزیکەوە ببینم.

ڕۆژی دیاریکراو داهات و شازادە بەهەر یەك لەو کچانەی وت: هەریەکەو تۆوێکتان پێ دەدەم، ئەوەی بتوانێت لەماوەی شەش مانگدا جوانترین گوڵم بۆ بهێنێت، دەبێت بە شاژنی داهاتووی چین. کچی خزمەتکارەکەش تۆوێکی وەرگرت و لەناو گوڵدانێکدا چاندی.

سێ مانگ دەرباز بوو و هیچ گوڵێك نەڕوا. کچە پرس و رای بەچەندین باخەوان کرد و ئەوان چۆنیەتی پەروەردە کردنی گوڵیان فێر کرد، بەڵام بێ ئەنجام بوو، گوڵێك

نەڕوا. ڕۆژی مەبەست گەیشت. کچە بەگوڵدانە بێ گوڵەکەیەوە چاوەڕێ بوو. کچەکانی تر هەریەکەو گوڵی زۆر جوان و لەڕەنگ و شێوەی جۆراوجۆریان لەگوڵدانەکانیاندا هێنابوو.

لەساتی دیاریکراودا، شازادە بەوردی سەیری یەکە یەکەی گوڵدانەکانی دەکردو، لەکۆتاییدا ڕایگەیاند کە کچی خزمەتکار هاوسەری ئایندەی ئەو دەبێت. هەر هەمووی نارەزایەتی پشان دا بەو هۆیەی شازادە کەسێکی هەڵبژاردووە کە لەگوڵدانەکەیدا هیچ گوڵێك نەڕواوە. شازادە ئەو ڕوونکردنەوەیەی دا: ئەم کچە تەنیا کچێکە گوڵێکی بەرهەم هێناوە کە شایەنی هاوسەری ئیمپراتۆر بێت: گوڵی ڕاستگۆیی... هەموو ئەو تۆوانەی بەئێوەم دا نەزۆك بوون، مەحاڵ بوو هیچ کامێکیان ببێت بەگوڵ.

باوەڕپێکراوترین ڕێگە بۆ ئاشکرا کردنی ناوەڕۆکی کەسێک، بەدبەخت کردن و کۆڵەوار کردنی نیە، بەڵکو پێدانی هێز و دەسەڵات بەو کەسەیە.

*"ئابراهام لینکلن"*

## "لەخۆ بایی بوون"

لەڕۆژێکی گەرمدا لقە دارێك بەهەموو هێزی، خۆی راوەشاند. دوابەدوای ئەوە گەڵا زەرد و لاوازەکان جیا بوونەوە و بەهێمنی کەوتنە سەر زەوی.

لقە دارەکە چەندین جار ئەم کارەی بەلەخۆبایی بوونێکی تایبەت دووبارە کردەوە.

گەڵایەکی سەوز و درشت و جوان، قایم بەکۆتایی لقەکەوە لکابوو و، هێشتا لەبەرامبەر هەڵوەرین خۆڕاگری دەکرد. باخەوان بەتەورەکەی دەستیەوە لەناو باخدا هاتووچۆی دەکرد و، دەگەیشتە هەر لقێکی وشك و بێ گەڵا لەبنەوە دەیبڕییەوە و دەیبرد.

کاتێك باخەوان چاوی بەو لقەدارە کەوت، لەگەڵ بینینی تەنیا گەڵا کە پێوەی مابوو لەبڕینەوەی چاوپۆشی کرد. دوای رۆیشتنی باخەوان، دووبارە ئەو لقە خۆویستە چەندین جار خۆی راوەشاند تاوەکو بەناچار گەڵا سەوزەکە، وێڕای خۆڕاگرییەکی زۆر لەلقەکە جیا بۆوە و هەڵوەری.

باخەوان لەڕێی گەڕانەوە، کاتێك چاوی بەو لقە کەوت، دەست بەجێ لەبن بڕییەوە.

تۆ بەندەی ئەوەیت کە تۆی بەند کردووە.

"ابوسعید ابوالخیر"

**"بەردی گرانبەها"**

پیاوێکی دەروێش کە لەکوێستان دەژیا لەپاڵ کانییەك دانیشت تاکو ئاوێك بخواتەوە و پشوو بدات. لەناو کانیاوەکەدا چاوی بە بەردێکی جوان کەوت، هەڵیگرت خستیە ناو هەگبەکەی و درێژەی بەڕێگاکەی دا.

لەڕێدا تووشی گەشتیارێك بوو کە لەتاوی برسیەتی هێزی لێ بڕابوو. بەلایەوە دانیشت و لەناو هەگبەکەی نانێکی بۆ دەرهێنا و پێی دا. کابرای برسی لەکاتی خواردنی نان، لەناو هەگبەکە چاوی بە بەردێکی گرانبەها کەوت. سەیرێکی دەروێشی کرد و وتی: ئایا ئەم بەردە دەدەیت بەمن؟

دەروێش دەست بەجێ بەردەکەی دەرهێنا و دای بەو. کابرا هێندە خۆشحاڵ بوو نەیدەزانی چی بکات. ئەو دەیزانی ئەو بەردە هێندە بەنرخە کە بەفرۆشتنی دەتوانێت تا کۆتایی تەمەنی بەئاسودەیی بژیت. کەوابوو بەردەکەی هەڵگرت و بەپەلە بەرەو شار ڕۆیشت.

دوای چەند ڕۆژ هەمان گەشتیار هاتەوە لای دەروێشەکە و وتی: دەتزانی ئەو بەردە چەندە گرانبەهایە کە زۆر بەئاسانی دات بەمن؟

دوایی دەستی بردە ناو گیرفانی و بەردەکەی دەرهێنا، وتی: من ئەو بەردە دەگەڕێنمەوە دەست تۆ، لەبەرامبەردا شتێکی گرانبەهاترم لێت دەوێت. فێرم بکە کە چۆن دەتوانم وەك تۆ بم.

**گەر شەوێك لەكۆشك و تەلاردا میواندارییت**
**لێ بكەن فریوی زاد مەخۆ، چاوت لەخاوەن**
**ماڵ بێت.**

*"فروغی بسكامی"*

## "ڕەمزی خۆشبەختی"

بازرگانێك بەمەبەستی فێربوونی "ڕەمزی خۆشبەختی" كوڕەكەی نارده لای ژیرترین مرۆڤەكان.

كوڕەكەی چل ڕۆژی تەواو بەناو بیاباندا دەڕۆیشت، تاوەكو لەئاكامدا بەكۆشكێكی جوان گەیشت كە بەسەر شاخێكەوە بوو. ئەو پیاوە ژیرەی كە ئەو بەدوایدا دەگەڕا لەوێ دەژیا.

لەكۆشكەكەدا چووە ناو تەلارێكەوە، كە جۆش و خرۆشێكی زۆری تێدا بەدی دەكرا.

فرۆشیاران هاتووچۆیان دەكرد، خەڵكەكە لەگۆشەیەك گفتوگۆیان دەكرد، ئۆركێسترایەكی بچوك لەگۆشەیەكی تر مۆسیقایەكی ناسكیان پێشكەش دەكرد و، لەسەر مێزێك هەموو جۆرە خۆراكییەكی ئەو ناوچەیە دانرابوو. پیاوی ژیر لەگەڵ ئەم و ئەودا خەریكی گفتوگۆ بوو و، كوڕەكەش ناچار بوو دوو كاتژمێر چاوەڕێ بكات تاكو نۆرەی بێت.

پیاوی ژیر بەوردی گوێی بۆ قسەكانی ئەو لاوە گرت، كە هۆكاری سەردانەكەی ڕوون دەكردەوە، بەڵام پێی وت كە جارێ كاتی نییە "ڕەمزی خۆشبەختی" بۆ ئاشكرا

بکات. ئینجا پێشنیاری بۆ کرد گەشتێك بەناو کۆشکەکەیدا بکات و نزیك دوو کاتژمێری تر بگەڕێتەوە لای.

خاوەن کۆشك ئەوەی بەقسەکانی زیاد کرد: هەروەها دەمەوێت تکایەکتان لێ بکەم. لەو کاتەدا کەوچکێکی بچوکی دایە دەست کوڕە لاوەکە و دوو دڵۆپ ڕۆنی کردە ناو کەوچکەکە، دوایی وتی: بەدرێژایی ماوەی گەشتەکەت ئەو کەوچکەت بەدەستەوە بێت و، ئاگادار بە ڕۆنەکە نەڕژێت.

کوڕە دەستی کرد بەهەڵگەڕان و داگەڕان بەپلیکانەکانی کۆشکدا، لەکاتێکدا چاوی لەسەر کەوچکەکە هەڵنەدەگرت. دوای دوو کاتژمێر گەڕایەوە لای پیاوی ژیر.

کابرا لێی پرسی: ئایا فەرشە ئێرانییەکانی ژووری نان خواردنت بینی؟ ئایا ئەو باخەت بینی کە باخەوانێك دە ساڵ خەریکی رازاندنەوەی بووە؟ ئایا تەماشای بەڵگە و بڕوانامەکانی منت کرد لەکتێبخانەکەمدا، کە هەمووی لەسەر پێستی مامز نەخشێنراوە؟

کوڕەکە بەشەرمەزارییەوە دانی بەوەدا نا کە هیچی نەبینیوە. تەنیا بیر و هۆشی لای پاراستنی ئەو دوو دڵۆپە ڕۆنە بووە کە ئەو پێی ئەسپاردبوو.

- باشە، کەوابوو بگەڕێوە و سەیروسەمەرەکانی دنیای من بناسە، مرۆڤ ناتوانێت متمانە بەکەس بکات تەنیا بەناسینی ئەو ماڵە نەبێت، کە تێیدا نیشتەجێیە.

کوڕەکە ئەمجارە بەدڵگەرمییەکی زیاترەوە بەناو کۆشکدا گەڕا. لەکاتێکدا هەروا کەوچکەکەی بەدەستەوە بوو، بەوردی و سەرنجی تەواوەوە سەیری ئاسەوارە هونەرییەکانی سەر دیوار دەکرد. ئەو باخەکان و کوێستانەکانی دەوروبەری بینی، ناسکی گوڵەکان و وردەکاری لەدانانی نەخش و نیگار، هەر هەمووی شایەنی هەڵوەستە بوون. کاتێك گەڕایەوە لای خاوەن کۆشك هەموو شتێکی بەوردی بۆ باس

کرد. کابرا پرسی: ئەی ئەو دوو دڵۆپە ڕۆنەی بەتۆم ئەسپارد چی لێهات؟ کوڕە سەیری کەوچکەکەی کرد و زانی کە ڕۆنەکەی ڕشتووە. لەو کاتەدا پیاوی ژیر پێی وت: "ڕەمزی خۆشبەختی" لەوەدایە کە هەموو سەیروسەمەرەکانی جیهان ببینیت بێ ئەوەی دوو دڵۆپە ڕۆنی ناو کەوچك فەرامۆش بکەیت.

## "گەشتیار"

گەشتیارێکی ئەمریکی چووە قاهیرە تاکو سەردانی ڕۆحانییەکی گەورە بکات. گەشتیارەکە بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە بینی کە پیاوی ڕۆحانی لەژوورێکی سادەدا دەژی.

ژوورەکە پڕلە کتێب بوو و، جگە لەوە تەنیا مێز و کورسییەك دەبینرا.

گەشتیار پرسی: کوا شتومەکی ناومالّتان؟

ڕۆحانی وتی: هی تۆ لەکوێیە؟

گەشتیار وتی: بەلاّم مانەوەی من لێرە کاتییە و پێویستم بەشتومەك نییە.

پیاوی ڕۆحانی وتی: هەروەها منیش.

"نامەی دووهەم"

## "خۆ بەزل زانین"

لەقوتابخانەیەکدا کوڕی باخەوانێك هەبوو، کە بەهۆی زیرەکی و هۆشیەوە زۆر مایەی سەرنجی مامۆستا بوو. قوتابییەکانی تر کە لەناویاندا منداڵی خانەوادەی دەوڵەمەندیش هەبوو و چاوەڕوان بوون مامۆستا وەکو قوتابی نموونە بیانناسێنێت، لەو بابەتە زۆر رازی نەبوون و لەقسەکانیاندا هەندێك جار گاڵتەیان بەکوڕی باخەوان دەکرد.

لەتەنیشت قوتابخانەکە گۆلێکی زۆر جوان هەبوو کە لەقەراخەکانی قامیشی حەیزەران چەند مەترێك بەرز ببۆوە. رۆژێك لەقوتابخانە جارێکی تر باسی کوڕی باخەوان و هێمنی و هێژایی ئەو کرا و، دووبارە قوتابییەکان گلەیان لەمامۆستا کرد. مامۆستا زەردەخەنەیەکی لێدا و رووله هەمووان وتی: جیاوازی ئێوە لەگەڵ ئەم کوڕە لەشێوەی روانینێکدایە کە سەبارەت بەژیان هەتانە. بۆ ئەوەی هەر ئێستا هەست بەم جیاوازییە بکەن پێم بڵێن کە قامیشەکانی قەراخ ئەو گۆلە بۆچی داهێنراون؟

یەکێك لەقوتابییەکان وتی: ئەم قامیشانە بێ سود و بێ کەڵکن و بوونەتە هۆی ئەوەی رووی جوانی گۆلەکە نەبینرێت و باڵندە و بۆقەکان لەناویاندا هێلانە بکەن. من ئەگەر هێزم بوایە هەموو ئەو قامیشانەم دەسووتاند و دیمەنی جوانی گۆلەکەم دەخستە بەرچاوی دانیشتووانی گوند و گەشتیاران و رێبواران. بەم شێوەیە جوانیە سروشتییەکانی گوندەکەمان دەبووە هۆی راکێشانی گەشتیاران و ئیرە لەبواری ئابوورییەوە گەشەیەکی زیاتری دەکرد.

قوتابییەکی تر وتی: من دەزانم ئەم قامیشانە بۆچی لەقەراخ گۆلەکە رواون. ئەوان لەوێن تاکو خەڵکی گوند بۆ دروست کردنی سەقفی خانوو و کۆگاکان و بەلەم کەڵکی

لیّ وەربگرن. لەلایەکی ترەوە فێنکایی و شێی گۆلەکە بەرەو گوند دێنن و ئاو و هەواکەی هاوسەنگ دەکەن. کەوابوو لەبواری ئابوورییەوە ئەوەندەش بێ کەڵك نین.

مامۆستا خەندەیەك کەوتە سەر لێوی و رووی لەکوڕی باخەوان کرد: تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە؟ کوڕی باخەوان سەری بەرداوە و وتی: قامیشەکان لەقەراخ گۆلەکە شەو و رۆژ وەستاون تاکو شنەیەك بیت و لەبەینیان تێپەڕێت و ئەوان دەنگیان لێوە بێت. کاتێك شنەیەك لەبەینی قامیشەکانەوە تێدەپەڕێت و قامیشەکان دەکەونە ئاهەنگ لێدان ئەوا بەئامانجی خۆیان لەژیاندا گەیشتوون. دوای ئەوە هەر رووداوێك بۆ قامیشەکان روو بدات ئیتر بەلایانەوە گرنگ نیە.

مامۆستا رووی لەقوتابییەکان کردەوە و پێیانی وت: هەمووتان مرۆڤتان خستە ناوەندی بازنە و بوونەوەرانی تری جیهانتان لەخزمەتی خۆتاندا وێنا کردو، لەپەنجەرەی بەرژەوەندی خۆتانەوە سەیری جیهانتان کرد، بەڵام ئەم کوڕە تەنیا کەسێك بوو کە لەدیدی قامیشەوە سەیری ئەم پرسیارەی کرد. ئێستا بەمن بڵێن کامەتان لەپێناسەی گەردوون نزیکترن؟

*تا ئەو کاتەی کە وا بیر دەکەیتەوە تۆ گرنگترین دیاردەی جیهانیت،*

*توانای ناسینی جیهانی دەوروبەرت نابێت.*

*وەکو ئەسپی چاوبەسترای پێشبڕکێ دەبیت و تەنیا خۆت*

*جیا لەهەموو شتێکی تر دەبینیت.*

"دون خوان"

# ٦

## نهۆمی شەشەمی دۆزەخ
## بنەماڵە دۆزەخییەکان

لەهاوسەرگیریدا ئێوە نە ژنن نە پیاو،
عەشقێکن لەنێوان دوو مرۆڤدا.

*"نیسار گاداتا"*

**بەهادارترین سامانێك کە پیاو لەدنیادا بەدەستی دێنێت، دڵی ژنێکە.**

*" جوزیا جی هاڵند"*

**"عەشقی راستەقینە"**

موزس مەندەلسۆن، باپیرەی ئاهەنگسازی بەناوبانگی ئەڵمانی، رواڵەتێکی سەرنج راکێشی نەبوو. بەژنێکی کورت و، کووڕییەکی نەشیاویش لەپشتیدا بوو.

رۆژێك، چاوی کەوت بەبازرگانێك لەهامبۆرگ کە کچێکی خۆشەویستی بەناوی فروجی هەبوو. موزس بەنائومێدییەوە عاشقی ئەو کچە بوو، بەڵام فروجی بەهۆی رواڵەتی نارێکی ئەو گرنگییەکی وەهای پێ نەدەدا.

کاتی ماڵئاوایی، موزس ئازایەتی خۆی پشان دا و بەدڵی خۆی کرد. چووە ژوورەکەی تاکو کەڵك لەدوادەرفەت وەربگرێت و قسەی لەگەڵدا بکات. فروجی کچێکی دڵنزم بوو، بەڵام موزسی بەهەند وەرنەگرت، ئەمەش وای کرد کە موزس بەسەختی دڵگران بێت. بەڵام موزس پاش هەوڵێکی فراوان بەشەرمەوە پرسی: "ئایا باوەڕتان بەوە هەیە کە پەیمانی هاوسەری لەئاسماندا دەبەسترێت؟"

فروجی لەکاتێکدا هێشتا سەیری بەرپێی خۆی دەکرد وتی: "ئەری، ئێوەش باوەڕتان وایە؟"

موزس جوابی دایەوە: "ئەری، من بڕوام بەوە هەیە. ئایا دەزانن لەکاتی لەدایکبوون هەر کوڕێکی خوداوەند لەئاسمان رایدەگەیەنێت کە لەگەڵ کام کچدا هاوسەرگیری دەکات؟ کاتێك کە من هاتمە دنیا، هاوسەری ئایندەم راگەیەنرا. پاشان خوداوەند وتی: "بەڵام هاوسەری تۆ پشت کووڕە."

هەر لەم ساتەدا من هاوارم کرد: "خودایە، ئەوەی کە هاوسەرێکی پشت کوورم بێت کارەساتە. تکایە پشتی من خوار بکە و جوانی بەو ببەخشە."

فروجی سەری بەرز کردەوە و سەیری ناو چاوەکانی موزسی کرد و لەقوڵایی دڵەوە کاریگەر بوو. پاشان چووە پێش و دەستەکانی خستە دەستی مەندەلسۆن و بووبە هاوسەری وەفاداری ئەو.

*"لەزنجیرە کتێبەکانی خۆراکی ڕۆح"*

ئامادەم تەواوی شاکار و کتێبەکانم
لەدەست بدەم، بەمەرجێك لەشوێنێك
ژنێك نیگەرانی من بێت، کە شەو بۆ
نان خواردن درەنگ دێمەوە یان نا.

"تورگینیف"

## "پەیوەندی هاوسەری"

ئێوە بەیەکەوە هاتوونەتە دنیا و دەبێ بەردەوام بەیەکەوە بن.
بەیەکەوە بن تا ئەو کاتەی کە مەرگ باڵەکانی تەمەنتان دەبڕێت
تەنانەت لەبیرەوەری خامۆشی خوداوەندیشدا بەیەکەوە بن
بەڵام با لەکاتی بەیەکەوە بوونتان خۆشییەك لەنێوانتاندا هەبێت و
با شەماڵ لەنێوانتاندا شایی و هەڵپەڕکێ بکات.
یەکترتان خۆش بوێت بەڵام عەشق مەکەن بەزنجیر.
با عەشق هەر وەکو دەریایەکی نائارام لەنێوان کەنارەکانی گیانتان شەپۆل بدات.
پیاڵەکانی یەکتر پڕ بکەن بەڵام لەیەك پیاڵەدا مەخۆنەوە.
نانی خۆتان بۆ یەك بکەن بەدیاری بەڵام هەردووکتان لەیەك نان مەخۆن.
بەشادمانییەوە بەیەکەوە سەما بکەن و ئاواز بخوێنن، بەڵام با هەریەکەو بۆخۆی تەنیا بێت.
هەروەکو ژێی عود کە هەریەکەو بەپلەی خۆی تەنیایە، بەڵام هەمووی بەیەکەوە یەك ئاهەنگ دەژەنێت، دڵەکانتان بەیەك بسپێرن بەڵام مەیکەن بە بەندیخانە بۆ ئەوی تر.
چونکە تەنیا دەستی ژیان دەتوانێت دڵەکانی ئێوە لەخۆیدا رابگرێت.

لای یەك بوەستن، بەڵام نەك زۆر نزیك.

چونكە ستونەكانی پەرستگە بەبوونی مەودایەك لەنێوانیان دەتوانن قورسایی

رابگرن و،

بەڕو و چنار لەسایەی یەكتر گەشە ناكەن.

*"جبران خلیل جبران"*

**کاتێك گۆڕەپانی یاری جێ دەهێڵم بیر کردنەوەکانیشم سەبارەت بەیاری هەر لەوێ جێ دەهێڵم و کاتێك گەڕامەوە بۆ ماڵ دووبارە دەبمەوە بەمێرد و باوك.**

"بو جەکسۆن"

## "درەختی کێشەکان"

پیاوێـك، دارتاشـێکی بـۆ یارمـەتی لەنوێکردنـەوەی خانووەکەیـدا دامەزرانـد. لەهەمان رۆژی یەکەمدا چەند کێشەیەك بۆ کـابرای دارتـاش دروسـت بـوو. سـەرەتا شوشەی ئۆتۆمبیلەکەی شکا و بووبە هۆی ئەوەی کاتژمێرێك لەکاتی بـەفیڕۆ بـچێت. پاشـان مـشارەکەی تێکـچوو. لەکۆتاییـشدا ئۆتۆمبیلـە بارهـەڵگرە کۆنەکـەی ئـیتر دانەگیرسا.

ئـەو پیـاوەی کـە دایمەزرانـدبوو، بڕیـاری دا بیگەیەنێتـەوە ماڵـەوە، لەکاتێکـدا دارتاشەکە لەبێدەنگییەکی قورسـدا مـابۆوە گەیـشتنە ماڵـەوە، دارتاشـەکە فـەرمووی لەکابرا کرد کە بێتە ماڵەوە و چاوی بەخانەوادەکەی بکەوێت.

کاتێك لەدەرگای ماڵەوە نزیك دەبوونەوە، دارتاشەکە لـەنزیك درەختێکـی بـچوك هەندێك وەستا، پـەلێکی دارەکـەی بەهـەردوو دەسـتی گـرت. تـا کـاتی کرانـەوەی دەرگـای مـاڵ گـۆڕانێکی سـەیر بەسـەر روخـسار و رەفتـاری دارتاشـەکەدا هـات. دەموچـاوی بەخەندەیـەك کرایـەوە و پـاش ئـەوە دوو منداڵەکـەی لـەباوەش گـرت و هاوسەرەکەشی مـاچ کـرد. پـاش ناسـاندنی ئـەو پیـاوە بەخانەوادەکـەی، تـا نزیـك

ئۆتۆمبیلەکەی هاوڕێیەتی کرد. ئەوان بە تەنیشت درەختەکەدا تێپەڕین، کابرا خۆی پێ نەگیرا و لەبارەی ئەوەی کە لەنێوان دارتاش و درەختەکەدا رووی دا پرسیاری لێکرد.

دارتاش جوابی دایەوە: ئەو درەختە، درەختی کێشەکانی منە. دەزانم ناتوانێت لەچارەسەر کردنی کێشەکانمدا یارمەتیم بدات، بەڵام لەبەر ئەوەی دڵنیام لەوەی کە کێشەکانم پەیوەندی بەماڵ و منداڵمەوە نیە، هەر بۆیەش شەوانە کاتی هاتنەوەم بۆ ماڵ ئەو کێشانە بەدرەختەکەوە هەڵدەواسم، پاشان کاتی بەیانی هەڵیاندەگرمەوە.

سەیر لەوەدایە کاتێك بەیانی دەچمەوە لای درەختەکە تاکو کێشەکانم هەڵبگرم، زۆربەیان ئیتر لەوێ نەماون و ئەوانی تریش زۆر سوکتر بوونە.

## ئێستا ئیتر . . .

ئێستا ئیتر لەژێر باران تەڕ نابن

چونکە هەر کامێکتان دەبن بەسەرپەنایەك بۆ ئەوی تر

ئێستا ئیتر سەرما ئازارتان نادات

چونکە هەر کامێکتان گەرمکەرەوەی ئەوی تر دەبێت

ئێستا ئیتر تەنیایی ناتانڕەنجێنێت

چونکە هەر کامێکتان هاودەم و هاوڕێی ئەوی تر دەبێت

ئێستا ئیتر یەك رۆحن لە دوو جەستەدا

بڕۆن و لەکەپری عەشقدا نیشتەجێ بن

و رۆژەکانی بەیەکەوە بوونتان دەست پێ بکەن

بەئومێدی ئەوەی لەم جیهانە خاکییەدا رۆژگەلی خۆش

و پیرۆزتان لەپێشەڕۆدا بێت

*" نزای ئاپاشە "*

گەورەترین خزمەتی کۆمەڵایەتی کە تاکێک دەتوانێت بەوڵاتەکەی بکات پەروەردە و گەشە پێدانی خانەوادەکەیەتی.

"بەرنارد شاو"

## "بەهەشت واتە کۆڕی بەتینی خانەوادە"

لەدوا رۆژی تاقیکردنەوەکانی زانکۆ، مامۆستا بەسەختی کارتۆنێکی قورسی هێنایە ناو پۆلەکە. کاتێك کە دانیشتنەکەمان فەرمی بوو، مامۆستا گلاسێکی گەورەی لەناو کارتۆنەکە دەرهێنا و لەسەر مێز داینا. پاشان چەند بەردی لەناو کارتۆنەکە هەڵگرت و خستنیە ناو گلاسەکەوە. ئینجا پرسیاری لەقوتابییەکان کرد، کە بەسەرسوڕمانەوە سەیریان دەکرد: "ئایا گلاسەکە پڕ بووە؟" هەموو وتیان: "بەڵێ پڕ بووە."

مامۆستا هەندێك وردە بەردی تری لەناو کارتۆن دەرهێنا و خستیە سەر بەردەکانی ناو گلاسەکە. دواتر گلاسەکەی کەمێك لەقاند تاکو وردترەکان بخزێنە کەلێن و بۆشایی بەینی بەردەکان. پاشان لەقوتابییەکانی پرسی: "ئایا گلاسەکە پڕ بووە؟" هەموویان جوابیان دایەوە: "بەڵێ پڕ بووە!"

مامۆستا دووبارە دەستی خستەوە ناو کارتۆنەکە و چەند مشت لمی دەرهێنا و لەناو گلاسەکە رژی کرد. گەردەکانی لم بەئاسانی بۆشایی بەینی بەرد و وردە بەردەکانی پڕ کردەوە. ئەم جارە بەرلەوەی مامۆستا پرسیارێك بکات، قوتابییەکان بەپێکەنینەوە هاواریان کرد: "بەڵێ پڕ بووە!"..

دوای ئەوەی پێکەنینەکان کۆتایی هات، مامۆستا وتی: "ئەم گلاسە شوشەی تەمەنی ئێوەیە و ئەو بەردە خڕانە شتە گرنگەکانی ژیانی ئێوەن، وەکو تەندروستی، خانەوادە، منداڵ و هاوڕێکانتان. ئەو شتانەن کە ئەگەر هەر شتێکی تر لەدەست بدەن و تەنیا ئەمانەتان بۆ بمێنێتەوە، هێشتاش ژیانی ئێوە پڕە.

مامۆستا سەیرێکی قوتابییەکانی کرد و بەردەوام بوو: "وردە بەردەکانیش شتی ترن کە لەژیاندا گرنگن، وەکو پیشە، خانوو، لەکانیش شتە بچوك و کەم بەهاکانی ژیانن. ئەگەر ئێوە سەرەتا لم بکەنە ناو گلاسەکە، ئیتر شوێنێك بۆ بەرد و چەو نامێنێتەوە."

لەژیاندا هۆش و ئاگاییتان بخەنە سەر شتگەلێك کە بەڕاستی گرنگن. هاوسەرەکەتان بۆ نانی ئێوارە بەرنە رێستوران، لەگەڵ منداڵەکانتان یاری بکەن و سەردانی خزم و هاوڕێکانتان بکەن. سەرەتا بەبەردە گەورەکانی ژیانتان بگەن، شتەکانی تر لەئاستی گەردەکانی لمدان.

باشترین خولەك کە بەسەری دەبەن،

ئەو خولەکەیە کە لەگەڵ خانەوادەکەتان دان.

"کۆنت بلانکارد"

**ڕێگەی کامەرانی پڕە لەو ژنانەی کە مێردەکانیان بۆ پێشەوە هان دەدەن.**

*"تۆماس دوار"*

**"لەپشت هەر پیاوێکی گەورە، ژنێکی گەورە هەیە"**

تۆماس هیلەر، بەڕێوەبەری جێبەجێکردنی کۆمپانیای بیمە لەگەڵ هاوسەرەکەی لەسەر شەقامێکی سەرەکی خەریکی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بوو، کاتێك زانی بەنزینی پێ نەماوە. هیلەر لەسەر شەقامی سەرەکی لایدا و زۆر زوو بەنزینخانەیەکی وێرانەی دۆزییەوە کە تەنیا یەك پەمپی هەبوو.

داوای کرد ئۆتۆمبیلەکەی بۆ پڕ بکەن لەبەنزین و ڕۆنەکەشی بگۆڕن.

پاشان، بۆ ئەوەی ماندوویی دەربکات و قاچەکانی بحەسێنەوە، دەستی کرد بەپیاسە کردن لەدەوروبەری بەنزینخانەکە.

کاتێك بەرەولای ئۆتۆمبیلەکەی دەگەڕایەوە بینی کە هاوسەرەکەی و کابرای بەنزینخانە بەگەرمی گفتوگۆ دەکەن، بەڵام کاتێك زانیان ئەو سەیریان دەکات، کۆتاییان بەگفتوگۆ هێنا. کاتێك سواری ئۆتۆمبیلەکەی بۆوە، بینی کابرا دەست بۆ ژنەکەی با دەدات و، بیستی کە دەڵێت: "گفتوگۆیەکی زۆر باش بوو."

پاش دەرچوونیان لەو شوێنە، هیلەر لەژنەکەی پرسی کە ئایا ئەو پیاوە دەناسێت. ئەو دەست بەجێ رایگەیاند کە دەیناسێت. ئەوان لەقۆناخی ئامادەیی بەیەکەوە دەیانخوێند و بۆ ماوەی ساڵێك دەستگیران بوون.

هیلەر بەغرورەوەوتی: "هۆی خانم، شانست هێنا کە تووشی من بوویت. ئەگەر شووت بەو بکردایە، لەباتی ئەوەی ژنی بەڕێوەبەری گشتی بیت، ئێستا هاوسەری کرێکارێکی بەنزینخانە بوویت."

ژنەکەی جوابی دایەوە: "ئازیزەکەم، ئەگەر شووم بەو بکردایە، ئەو بەڕێوەبەری گشتی بوو و تۆش کرێکاری بەنزینخانە بوویت!

هەموو رق و کینێك لەسەر دڵی بەهەشتییەکان
لادەچێت و برایانە رووبەڕووی یەکتر دادەنیشن.
*" سورەی حەجەرات، ٤٧ "*

## " ئێمە بۆ پێکەوەنان هاتین "

ساڵانێك دوو برا لە کێڵگەیەك دەژیان کە لەباوکیانەوە پێیان گەیشتبوو. رۆژێکیان لەبەر لێك تێنەگەیشتنێکی بچوك، بەیەکەوە گیرەیان بوو. پاش چەند هەفتە بێدەنگی، ناکۆکیان زیاد بوو و لێك جیا بوونەوە.

سەرلەبەیانی رۆژێك لەدەرگای ماڵی برا گەورەکە درا. کاتێك دەرگای کردەوە، پیاوێکی دارتاشی بینی. دارتاشەکە وتی: " من چەند رۆژێکە بەدوای کاردا دەگەڕێم، وتم لەوانەیە هەندێك وردەکاریتان لەماڵ یان کێڵگەدا هەبێت، ئایا دەتوانم هاوکاریتان بکەم؟ "

برای گەورەتر جوابی دایەوە: " بەڵێ، لەڕاستیدا من هەندێك کارم هەیە. سەیری ئەو جۆگە ئاوە بکە لەناوەڕاستی کێڵگەکە، ئەو دراوسێیە لەڕاستیدا برای بچوکی منە. هەفتەی رابردوو چەند کەسی دامەزراند بۆ ئەوەی ناوەڕاستی کێڵگەکە هەڵبکەنن و ئەم جۆگەلەیە لەبەینی زەوییەکانماندا دروست بکەن. دڵنیام لەوەی کە لەڕقی من ئەم کارەی کردووە. "

پاشان ئاماژەی بۆ کۆگای کێڵگەکە کرد و وتی: " لەوێدا بڕێك دار و تەختەم هەیە، دەمەوێت لەنێوان کێڵگەی من و براکەمدا پەرژینێك دروست بکەیت تاکو ئیتر چاوم بەو نەکەوێت. "

دارتاشەکە ئەرێی کرد و دەستی کرد بەپێوان و بڕینەوەی دارەکان. برا گەورە بەدارتاشەکەی وت: "من بۆ کڕینی شتومەك دەچمە شار، ئەگەر شتێکت پێویستە با بۆت بکڕم؟"

دارتاش کە سەرقاڵی کار کردن بوو جوابی دایەوە: "نا، هیچ پێویستییەکم نیە."

دەمەو ئێوارە کاتێك برای جووتیار هاتەوە، چاوەکانی لەبەر سەرسوڕمان زەق بوونەوە. پەرژینێك لەئارادا نەبوو. دارتاشەکە لەباتی پەرژین پردێکی لەسەر جۆگە ئاوەکە دروست کردبوو.

جووتیار بەتوڕەییەوە رووی لەدارتاشەکە کرد و وتی: "من بەتۆم نەوتبوو پەرژینم بۆ دروست بکەیت؟" هەر لەم کاتەدا برا بچوکەکەی لەڕێوە گەیشت و لەگەڵ بینینی پردەکە وایزانی براکەی فەرمانی دروست کردنی داوە. لەپردەکە پەڕیەوە و برا گەورەکەی لەباوەش گرت و لەبەر هەڵکەندنی جۆگەکە داوای لێبوردنی لێکرد.

کاتێك براگەورەکە گەڕایەوە دارتاشەکەی بینی کە شتومەکەکانی لەسەر شانی داناوە و دەیەوێت بڕوات. جووتیار چووە لای و دوای دەستخۆشی لێکردن، داوای لێکرد تاکو چەند رۆژێك میوانی ئەو و براکەی بێت.

دارتاش وتی: "حەز دەکەم بمێنمەوە، بەڵام زۆر پردی وا هەیە کە دەبێت دروستیان بکەم."

بڕیاردان بۆ بوونی منداڵ، بابەتێکی ئاساییە، ئەم کارە واتە بڕیاردان بۆ ئەوەی دڵی ئێوە هەمیشە لەدەرەوەی جەستەتان لەلێدان بەردەوام بێت.

*"ئەلیزابت ستۆن"*

## "بەنرخترین دارایی"

"فرید کراك" مامۆستای خانەنشینی ئیلاهیات، لەبارەی یەکێك لەهاوپۆلیەکانی خۆی لەزانکۆ چیرۆکێکی دەگێڕایەوە. ئەم کەسە وەکو راگەیەنەر لەچین خزمەتی دەکرد و لەگەڵ هاوسەر و دوو منداڵەکەی چەند ساڵێك لەوێ بوون.

رۆژێك سەربازەکان بێ ئەوەی پێشتر ئاگاداریان بکەنەوە بەر دەرگایان پێ گرتن و ئەم خانەوادەیان خستە ژێر چاودێرییەوە. تاکو چەند رۆژ نەیاندەزانی ئاکامی ئەم کارە بەکوێ دەگات.

پاشان لەناکاو سەربازەکان پێیان وتن: ئێوە سەربەستن بگەڕێنەوە بۆ ئەمریکا. ئەوان کردیان بەجەژن و شایی! سەربازەکان بەفەرمانێك کە لەئاستە بالاکانەوە هێنابوویان، بوونە هۆی ئەوەی کە جەژن و شاییەکەیان تێك بچێت، فەرمانەکە ئەمە بوو کە ئەوان بۆیان نەبوو زیاتر لە نەوەد کیلۆگرام بار لەگەڵ خۆیاندا بەرن.

ئەم خانەوادەیە ساڵانێك لەچین مابوونەوە و لەم ماوەیەدا زۆر شتومەکیان کۆ کردبۆوە. بڕیاردان لەسەر ئەوەی چی هەڵبگرن و چی بهێڵنەوە، بۆیان بوو بەگرفتێکی گەورە. ژنەکە وتی: "ئێمە دەبێ ئەم گوڵدانە لەگەڵ خۆماندا بەرین، زۆر گرانبەهایە و هەرگیز ناتوانین هاوتاکەی بدۆزینەوە." مێردەکەی جوابی دایەوە:

"لەبیرت نەچێت کە ئەم ئامێری چاپە تازەیە و دەبێ لەگەڵ خۆماندا بیبەین." ئەوان هەروا لەسەر هەڵسەنگاندنی شتومەکەکان بەردەوام بوون.

لەئەنجامدا توانیان نەوەد کیلۆگرام بار بۆخۆیان بخەنە لاوە. بەسەربازەکانیان راگەیاند کە ئامادەی رۆیشتنن. سەربازەکان پرسیان: "ئایا هەموو شتومەکەکانتان کێشاوە؟" پیاوی ماڵەوە جوابی دانەوە: "بەڵێ کێشاومانە، ئێمە رێک نەوەد کیلۆگرامان جیا کردۆتەوە."

دواتر سەربازەکان پرسیان: "ئایا منداڵەکانتان کێشاوە؟" ژن و مێردەکە حەپەسان و وتیان: "بەدڵنیاییەوە نا، ئەوانمان نەکێشاوە." یەکێك لەسەربازەکان بەپرتاو وتی: "ئێوە دەبێ منداڵەکانیشتان بکێشن، ئەوانیش بەبار دەژمێردرێن." لەو ساتەدا ئامێری چاپ، گوڵدان و شتەکانی تر لەبەرچاویان تەواو بێ کەڵك و وەکو زبڵ بوو. ئیتر هیچ کامێکیان ئەو نرخەی پێشووی نەما.

مندالٚ وەکو چیمەنتۆی تەڕە، ئەوەی
بکەوێتە سەری شێوەی پیٚ دەدات.

*" ئەندێشەکانی بەرێوەبەرێتی"*

## " منداڵان چۆن فێر بن وەها دەژین "

ئەگەر منداڵ لەگەڵ رەخنەدا بژی،
فێری تاوانبار کردن دەبێت.
ئەگەر منداڵ بەکینە و دوژمنایەتی بژی،
فێری شەڕخوازی دەبێت.
ئەگەر منداڵ لەگەڵ ترسدا بژی،
فێری ترساندن دەبێت.
ئەگەر منداڵ لەگەڵ هەستی بەزەییدا بژی،
فێر دەبێت کە لەبارەی خۆیەوە هەست بەداخ بکات.
ئەگەر منداڵ لەگەڵ شەرمەزارییدا بژی،
فێر دەبێت کە هەست بەتاوان بکات.
ئەگەر منداڵ لەگەڵ ئیرەییدا بژی،
فێر دەبێت کە ئیرەیی بەم و بەو ببات.
ئەگەر منداڵ بەئاگادار بوون لەتواناکانیەوە بژی،
فێر دەبێت کە متمانەی بەخۆی بێت.
ئەگەر منداڵ بەپشتگیرییەوە بژی،
فێر دەبێت کە خۆی خۆش بوێت.

ئەگەر منداڵ لەگەڵ بینین و ناسیندا بژی،

فێر دەبێت کە لەژیانیدا ئامانجی هەبێت.

ئەگەر منداڵ لەگەڵ بەخشیندا بژی،

فێری بەخشندەیی دەبێت.

ئەگەر منداڵ لەگەڵ راستگۆیی و دادپەروەریدا بژی،

فێر دەبێت کە راستگۆ و چاکەکار بێت.

ئەگەر منداڵ بەئاسایشەوە بژی،

فێر دەبێت کە متمانەی بەخۆی و دەوروبەری هەبێت.

ئەگەر منداڵ بەخۆشەویستی و دڵنزمییەوە بژی،

فێر دەبێت کە جوانییەکانی ژیان ببینێت.

ئەگەر منداڵ لەگەڵ سەبردا بژی،

فێری خۆڕاگری دەبێت.

ئایا منداڵی ئێوە چۆن دەژی؟

"دورتی ئیل. نۆلت"

ئاخ ئەی دڵ.. ئەگەر کەسێك بەتۆ بڵێت
کە ڕۆح هەروەك جەستە کاتیە، وەڵام
بدەرەوە کە گوڵ دەژاکێتەوە، بەڵام تۆو
دەمێنێتەوە، ئەمە یاسای خوداوەندە.
*" جبران خلیل جبران"*

## "ئەو فریشتەیەك بوو"

دەرگای ژووری دکتۆر بەتوندی لێدرا. دکتۆر وتی: "دەرگاکەت شکاند! وەرە ژوورەوە"

دەرگا کرایەوە و کچێکی بچکۆلانەی نۆ ساڵە کە زۆر پەرێشان دیار بوو، بەڕاکردن چووە لای دکتۆر: "جەنابی دکتۆر. دایکم!" لەکاتێکدا هەناسەی پێ نەمابوو، بەردەوام بوو: "تکاتان لێدەکەم لەگەڵمدا وەرن! دایکم زۆر نەخۆشە."

دکتۆر وتی: "دەبێ دایکت بهێنیت بۆ ئێرە، من سەردانی ماڵی کەس ناکەم."

کچەکە وتی: "بەڵام دکتۆر، من ناتوانم. ئەگەر ئێوە نەیەن ئەو دەمرێت!" فرمێسك بەچاوەکانیدا هاتە خوار.

دکتۆر دڵی نەرم بوو و بڕیاریدا لەگەڵیدا بڕوات. کچە دکتۆرەکەی بۆ لای ماڵەوە ڕێنمایی کرد، شوێنێك کە دایکە نەخۆشەکەی لەناو جێدا کەوتبوو.

دکتۆر دەستی کرد بەپشکنین و توانی بەدەرزی و حەب لەرز و تاکەی دابەزێنێت و رزگاری بکات. ئەو بەدرێژایی شەو لای ژنەکە مایەوە، تا بەیانی کە ژنەکە رەنگ و رووی هاتەوە بەر.

ژنە بەسەختی چاوەکانی هەڵهێنا و سوپاسی دکتۆری کرد بۆ ئەو کارەی کە لەگەڵ ئەودا کردبووی.

دکتۆر پێی وت: "دەبێ سوپاسی کچەکەت بکەیت، ئەگەر ئەو نەدەبوو بێگومان دەمردی!"

ژنە بەسەرسوڕمانەوە وتی: "بەڵام دکتۆر، کچەکەی من سێ ساڵ دەبێت مردووە!" و ئاماژە بەوێنەی کچەکەی کرد لەسەر تەختەکەی.

لەگەڵ بینینی وێنەکە، دکتۆر هەر دوو ئەژنۆی سست بوو. ئەمە هەمان کچ بوو! فریشتەیەکی بچوك و جوان.

مندالْ هەڵگری پەیامی خوداوەندە. ئەوان رۆژانە بۆ ئامۆژگاری لەبارەی عەشق، ئومێد و ئاشتی دەنێردرێنە سەر ئەم دنیایە.

*"جین راسل لوول"*

**"منداڵان"**

منداڵانی ئێوە لەڕاستیدا منداڵی ئێوە نین، ئەوان کچان و کوڕانی ژیانن بەشوێن خۆیاندا. ئەمە ناوەڕۆکی ژیانە کە بەشۆقی دیداری خۆی هەر ساتەو لەگۆشەیەك سەر دەربهێنێتەوە. ئەوان لەکۆڵانی بوونی ئێوەوە تێدەپەڕن بەڵام لەئێوە نین و، گەرچی لەگەڵ ئێوەدان، هی ئێوە نین.

عەشقی خۆتان پێشکەش بەوان بکەن، بەڵام ئەندێشەکانتان بۆ خۆتان هەڵبگرن،

چونکە ئەوانیش بۆخۆیان ئەندێشەیەکی تریان هەیە.

جەستەیان لەماڵی خۆتاندا نیشتەجێ بکەن، بەڵام رۆحیان رەها بکەن.

چونکە رۆحی ئەوان لەخانەی "سبەی"دا دەژی،

کە ئێوە تەنانەت لەخەیاڵیشدا ناتوانن چاوتان پێی بکەوێت،

لەوانەیە هەوڵ بدەن کە هاوشێوەی ئەوان بن، بەڵام بۆ ئەوە

تەقەللا مەکەن کە وەکو خۆتان گەورەیان بکەن،

چونکە کات بۆ دواوە ناگەڕێتەوە و لەدوێنێدا ناوەستێت.

ئێوە کەمانێکن کە لێیەوە منداڵەکانتان هەروەك تیری گیانلەبەر بەرەو ئایندە دەهاوێژرێن.

*"جبران خلیل جبران"*

**من وەکو خۆم حەزم لەشلك و خامەیە، بەڵام بەوەم زانیوە کە ماسی حەز لەکرم دەکات. کەوابوو کاتێك دەچم بۆ ماسی گرتن، ئیتر بیر لەوە ناکەمەوە کە خۆم چیم دەوێت بەڵکو لەفکری ئەوەدا دەبم کە ماسی چی دەوێت.**

*"ئەندێشەکانی بەڕێوەبەرێتی"*

## "مافی هەڵبژاردن"

یەکێك لەموریدەکانی شەمسی تەبریزی لێی پرسی: چۆن رووتان کردە پیشەی رۆحانیەت؟ شەمسی تەبریزی وتی: دایکم لەبارەی منەوە دەیووت ئەوەندە شێت نیم کە بمبەن بۆ شێتخانە و ئەوەندەش پیرۆز نیم کە بچم بۆ پەرستگایەك. کەوابوو بڕیارم دا روو لەتەسەوف بکەم.

- ئەم بابەتەتان چۆن بۆ دایکتان روون کردەوە؟
- بەگێڕانەوەی ئەم چیرۆکە: جوجکە مراوییەکیان لای پشیلەیەك دانا، تاکو پشیلە چاودێری بکات. پشیلەکە وایزانی کە منداڵی خۆیەتی و جوجکە مراویش پشیلەی بەدایکی خۆی دەزانی و لەهەموو شتێکدا لاسایی دەکردەوە. تاوەکو رۆژێك دوو بەدوو لای گۆلێکەوە تێدەپەڕین. جوجکە مراوی دەست بەجێ خۆی خستە ناو ئاوەکە و پشیلە تۆقی، هاواری کرد: وەرە دەرەوە، ئێستا دەخنکێیت.

جوجکە مراوی جوابی دایەوە: نا دایکە، تێگەیشتم لەچیدا بەتوانام و دەزانم لەژینگەی شیاوی خۆمم، هەر لێرە دەمێنمەوە، بەڵام ئێوە هەرگیز تێناگەن مەلە کردن چ چێژێکی هەیە.

*" چیرۆکگەلێك بۆ باوکان، منداڵان، نەوەکان"*

تۆ چی بیت منداڵەکانت دەبن بەوە
کەوابوو تۆ شتێك بە کە دەتەوێت
منداڵەکانیشت ئەو شتە بن.
*" دەیوید بیلی "*

**" پیاوانی بەهەشت + ژنانی بەهەشت = منداڵانی بەهەشت "**

باوکم میوە و سەوزەی دەفرۆشت و، لەکۆڵانێکی شاری ماساچوست شتەکانی لەپشتی پیکابێك دەنا و دەیفرۆشت. کاتێك نۆ ساڵان بووم، رۆژێك باوکم داوای لێکردم کارتۆنێك شلك کە تارادەیەك رزیبوو، فڕێ بدەم.

تکام لێکرد ئەگەر بکرێت ئەو کارتۆنە بۆ من بێت. لەبەر ئەوەی ئەو دەیەوێت فڕێی بدات. ئەو وتی نا. وێڕای ئەوەی بەتەما بوو بیخاتە ناو تەنەکەی خۆڵەوە، بەمنی نەدەدا، چونکە بەلاش نەیاندابوو بەو. بەڵام پێشنیاری بۆ کردم کە بەقەرز و بەمەرج پێم دەفرۆشێت.

مەبەست لە (بەمەرج) ئەوە بوو کە ئەگەر من بۆ فرۆشتنم نەبوایە هیچی پێ قەرزدار نەبووم. من رەزامەند بووم و خێرا دەستمان کرد بەدانانی نرخ. لەبیرمە کە نرخەکەی زۆر کەم بوو. پاشان دوو هێندەی کرد و روونی کردەوە کە ئەو زیادەیە بۆ قەرەبوو کردنەوەی مەترسی دارایی خۆیەتی. ئەمە یەکەم ئەزموونم بوو لەبارەی قەرز و بەرژەوەندییەکانی سەرمایەگوزاری.

شلکەکانم جیا کردەوە، ساغەکانم خستە ناو کارتۆنێکی پاك و ئەوی ترم رشت. لەماوەی پاشان لەسەر داشقەکەم دانا و بردم بۆ ماڵەکانی کۆڵانی پشت کۆگاکەمان. کەمتر لەکاتژمێرێکدا هەموویم فرۆشت و گەڕامەوە تاکو برێکی زیاتر شلك

وەربگرم. ئەو رۆژە ئیتر شلك نەمابوو بۆ فرۆشتن. بەڵام باوكم، بەهەمان مەرج، برێك گەنمەشامی و پەتاتەی ماوەی پێدام. ئەوانیشم خێرا فرۆشت.

لەوە بەدواوە، هەركات كارێكی باش و تایبەتی وەكو خاوێن كردنەوەی كۆگا یان گسك لێدان یان بریقاندنەوەی سێوەكانم ئەنجام دەدا، داشقەیەكی پڕلە میوەی بەمن دەدا تاكو بیبەم بۆ فرۆشتن، وای لێهات پارەیەكی باشم دەست دەكەوت و پاش دانی پشكی باوكم بەپێی رێككەوتنەكەمان، ئەوەی ترم بۆخۆم هەڵدەگرت. قسە كردن لەگەڵ باوكم لەسەر نرخەكان بووبە هۆی ئەوەی كە وا هەست بكەم لەگەڵیدا یەكسانم.

سەرەڕای ئەوەی تەمەنم لەنۆ ساڵ زیاتر نەبوو، ئەم كارە وای دەكرد كە متمانە بەخۆ بوونم زیاد بێت. دایكم هەمیشە لەگەڵ ئێمە بوو و یارمەتی دەدا جیاوازی بۆچوونەكانمان لەبارەی بەهای پەتاتە نیوە رزیوەكان یەك بخەین و، هەرگیز لەڕووی خۆشەویستی یان دڵسۆزی، لایەنگری لەكوڕەكەی یان مێردەكەی نەدەكرد. ئەو تەنیا جەختی لەسەر ئەوە دەكردەوە كە هەردووكمان لەگەڵ یەكدا یەكسان و بێ فڕوفێڵ بین.

*" ریك جلیناس، ئەوەی دەتانەوێت بیپرسن. . . "*

**" عەشقی بێ خەوش "**

سەربازێك پاش شەڕی ڤێتنام ویستی بگەڕێتەوە بۆ ماڵ. پێش ئەوەی بگاتـەوە مـاڵ لەنیۆیۆرکەوە پەیوەندی کرد بەدایك و باوکی: دایك و باوکی خۆشەویستم شەڕ تەواو بووە و من دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵ، بەڵام تکایەکم لێتان هەیە. هاوڕێیـەکم هەیـە کە دەمەوێت لەگەڵ خۆمـدا بیهێنمـەوە بـۆ مـاڵ. دایـك و بـاوکی لەوەڵامـدا وتیـان: بەوپەڕی حەزەوە دەمانەوێت ببینین. کوڕەکـە بـەردەوام بـوو: بـەڵام بابـەتێك هەیـە لەبارەیەوە کە دەبێت بیزانن. ئەو لەشەڕدا بەسەختی بریندار بـووە و لـەئاکامی چوونە سەر مین دەست و قاچێکی لەدەست داوە و بێ جێ و ڕێیە. من دەمـەوێت ڕێگـە بـدەن لەگەڵ ئێمەدا بژی. باوکی وتی: کوڕی خۆشەویستم، بەداخەوەم کە ئەم کێشەیە بۆ هاوڕێکەت هاتۆتە پێش. ئێمە هاوکـاری دەکـەین تـاکو لـەناو شـار جێیـەك بـۆ ژیـان بدۆزێتەوە. کوڕە وتی: نا من دەمەوێت ئەو لەماڵی ئێمەدا بمێنێتەوە. ئـەوان لەوەڵامـدا وتیان: نا، کەسێك بەم بارودۆخە دەبێتە سەرئێشە بۆمان. ئێمـە تـەنیا لەئاسـت ژیـانی خۆمـان بەرپرسـیارین و ڕێگـە نـادەین ئـەو ئۆقرەمـان لـێ هـەڵبگرێت. باشـتر وایـە بگەڕێیتەوە بۆ ماڵ و ئەویش فەرامۆش بکەیت.

لەو کاتەدا کوڕە بەدڵشکاوی تەلەفۆنەکەی داخست و دایك و بـاوکی ئـیتر دەنگی کوڕەکەیان نەبیست. دوای چەند ڕۆژ پۆلیسی نیۆیۆرك ماڵی کوڕەی ئاگـادار کـردەوە کە جگەرگۆشەکەیان لەڕووداوێکی کەوتن لەبینایەکی بڵندەوە گیانی لەدەست داوە و، ئەوان گومانی خۆکوشتن دەکەن. دایك و باوکی پەرێشان و شێواو بـەرەو نیۆیـۆرك بەڕێ کەوتن و، بۆ ناسینەوەی تەرمی کوڕەکەیان سەردانی پزیشکی یاساییان کرد. لەگەڵ بینینی تەرمەکە، دڵی دایك و باوکی لەلێدان وەستا. کوڕەکـەیان دەسـت و پێیەکی نەمابوو.

## "فریشتەیەك بەناوی . . . ؟"

کۆرپەیەك کە ئامادەی هاتنە دنیا بوو چووە لای خـودا و لێی پرسـی : دەڵێن ئێوە بەیانی دەمنێرن بۆ سەر زەوی ، بـەڵام مـن بـەم بـچوکیە و بـێ هـیچ یارمەتییـەك چۆن دەتوانم بۆ ژیان کردن روو لەوێ بکەم؟

خودا جوابی دایەوە : من لەناو کـۆی فریـشتەکان ، یـەکێکیانم بـۆ تـۆ دەستنیـشان کردووە . ئەو لەچاوەڕوانی تۆدایە و ئاگاداری لەتۆ دەکات .

کۆرپەڵە دووبارە جوابی دایەوە : بەڵام لێرە (بەهەشـت) ، مـن جگـە لەپێکـەنین و ئاواز هیچ کارێکی ترم نییە و ئەمانە بۆ دڵخۆشی من بەسن .

خودا وتی : فریشتەکە ئاوازت بۆ دەخوێنێت و هەموو رۆژ بـەدەمت پێدەکـەنێت . تۆ هەست بە عەشق دەکەیت و دڵخۆش دەبیت .

کۆرپەڵە درێژەی بەقسەکانی دا : من چـۆن دەتـوانم تێبگـەم خـەڵك دەڵێن چی ، کاتێك لەزمانەکەیان تێناگەم؟

خودا لاواندیەوە و وتـی : فریـشتەکەت جـوانترین و شـیرنترین وشـەت بەگوێدا دەچرپێنێت و ، بەوردی فێرت دەکات چۆن قسە بکەیت .

منداڵەکە سەری وەرسوڕاند و پرسی : بیستوومە کە لەسەر زەوی مرۆڤی خـراپیش هەن . کێ پارێزگاری لەمن دەکات؟

خوداوەند بەردەوام بوو : فریشتەکەت پارێزگاریت لـێ دەکـات ، تەنانـەت ئەگـەر گیانی خۆیشی لەسەر دانابێت . منداڵەکە بەنیگەرانییەوە وتی : بەڵام مـن هەمیشە بـەو هۆیەی کە ئیتر ناتوانم ئێوە ببینمەوە دڵگران دەبم .

خوداوەند وتی : فریشتەکەت لەبارەی منەوە بۆت دەدوێت و رێی گەڕانەوە بـۆ لای منت پیشان دەدات . گەرچی من هەمیشە لەتۆوە نزیك دەبم .

لەو کاتەدا، بەهەشت هێمن بوو. بەڵام دەنگێك لەزەوییەوە دەبیسترا. منداڵەکە دەیزانی کە بەمزووانە دەبێ سەفەرەکەی دەست پێ بکات. ئەو بەهێمنی پرسیارێکی تری لەخودا کرد: خودایە ئەگەر دەبێ هەر ئێستا بڕۆم، تکایە ناوی فریشتەکەم پێ بڵێ.

خوداوەند جارێکی تر دەستی بەسەردا کێشا و جوابی دایەوە: ناوی فریشتەکەت گرنگ نییە، بەئاسانی دەتوانی بە "دایە" ناوی بەریت!

خوداوەند نەیدەتوانی لەهەموو شوێنێك بێت

لەمڕووەوە دایکی ئافراند

" پەندێکی عەرەبی"

میراتی ئەو بۆ منداڵەکانی وتەکان یان داراییەکانی نەبوو، بەڵکو خەزێنەیەکی نەووتراو بوو، خەزێنەی سەرمەشق وەکو مرۆڤێك و باوکێك.

" ویل راجەرز "

## " پێشکەش بەباوکان "

کوڕێك لەپەیمانگا خوێندنی تەواو کرد. چەند مانگێك بوو کە ئۆتۆمبیلێکی سپۆرتی جوان لەپێشانگایەك سەرنجی زۆر راکێشابوو و، لەقوڵایی دڵیەوە ئاواتی دەخواست رۆژێك ببێت بەخاوەنی ئەو ئۆتۆمبیلە.

کوڕەکە داوای لەباوکی کردبوو کە بۆ خەلاتی دەرچوونەکەی، ئەو ئۆتۆمبیلەی بۆ بکڕێت. ئەو دەیزانی کە باوکی توانای کڕینی نییە. لەئاکامدا رۆژی جەژنی دەرچوون داهات و باوکی بانگی کرد بۆ ژوورەکەی خۆی و پێی وت: من لەوەی کە کوڕێکی وەك تۆ باشم هەیە زۆر دڵخۆشم و تۆم زیاتر لەهەر کەسێکی تر لەم دنیایە خۆش دەوێت. پاشان دیارییەکی پێچراوی دا بەکوڕەکەی.

کوڕە تامەزرۆ، بەڵام بە نائومێدییەوە دیارییەکەی کردەوە و تیایدا کتێبێکی ئینجیلی بینی کە بەرگەکەی بەزێڕ کوترابوو. بەتوڕەییەوە دەنگی بەسەر باوکیدا بەرز کردەوە و وتی: وێڕای هەموو ماڵ و داهاتەکەت تەنها ئینجیلێکم پێ دەدەیت؟ کتێبی پیرۆزی لەسەر زەوی دانا و باوکی جێ هێشت.

ساڵ هات و چوو پیاوی لاو لەکاری بازرگانیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ماڵێکی خۆش و خانەوادەیەکی زۆر باشی هەبوو. رۆژێکیان بیری لەوە کردەوە کە

سەردانی باوکە پیرەکەی بکات، لەو رۆژەوە کە جێی هێشتبوو چاوی بەباوکی نەکەوتبۆوە. بەڵام بەرلەوەی بچێت بۆلای باوکی تەلەگرافێکی بەدەست گەیشت کە تیایدا هەواڵی کۆچی دوایی باوکی نووسرابوو و، تێیدا هاتبوو کە باوکی هەموو داهاتی خۆی بەو بەخشیوە، ئینجا پێویست بوو خێرا خۆی بگەیەنێتە ماڵی باوکی و بەو کاروبارەوە خەریك بوو.

کاتێك گەیشتە ماڵی باوکی لەدڵەوە هەستی بەپەژارە و پەشیمانی کرد. بەڵگە و کاغەزە گرنگەکانی باوکی هەڵدایەوە و چاوی پێدا خشاندنەوە. لەناویاندا هەمان ئینجیلە کۆنەکەی دۆزییەوە. لەکاتێکدا فرمێسکی دەڕشت ئینجیلەکەی کردەوە و لاپەڕەکانی هەڵدایەوە، لەناکاو سویچی ئۆتۆمبیلێکی لەپشت بەرگی کۆتاییدا بینی. لەپاڵ سویچەکە کارت و ناونیشانی هەمان پیشانگای مەبەست دانرابوو کە ئۆتۆمبیلە داخوازەکەی لێبوو. لەسەر کارتەکە، بەرواری دەرچوونی لەپەیمانگا و هەروەها ئەم ڕستەیە، کە هەموو نرخەکەی پێشەکی دراوە، نووسرابوو.

دایک کەسێک نییە کە پشتی پێ ببەستین بەڵکو کەسێکە کە لەهەموو پشت بەستنێک دوورمان دەخاتەوە.

"کانفیلد فیشەر"

## "پشووی کورت"

پیشەوەری بۆ ژن لەوانەیە زۆر سەخت بێت، بەڵام پیشەوەری بۆ ژنێک کە دایک بێت زۆر زۆر سەخترە.

دایکێک سێ کوڕی بزۆز و زۆرزانی هەبوو. شەوێک لەشەوەکانی هاوین ئەم سێ کوڕە زۆرزانە پاش ئەوەی کە نانی ئێوارەیان خوارد، لەحەوشەی ماڵی خۆیاندا خەریکی یاری "دز و پۆلیس" بوون.

یەکێک لەکوڕەکان وای نواند کە فیشەکێک لەدایکی دەگرێت و هاواری کرد: تەق، تەق تۆ مردی. دایکی کەوتە سەر زەوی و چەند خولەکێک لەهەمان ڕەوشدا مایەوە و هەڵنەستاوە.

یەکێک لەدراوسێکان کە شایەتی یارییەکە بوو، کاتێک بینی کە دایکیان ناجوڵێتەوە، لەوە نیگەران بوو نەکا لەکاتی کەوتن زیانی پێگەیشتبێت و، هەر بۆیەش بەرەولای هەڵهات.

کاتێک دراوسێکەیان نزیک بۆوە تاکو لەنزیکەوە دایکیان ببینێت، دایکەکە چاوێکی هەڵهێنا و بەهێمنی وتی: "وس، وس مەجوڵێنە، ئەمە تەنیا دەرفەتە بۆ ئەوەی بتوانم پشوو بدەم!"

**باپیرە و داپیرەتان لەباوەش بگرن و بڵێن: سوپاستان دەکەم بۆ ئەوەی هەلی ژیانتان بەمن دا.**

*"ئەلێکس هیلی"*

## "قاپی دار"

پیرەمێردێك بڕیاری دا تاکو لەگەڵ کوڕ و بوك و نەوە چوار ساڵانەکەیدا بژی. دەستەکانی پیرەمێرد لەرزیان تێکەوتبوو و چاوەکانی کز ببوون و بەسەختی دەیتوانی بەڕێدا بڕوات. لەکاتی نان خواردنی ئێوارە، چێشتەکەی لەسەر مێز ڕشت و پەرداخێکی خست و شکاندی.

کوڕ و بوکەکەی لەم گەندەکارییەی پیرەمێرد دڵگران بوون و وتیان دەبێ چارەیەکی باپیرە بکەین، ئەگینا هەموو ماڵەکە دەشێوێنێت. ئەوان مێزێکی بچوکیان لەسوچی ژوورەکە دانا و باپیرە ناچار بوو بەتەنیا لەوێ نان بخوات. دوای ئەوەی قاپێك لەدەستی داکەوت و شکا، ئیتر ناچار بوو خواردنەکەی لەقاپی داردا بخوات. هەر کاتێکیش خانەوادەکەی لۆمەیان دەکرد، باپیرە تەنیا فرمێسکی دەڕشت و هیچی نەدەووت.

ئێوارەی ڕۆژێك، بەرلە نان خواردن، باوکەکە سەرنجی دایە سەر کوڕە چوار ساڵانەکەی کە بەچەند پارچە دار یاری دەکرد. باوکی ڕووی لەو کرد و وتی: کوڕم، وا چی دروست دەکەیت؟ کوڕەکەی کە زۆر قسەخۆش بوو، وتی: ئەوا بۆ تۆ و دایکم قاپی دار دروست دەکەم بۆ ئەوەی کاتێك پیر بوون چێشتی تێدا بخۆن! خەندەیەکی کرد و خەریکی کارەکەی بۆوە.

لەو ڕۆژە بەدواوە هەموو خانەوادەکە بەیەکەوە لەسەر مێزێك نانیان دەخوارد.

هەرچەندەی کەمان کۆنتر بێت
نەواکەی شیرنترە.

"سی. پوتنام"

## "گۆزە"

پیاوێك هەموو رۆژ دوو گۆزەی گەورەی لەمسەر و لەوسەری دارێك دەبەست، دارەکەی لەسەر شانی دادەنا و ئاوی بۆ ماڵی خۆی دەبردەوە.

یەکێك لەگۆزەکان کۆنتر بوو و چەند قەڵشێکی بچوکی تێکەوتبوو، کابرا هەرجارە و کە رێی ماڵی دەگرتە بەر، نیوەی ئاوی گۆزەکە دەڕژا. دوو ساڵ خەریکی ئەم کارە بوو. گۆزەی ساغ و نوێ، لەخۆبایی بوو بەوەی کە ئەرکی خۆی بەتەواوەتی بەجێ دەهێنا، بەڵام گۆزەی کۆن و قڵیشاو شەرمەزار بوو کە تەنیا دەتوانێت نیوەی ئەرکی خۆی بەجێ بهێنێت، هەرچەندە دەیزانی ئەو قڵیشانە ئەنجامی کاری ساڵانێکی دوور و درێژە.

گۆزەی پیرە ئەوەندە شەرمەزار بوو کە رۆژێکیان، کاتێك کابرا ئامادە بوو ئاو لەبیرەکە هەڵبکێشێت، بڕیاری دا قسەی لەگەڵدا بکات: داوای لێبوردنت لێ دەکەم، هەموو ئەو ماوەیەی کە منت بەکار هێناوە تەنیا لەنیوەی قەبارەکەم کەڵکت وەرگرتووە، تەنیا نیوەی تینویەتی چاولەڕێیەکان ماڵەوەم شکاندووە.

کابرا پێکەنی و وتی: کاتێك دەگەڕێینەوە بەوردی سەیری رێگاکە بکە. کاتی گەڕانەوە گۆزەکە بینی کە لەلایەکی رێ و بانەکە، لەلای خۆیەوە گوڵ و گیای زۆر جوان رواون. کابرا وتی دەبینی سروشت لەلای تۆ چەندە جوانترە. من هەمیشە دەمزانی کە تۆ قڵیشاویت و بڕیارم دا کەڵك لەم بابەتە وەربگرم، لەم لای رێگاکەدا

تۆوی سەوزەوات و گوڵم بڵاو کردەوە و، تۆش هەمیشە و هـەموو رۆژ ئـاوت دەدان. گوڵم بردۆتەوە بۆ ماڵ و پیاز و کاهوم داوە بەمنداڵەکانم. ئەگەر تۆ قڵیشت تێدا نەبوایـە چۆن دەتتوانی ئەم کارە بکەیت.

# ٧

## نهۆمی حەوتەمی دۆزەخ

## وەستان، بێ ئامانجی و سەرگەردانی

زیندوو ئەوانەن کە خەبات دەکەن،

ئەوانەی کە گیان و لەشیان پڕە لەئیرادە

ئەوانەی کە لەنشێوی چارەنووس سەردەکەون

ئەوانەی کە بیرمەندانە بەرەو ئامانجێکی بالاّ هەنگاو دەنێن

و رۆژ و شەو لەخەیاڵیاندا یان ئەرکێکی پیرۆز

یان عەشقێکی گەورەیان هەیە.

"ڤیکتۆر هۆگۆ"

**کاتێك بچوکین، خەیاڵی گەورەمان لەمێشکدایە و کاتێك گەورە دەبین خەیاڵەکانمان بچوك دەبنەوە.**

**"هەموو شت لەخەیاڵێکەوە دەست پێدەکات"**

هاوڕێیەکم هەیە بەناوی "مۆنتی رابەرتز" کە خاوەنی کێڵگەیەکی پەروەردە کردنی ئەسپە لە "سەن سیدۆر". دوا جار کە لەوێ بووم داوای لێکردم گوێ لەچیرۆکی ژیانی کەسێك بگرم کە بۆم دەگێڕێتەوە. چیرۆکەکەی لەبارەی پیاوێکی گەنجەوە بوو. ئەو کوری راهێنەرێکی ئەسپ بوو کە لە لەوەڕگەیەکەوە بۆ لەوەڕگەیەکی تر و لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر دەڕۆیشت و ئەسپی رادەهێنا.

رۆژێك لەقوتابخانە داوایان لەکوڕەکەی کرد دارشتنەوەیەك بنووسێت لەبارەی ئەوەی کە دەیەوێت لەداهاتوودا ببێت بەچی. ئەو شەوە لەحەوت لاپەڕەدا ئامانجەکانی و، ئەوەی کە دەیەوێت ببێت بەخاوەنی کێڵگەیەکی راهێنانی ئەسپ، روون کردەوە. ئەو خەونەکانی بەوردەکارییەوە روون کردەوە و تەنانەت نەخشەی کێڵگەیەکی ٢٠٠ دۆنمی کێشا و شوێنی هەموو خانووەکان، لەوەڕگەکان و گۆڕەپانەکانی راهێنانی دەستنیشان کرد.

پاشان بەوردی نەخشەی خانوویەکی هەزار مەتری کێشا، کە لەهەمان کێڵگەدا بوو. ئەو بەدڵ گیان لەسەر ئەم پرۆژەیەی کاری کرد و رۆژی دواتر دای بەمامۆستاکەی. دوای دوو رۆژ، کاتێك پەڕەکانی وەرگرتەوە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی نووسرابوو، زۆر خراپ.

کوڕی خەیاڵاوی چیرۆکەکەمان، پاش تەواوبوونی پۆلەکە چووە لای مامۆستا و لێی پرسی کە بۆچی لەسەر پرۆژەکەی نووسیویەتی زۆر خراپ؟ مامۆستا لەوەڵامدا وتی: چونکە خەیاڵێکی دوور لەڕاستی بوو لەلایەن لاوێکی بێ ئەزموونەوە.

تۆ پارەیەکت نییە، لەبنەماڵەیەکی سەرگەردان و بێ ماڵ و حالی و، هیچ پشت و پەنایەکیشت نییە. بوون بەخاوەنی کێڵگەیەکی راهێنانی ئەسپ پارەیەکی زۆری دەوێت، دەبێ پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی زەوی بدەیت و بۆ کڕینی ئەسپی رەسەن کە بتوانی لەڕێی زاوزێیانەوە ئەسپ پەروەردە بکەیت. جگە لەوەی بۆ دارشتنی خانوو و لەوەڕگەکانیش دەبێ نرخێکی زۆر خەیالی بدەیت، هەروەك دەبینی هەرگیز ناتوانیت وەها کارێك بکەیت و، دواتر ئەوەشی وت: دەرفەتێکی ترت پێ دەدەم و ئەگەر لەبارەی ئامانجێکی شیاوترەوە بنووسیت نمرەکەت دەگۆڕم.

کوڕە گەڕایەوە بۆ ماڵ و بیری لەقسەکانی مامۆستاکەی کردەوە. لەکۆتاییدا چووە لای باوکی و لێی پرسی باشتر وایە چی بکات. باوکی وتی: تۆ دەبێ خۆت لەمبارەیەوە بڕیار بدەیت، هەرچەندە وا بیر دەکەمەوە ئەم بڕیاردانە بۆ ئایندەت زۆر گرنگ بێت.

سەرەنجام دوای یەك هەفتە بیر کردنەوە کوڕەکە هەمان پەڕەکانی پێشووی گەڕاندەوە بۆ مامۆستاکەی و هیچ گۆڕانێکی بەسەر پرۆژەکەیدا نەهێنا، تەنیا لەسەر پەڕێکیان نووسی: "ئێوە دەتوانن نمرەیەکی خراپم بۆ دابنێن، بەڵام من وام پێ باشە خەیاڵەکانم بپارێزم."

پاشان رووی کردە ئامادەبووان و وتی: ئەم چیرۆکەم بۆ گێڕانەوە لەبەر ئەوەی ئێوە هەر ئێستا لەماڵی ١٠٠٠ مەتری مندان لەناوەڕاستی کێڵگەیەکی ٢٠٠ دۆنمی. هێشتا ئەو پەڕانەی قوتابخانەم هەڵگرتووە و دەتوانن لەسەر شۆمینەکە ببینن کە لەچوارچێوە

گیراوە. پاشان بەم جۆرە بەردەوام بوو، باشترین بەشی چیرۆکەکەساڵی پار رووی دا کە هەمان مامۆستا ٣٠ قوتابی بۆ گەشتێکی یەك هەفتەیی هێنابوو بۆ کێڵگەکەم.

کاتێك بەمن گەیشت رووی لەمن کرد و وتی: لەڕاستیدا مۆنتی، ئێستا تێدەگەم کاتێك مامۆستای ئێوە بووم هەندێك جار خەون و خەیاڵی قوتابییەکانم دەدزی. لەدرێژەی ئەو ساڵانەدا خەیاڵی زۆر قوتابیم دزی، بەڵام خۆشبەختانە تۆ ئەوەندە پێداگر بووی کە کۆڵت نەدا.

*" جەك کانفیلد "*

تێبینی: هەموو چیرۆك و بەسەرهاتەکان بە خەیاڵێك دەست پێدەکات. ئەم جیهانە پان و بەرینە بەهەموو گەورەیی و رەهەندەکانییەوە رۆژێك خەیاڵێك بووە لەهزری خوداوەند کە بەدی هاتووە. بەبێ ئارەزوو و خەیاڵ هیچ شتێك بوونی نابێت. کەسێك کە خەیاڵی لەسەردا نییە داهاتووشی نابێت. خەیاڵە گەورەکان ژیانی ئێمە بەرین دەکەن و خەیاڵە بچوکەکان، ژیان سنووردار دەکەن، لەڕاستیدا هەر مرۆڤێك بەخەیاڵ و ئارەزووەکانی سنووری ژیانی خۆی دیاری دەکات.

**یەك شت دەتوانێت هەموو شت بگۆڕێت:**
**هەڵبژاردنی ئامانج و پێی دانوسان.**

## "ئامانج"

وێنا بکەن کە ئێوە دەتانەوێت لەئاوی رووبارێکی خوڕێن بپەڕنەوە. لەوانەیە بێ هیچ ئامێر و یارمەتییەك بتوانن بەسەختی لەئاوەکە بپەڕنەوە، بەڵام بێ شەك، هێزی ئاوەکە کاریگەری دەبێت لەسەرتان و لەڕێی خۆتان لاتاندەدات و دەتانگەیەنێتە شوێنێکی تر.

لەکاتێکدا ئێوە دەتوانن بەپشت بەستن بە گوریسێك، کە لەمبەر رووبارەکەوە بۆ ئەوبەری کێشراوە، بەئاسانی لەئاو بپەڕنەوە و رێك بگەنە شوێنی مەبەست. ژیان لەڕووبارێکی خوڕێن بچوێنین، ئامانج هەمان رۆڵی گوریسی دەبێت لەکاتی پەڕینەوە لەئاوەکە. ئامانج، هێمنی و بەردەوامی دەدات بەجوڵەی مرۆڤ و لەسەر رێی راست دەیهێڵێتەوە و، دەبێتە هۆی ئەوەی شەپۆلە خرۆشانەکانی ژیان نەتوانن بۆ ئەمسەر و ئەوسەری رابکێشن.

ئەگەر قایم دەست بەگوریسی ئامانجەکانتانەوە بگرن دەگنە هەمان شوێنی مەبەست لەژیانتاندا.

*"رابەر"*

***باشترین وەرگێڕان بۆ "چارەنووس"***
***هەمان***
***"دارشتنی بەرنامە" یە.***

**تواناکاری بەبێ رێك و پێکی لەهەشت پێیەکی دەریایی دەچێت کە پێیەکانی بەستبێتەوە. جوڵە و چالاکییەکی زۆر هەیە، بەڵام ئێوە نازانن بۆ پێشەوە بڕۆن یان دواوە.**

*"ئێچ. جەکسۆن براون"*

## "هەڵبژاردنی رێباز"

حوشترێکی بچوك لەدایکی پرسی: دایکە دەکرێت چەند پرسیارێکت لێ بکەم؟

- هەڵبەتە. چییە کوڕم، شتێك ئازارت دەدات؟
- نا، بەڵام پێم بڵێ بۆچی حوشترەکان کۆپارەیان هەیە؟
- دەی کوڕم ئێمە ئاژەڵی بیابانین، بۆ کۆ کردنەوەی ئاو پێویستمان بەکۆپارەیە، ئێمە وەکو بوونەوەرانێك ناسراوین کە دەتوانن بێ ئاو بمێننەوە.
- باشە، ئەی بۆچی قاچەکانمان درێژن؟
- دیارە کوڕم، ئێمە پێویستمان بەو جۆرە قاچانەیە تاکو بتوانین لەهەموو کەس باشتر بەناو بیاباندا بڕۆین.
- باشە، ئەی بۆچی مژۆڵکەکانمان درێژن؟ هەندێك جار رێگرن لەبینینی دەوروبەر.
- کوڕم، ئەو مژۆڵکە ئەستوور و درێژانە پارێزەر و داپۆشینەرن، ئەوان یارمەتیمان دەدەن چاوەکانمان لەتۆز و خۆڵی بیابان بپارێزین.
- تێگەیشتم! پرسیارێکی تر دایکە.
- چییە باوانم؟

– ئەی قەفەس چییە؟ ئێمە لەناو قەفەسەکاندا چی دەکەین؟

تێبینی: لێهاتوویییەکان، زانستەکان، تواناکان و ئەزموونەکان تەنیا کاتێك بەسودن کە ئێوە لەسەر ڕێباز و شوێنی ڕاست بن. ئامانج و بەرنامەکانتان شوێن و ڕێبازی ڕاستتان پیشان دەدات. باشترین لێهاتووی و توانا دەروونییەکانمان کاتێك بەهادارن کە لەچوارچێوەی بەرنامە و ئامانجەکانی ژیانی خۆماندا کەڵکیان لێ وەربگرین.

ئەم سێ وشەیەتان لەبیر بێت: **خەیاڵ، ئامانج، داڕشتنی بەرنامە.**

**خەیاڵ** سەراپای ژیانی ئێمەیە. چوارچێوەیەکە کە ڕووداو و پێشهاتەکانی ژیان تێیدا ڕوو دەدات. **ئامانج**، خەیاڵێکە کە دەستنیشان و پێناسەکراوە. ئەو کاتەی کە دیاری بکەن ڕێك چیتان دەوێت، بە چ ئەندازە و ڕێژەیەك و، بەرواری گەیشتن پێی دیاری بکەن ئەوا خەیاڵەکانی خۆتان کردووە بەئامانج. **داڕشتنی بەرنامە** گەڵاڵەیەکی کردارییە بۆ بەدەست هێنانی ئامانج.

**خەیاڵ ← ئامانج ← داڕشتنی بەرنامە**

هیچ ئەسپێک تا ئەو کاتەی زین و بەرگی لێ نەبەسترێت

ناگاتە شوێنی مەبەست .

هیچ هەڵم یان گازێک تا ئەو کاتەی قەتیس نەبێت

شتێک ناخاتە جوڵەوە .

هیچ تاڤگەیەکی نیاگارا تا ئەو کاتەی لەتونێلدا نەبێت

کارەبا و هێز بەرهەم ناهێنێت

هیچ ژیانێت تا ئەو کاتەی رێک نەخرێت و بۆ شتێک تەرخان نەکرێت

گەشە ناکات .

" هەنری ئەمرسۆن فاسدیک "

هەر ئەندێشەیەك كە بەمێشكی ئێمەدا
دێت ئایندەی ئێمە بونیاد دەنێت.

*"لوئیز هی"*

## "درەختی ئارەزوو"

رۆژێك پیاوێك لەگەشتدا بوو كە بەهەڵكەوت چووە ناو بەهەشت. خەڵكی هیند لەو بڕوایەدان كە لەبەهەشت درەختانێك بەناوی درەختی ئارەزوو هەن كە گشت ئارەزوویەك بەجێ دێنن. تەنیا دەبێ لەژێر یەكێكیان دابنیشیت و بەدڵی خۆت ئارەزوو بكەیت، هەر ئەو ساتە ئارەزووەكانت بەدی دێن و هیچ مەودایەك لەنێوان داخوازی و بەجێ هێنانی داخوازییەكەتدا نییە.

ئەو پیاوە شەكەت بوو، هەر بۆیە چووە ژێر یەكێك لەدرەختەكانی ئارەزوو و خەوت. كاتێك بەخەبەر هات هەستی بەبرسیەتی كرد. بەخۆی وت: چەندە برسیمە، خۆزگە لەشوێنێكەوە خواردنم بۆ دەهات.

یەكسەر خواردن ئامادە بوو، وەكو ئەوە بوو كە لەئاسمانەوە گەیشتبێت. كابرا زۆر برسی بوو و، بۆیەش گرنگی نەدا بەوەی لەكوێوە هاتووە. كاتێك برسی بیت جێ هیچ پرسیار و لێكدانەوەیەك نییە. خێرا دەستی كرد بەخواردن، بەڕاستی بەتام بوو. كاتێك تێر بوو، بەهەستی رەزامەندییەوە سەیرێكی دەوروبەری كرد. بیری لەشتێكی تر كردەوە: "ئەگەر تەنیا خواردنەوەیەكی ساردم هەبێت... لەپڕ خواردنەوەیەكی خۆش و سارد دەركەوت. ئەویش لەژێر سێبەری درەخت و لەبەر شنەیەكی فێنك، لەوپەڕی هێمنی و رەزامەندیدا خواردنەوەكەی خواردەوە."

ئێستا ئیتر برسیەتی و تینویەتی نەمابوو. کەوابوو دەستی کرد بەپرسیار کردن لەخۆی، لێرە چی روودەدات؟ ئایا خەون دەبینم، یان چەند رۆحێك لێرە هەن کە ئەم کارانە ئەنجام دەدەن؟ ترسا.

دەست بەجێ رۆحەکان بەدیار کەوتن، رۆحگەلی تۆقێنەر، ترسناك و قێزەون. کابرا لەرزی تێکەوت و بیری لەوە کردەوە: "ئەگەر بمکوژن. . ." ئینجا کوشتیان. . .

تێبینی: بیرکردنەوەکانی ئێمە وەکو درەختی ئارەزووەکانە. چۆن بیر بکەینەوە هەر وا دەبێت.

هەر کردەوەیەك کە ئەنجامی دەدەین جیهان رەنگدانەوەکەیمان بۆ دەگەڕێنێتەوە و بالاترین کردەوەی ئێمە "ئەندێشە" و "بیرکردنەوە"یە. هەر ئەندێشەیەکمان هەبێت، جیهان رەنگدانەوەکەیمان لەچوارچێوەی رووداو پێشهاتەکاندا بۆ دەگەڕێنێتەوە.

بیرکردنەوەی نەرێنی رووداوی نەرێنی و بیرکردنەوەی ئەرێنی بارودۆخ و پێشهاتی ئەرێنی لێ دەکەوێتەوە. مرۆڤ لەکۆنترۆڵ کردنی فکر دەتوانێت چارەنووسی خۆی کۆنترۆڵ بکات. رەمزی دەسەلات و خۆشبەختی مرۆڤ هەر لەم خاڵەدا شاردراوەتەوە.

**هەرچییەك لەزەویدا بیچێنین هەر بەهەمان شێوە بۆمان دەگەڕێتەوە. ئەمە مەحاڵە کە گەنمەشامی بچێنین و بەرهەمی گەنم بدرووینەوە، بەڵام کاتێك نۆرەی کشتوکاڵی هزری دێت ئەم یاسایە بەهەند وەرناگرین.**

*"ئوریسۆن مۆنت مارۆن"*

## "تۆوەکانی ئەندێشە"

بۆ ساتێك بیر لەتەماتە بکەنەوە. لەڕەوشی تەندروستیدا بەروبوومێکی زۆری دەبێت. بۆ بەدەست هێنانی وەها بەروبوومێك دەبێ لەتۆوە وشك و بچوکەکانەوە دەست پێ بکەین.

ئەو تۆوە لەخودی تەماتە ناچێت. بەدڵنیاییەوە تامەکەشی وەکو تامی تەماتە نییە. ئەگەر دڵنیا نەدەبوون کە دەتوانێت تەماتە بەرهەم بهێنێت تەنانەت نەتاندەتوانی باوەڕیش بکەن. بەهەرحاڵ ئەم تۆوە لەخاکی بەپیتدا دەچێنن و ئاوی دەدەن و چاوەڕێ دەکەن تیشی خۆری بەرکەوێت.

کاتێك یەکەم چەکەرە لەژێر خاك سەر دەردێنێت، ناڵێن: ئەمە خۆ تەماتە نییە. بەشادییەوە سەیری دەکەن و دەڵێن: ئای چەکەرەی کردووەو، ئاگاداری نەش و نماکەی دەبن. ئەگەر درێژە بەئاودانی بدەن و خۆری زیاتری بەرکەوێت، لەکاتی خۆیدا پەلەکانی تەشەنە دەکات و لەوانەیە زیاتر لە سەد تەماتەی بەتام بەرهەم بهێنێت.

ئەمانە هەمووی بەدنکە تۆوێك دەستی پێکرد. ئافراندنی ئەزموونی تازەش هەر بەم چەشنەیە.

نەستی ئێوە وەکو زەوییەکە. تۆو، فکر و رستەیەکی ئەرێنی نوێیە کە بەکاری دەهێنن، ئەزموونی نویٚ لەم تۆوەدا شاراوەیە. بەبیر کردنەوەی ئەرێنی خۆتان، ئاوی دەدەن، دەیهێڵنەوە تاکو خۆری ئەندێشەی ئەرێنی بەرکەوێت، بە هەڵکەندنی ئەندێشەی نەرێنی کە لەدەوروبەریدا سەر دەردێنن، گیا هەرزەکانی باخ دەردەکێشن و لەکاتی بینینی یەکەم نیشانەکانی گەشە نەکردن پێی لیٚ نانێن و ناڵێن ئەمە بەس نییە.

لەبەرامبەردا سەیری یەکەم پێشکەوتنی خۆتان دەکەن و بەجۆش و خرۆشەوە دەڵێن: ئای دەستی پێکردووە، کارەکەی دەست پیٚ کردووە. ئەو کاتە ئاگاداری نەش و نماکەی دەبن و بەدیار کەوتنی، دەبێت بەئارەزووی ئێوە.

پاراوترین وتە کردارە

"شکسپیر"

"کار بەکردەوە رادەپەڕێنرێت"

ئەمە چیرۆکێکە لەبارەی چوار کەسایەتی: هەمووان، هەندێك، هەر کەسێك و هیچ کەس.

پیشەیەکی گرنگ هەبوو کە "هەمووان" دەیانتوانی ئەنجامی بدەن.

"هەمووان" دڵنیا بوون کە "هەندێك" ئەو کارە ئەنجام دەدەن.

"هەر کەسێك" پێی رادەپەڕێنرا، بەڵام "هیچ کەس" ئەنجامی نەدا.

"هەندێك" بەمە دڵگران بوون چونکە ئەمە پیشەیەك بوو کە "هەر کەسێك" دەیتوانی هەڵیبژێرێت.

"هەمووان" وایاندەزانی کە "هەر کەسێك" دەتوانێت ئەنجامی بدات، بەڵام "هیچ کەس" دەرکی بەوە نەکرد کە لەوانەیە "هەمووان" خۆی لێ بدزنەوە.

بەکورتی، چیرۆکەکە بەم چەشنە کۆتایی هات کە "هەمووان" "هەندێك" یان لۆمە دەکرد، کەچی لەڕاستیدا "هیچ کەس" داوای لە "هەرکەس" نەکرد کە راپەڕاندنی ئەم کارە لەئەستۆ بگرێت.

*یەکێك تۆڕ دەچنێت و یەکێك تەنیا دەوەستێت*

*و ئارەزوو دەکات. ئایا ئێوە ئامادەن مەرج بکەن*

*کە کامەیان ماسییەکان دەگرێت*

"بەشێك لەشیعرێکی چینی"

ئەگەر روو لەدارستان نەکەن، واتە ئەو یەکەم هەنگاوە هەڵنەهێننەوە کە لە ئازایەتییەوە دێت، بەسەرهاتەکان دەست پێ ناکەن.

"میکی هارت"

## "بێچووی زەڕافە"

زەڕافە بەپێوە دەزێت، یەکەم رووداو کە بەسەر بێچووەکەیدا دێت ئەمەیە کە لەبەرزاییەکی دوو مەترییەوە بەردەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك بێچووەکەی هەوڵ دەدات لەسەر پێیەکانی بوەستێت دایکی رەفتارێکی سەیر دەنوێنێت. لەقەیەکی هێواشی لێدەدات و زەڕافەی بچکۆلە دووبارە دەکەوێتەوە. ئەو هەوڵ دەدات هەڵسێتەوە بەڵام دووبارە بەردەبێتەوە. ئەم کارە چەندین جار دووپات دەبێتەوە تاوەکو بێچووەکەی هێزی تێدا نامێنێت و واز لەهەستانەوە دەهێنێت... لەم کاتەدا زەڕافەی دایك دووبارە لەقەیەکی لێدەدات و ناچاری دەکات هەڵسێتە سەر پێ و ئەمجارەیان نایخاتەوە سەر زەوی. هۆکاری ئەم رەفتارە سادەیە. یەکەم وانە کە زەڕافە بۆ مانەوەی لەبەرامبەر بوونەوەرانی دڕندە فێری دەبێت، ئەوەیە کە زۆر خێرا لەشوێنی خۆی هەڵسێت و فێری راکردن بێت.

بەیانی هەموو ڕۆژێك مامزێك لەئەفریقا هەڵدەستێت

ئەو باش دەزانێت کە دەبێ تیژتر لەخێراترین شێر رابکات تاکو

نەکوژرێت

بەیانی هەموو ڕۆژێك شێرێك لەئەفریقا هەڵدەستێت

ئەو باش دەزانێت کە دەبێ تیژتر لەخێراترین مامز رابکات

تاکو لەبرسا نەمرێت

گرنگ نییە ئێوە شێرن یان مامز، وا باشە لەگەڵ سپێدە

دەست بکەن بەڕاکردن.

بوێری نەبوونی ترس نییە، بەڵکو زیاتر تێگەیشتنە
لەو بابەتە کە شتێکی تر هەیە گرنگترە لەترس.

"ئامبروز ریدمۆن"

**"ژیان لەچوار وشەدا"**

مێرمنداڵێکی هەشت ساڵان لەپیرەپیاوێك نزیك بۆوە، چاوی بڕییە ناو چاوی و پێی وت: من دەزانم کە ئێوە زۆر زۆر تێگەیشتوون. حەز دەکەم ڕەمزی ژیان لەزاری ئێوە ببیسم. پیرەپیاو سەیرێکی کوڕەی کرد و جوابی دایەوە: من سارد و گەرمی ڕۆژگارم چەشتووە و بەم ئەنجامە گەیشتووم کە ڕەمزی ژیان لەچوار وشەدا کورت دەکرێتەوە.

١- یەکەم وشە بیر کردنەوەیە: هەمیشە بیر لەو بەهایانە بکەرەوە کە پێت خۆشە ببن بەکۆڵەکەی ژیانت.

٢- دووەم وشە باوەڕە: کاتێك بیرت لەو بەهایانە کردەوە کە دەتەوێت بیانکەیت بەکۆڵەکەی ژیانت و هەموویانت دەستنیشان کرد، باوەڕت بەخۆت بێت.

٣- سێهەم وشە خەیاڵە: تەنیا خەیاڵی ئەو داخوازییانەت لەسەردا بێت کە لەسەر بنەمای باوەڕ بەخۆ بوون و بەهاکانی ژیانت شێوەیان گرتبێت.

٤- چوارەم وشە بوێرییە: کاتێك کە باوەڕت بەخۆت بوو و بەتەواوی هەستت بەبەهای بوونی خۆت کرد، نۆرەی ئەوە دێت کە بەوپەڕی بوێرییەوە خەیاڵەکانت بکەیت بەڕاست.

پیرەمێرد کە جگە لە "واڵت دیزنی" کەسی تر نەبوو، لەکۆتاییدا وتی: کوڕم ئەم چوار وشەیەت لەبیر نەچێت: بیر کردنەوە، باوەڕ، خەیاڵ و بوێری.

**ئەوەی چارەنووسی ئێوە دیاری دەكات**
**بڕیارەكانی ئێوەیە نەك بارودۆخ.**

*"ئانتۆنی رابینز"*

## "بەربەست لەكوێیە؟"

پیرەمێردێكی تەنیا، لەشاری "مینە سوتا" دەژیا. ئەو دەیویست زەوی كشتوكاڵییەكەی بكێڵێت، بەڵام ئەم كارە زۆر قورس بوو. تەنیا كوڕی كە دەیتوانی یارمەتی بدات لەبەندیخانە بوو.

پیرەمێرد نامەیەكی بۆ كوڕەكەی نووسی و رەوشەكەی بۆ روون كردەوە: كوڕی ئازیزم من لەڕەوشێكی باشدا نیم، ئەمساڵ ناتوانم پەتاتە بچێنم. من نامەوێت ئەم كێڵگەیە لەدەست بدەم، چونكە دایكت هەمیشە حەزی لەكاتی چاندنی بەرهەم بوو، من پیر بوومە و بۆ ئەم كارە نابم. ئەگەر تۆ لێرە بوای هەموو كێشەكانم چارەسەر دەبوو. من دەزانم ئەگەر تۆ لێرە بوایت، زەوییەكەت بۆ دەكێڵام. باوكی خۆشەویستت.

پیرەمێرد لەوەڵامی نامەكەیدا، ئەم تەلەگرافەی بەدەست گەیشت: باوكە! بۆ خاتری خودا زەوییەكە مەكێڵە، من لەوێ چەك و چۆڵم شاردۆتەوە.

كاتژمێر چواری بەیانی ڕۆژی دواتر، دوانزە كادیری FBI و ئەفسەری پۆلیس هاتن بۆ كێڵگەكە و هەموو زەوییەكەیان كێڵا، بێ ئەوەی یەك فیشەكیش بدۆزنەوە.

پیرەمێردی تۆقیو نامەیەكی تری بۆ كوڕەكەی نووسی و پێی وت كە چی رووی داوە و لێی پرسی ئێستا دەبێ چی بكات؟ كوڕەكەی جوابی بۆ ناردەوە: باوكە بڕۆ پەتاتەكانت بچێنە، ئەمە باشترین كار بوو كە دەمتوانی لێرەوە ئەنجامی بدەم.

هیچ بەربەستێك بوونی نییە. ئەگەر ئێوە لەقوڵایی دڵتاندا بڕیار لەسەر کارێك بدەن، دەتوانن ئەنجامی بدەن. بەربەست، هزرە نەك بارودۆخ و ئەوەی کە ئێوە لەگەڵ کەسێکی تردا لەکوێن.

**ئەگەر وا بیر دەکەنەوە کە کار واتە رەنج و مەینەت و ئامرازێك بۆ دابین کردنی بژێوی ماڵ، بەدڵنیاییەوە لەوە زیاتر هیچتان دەست ناکەوێت.**

*"ئانتۆنی رابینز"*

## "کرێکاران سەرقاڵی کارن"

رۆژێك هەواڵنێرێك لەتەنیشت بینایەکی تازە دروستکراو تێدەپەڕێت. سێ کرێکار لەسەر بیناکە خەریکی کار بوون. لێیان نزیك بۆوە تاکو لەگەڵ هەرسێکیاندا چاوپێکەوتن ئەنجام بدات.

یەکەم کرێکار کەسێك بوو کە زۆر درەنگ دەهاتە سەر کار و، لەهەمووان زووتر دەڕۆیشتەوە. بەپاتاڵی خشتەکانی لەسەر یەك دادەنا و بەردەوام پرتە و بۆڵەی بوو. هەرگیز گرنگی بەچۆنیەتی کارەکەی نەدەدا.

هەواڵنێر پرسیاری لێ دەکات: ئێوە سەرقاڵی ئەنجامدانی چ کارێکن؟ ئەو بەبێزارییەوە جواب دەداتەوە: ئەی نابینیت خەریکە گیان دەدەم، خشت هەڵدەچنم.

هەواڵنێر دەچێتە لای کرێکاری دووەم. ئەو کەسێکە لەکاتی خۆیدا دێت و لەکاتی خۆشیدا کارەکەی جێ دەهێڵێت. بە بەراورد لەگەڵ کرێکاری یەکەم بەوزەیەکی زیاترەوە سەرقاڵی کار کردنە. پرسیاری لێ دەکرێت: سەرقاڵی چ کارێکی؟ ئەویش لەکاتێکدا خەریکی هەڵچنینی خشتەکانە بەخەندەوە وەڵام دەداتەوە خەریکم لەکاتژمێرێکدا ٥ دۆلار پەیدا دەکەم.

بەڵام کرێکاری سێهەم بەویست و وزەیەکی نائاساییەوە کارەکەی ئەنجام دەدات .
کرێکاری سێهەم کەسێکە هەمیشە بەرلەهەمووان دێتە سەر کارەکەی و دوای هەمووان شوێنی کارەکەی جێ دەهێڵێت . ئەو زۆر هۆگری کارەکەیەتی و هەوڵ دەدات بەباشترین شێوە ئەنجامی بدات . کاتێك هەواڵنێر پرسیاری لێدەکات سەرقاڵی چ کارێکە ، بەجۆشەوە جواب دەداتەوە : من سەرقاڵی دروست کردنی جوانترین بینای ئەم شارەم و دووبارە خەریکی کارەکەی دەبێتەوە . . .

تێبینی : دۆزەخ واتە خەریك بوون بەکارێکەوە کە نەك هەر حەزتان لێی نییە بەڵکو هەندێك جار لێی بێزار دەبن . زۆر کەس بەخەریك بوون بەکارێکەوە کە چێژی لێ وەرناگرن ، ژیانی خۆیان دەکەن بەکۆمەڵگایەکی کاری زۆرەملێ . خەریکی کارێك بن کە لەئەنجامدانی چێژ وەردەگرن یان کارێکی وا بکەن ئەنجامدانی پیشەی ئێستاتان بەلاتانەوە چێژبەخش بێت . بەم شێوەیە سنوورەکانی خۆشگوزەرانی و کار ، پیشە و پشوودان لەناو دەچێت .

بەردەوام لەخۆتان مەپرسن کام کار بۆمن داهاتی زیاترە ، تەنیا لەبەر ئەو ترسەی کە لەوانەیە ئیتر دەرفەتێکی باشترتان بۆ نەڕەخسێت چنگ مەخەنە سەر یەکەم دەرفەتی پیشەیی . ئەمانە پێوانی شیاو نین بۆ هەڵبژاردنی پیشەکەتان . سەردانی ناخی خۆتان بکەن و لەخۆتان بپرسن کە حەزتان لە چ کارێکە ، ئەو کاتە هەڵیبژێرن و خەریکی کار بن . بەڵام ئەم کارە پێویستی بە بوێری ، باوەڕ بەخۆ بوون و سەبر هەیە . لەبەر ئەوەی لەناخی مرۆڤەکاندا هەمیشە باوەڕێکی سنووردارکەر هەیە کە بەردەوام پێیان دەڵێت : تۆ مافی هەڵبژاردنت نییە ، تۆ ناچاریت بۆ بەدەست هێنانی دەرامەت مل بۆ هەر کارێك کەچ بکەیت . مرۆڤەکان دوو جار هاوسەرگیری دەکەن . "هەڵبژاردنی پیشە" دووەم

هاوسەرگیرییانە. وێناکردنی ژیان لەگەڵ کەسێك کە تامەزرۆی نین تۆقێنەرە. ئێوە لەگەڵ کارەکەتاندا هاوسەرگیری دەکەن. ئایا خۆشتان دەوێت، یان لەڕووی ناچارییەوە هەڵتانبژاردووە؟ کارێك هەڵبژێرن کە عاشقی بن. ئێوە لەگەڵ هاوبەشی ژیانتان تەمەنێك بەسەر دەبەن و لەگەڵ کارەکەتاندا تەمەنێك ژیانتان دەگوزەرێنن.

پەیوەندی "عەشق" لەگەڵ "کار"، بەرهەمێکی لێ دەکەوێتەوە بەناوی "شاکار". سەیری شاکارە گەورەکانی مێژوو بکەن، عەشق هەمیشە بەشێکی جیانەکراوەیان بووە. بێ عەشق هیچ شاکارێك لەدایك نابێت.

*ئەگەر بۆ یەك کاتژمێر خۆشبەختیتان دەوێت*

*بخەون*

*ئەگەر بۆ رۆژێك خۆشبەختیتان دەوێت*

*بچن بۆ سەیران*

*ئەگەر بۆ هەفتەیەك خۆشبەختیتان دەوێت*

*سەفەر بکەن*

*ئەگەر بۆ مانگێك خۆشبەختیتان دەوێت*

*هاوسەرگیری بکەن*

*ئەگەر بۆ ساڵێك خۆشبەختیتان دەوێت*

*سامان بەمیرات وەربگرن*

*ئەگەر بۆ تەمەنێك خۆشبەختیتان دەوێت*

*فێر بن کارەکەی خۆتان خۆش بوێت.*

"ئەندێشەکانی بەڕێوەبەرێتی"

بەردەوام بەتۆیان وتووە کە کار، نەفرەت و نەهامەتی و هەوڵ و بەڵا و بەدبەختییە. بەڵام من بەتۆ دەڵێم کاتێك کار دەکەیت، بەشێك لە باڵاترین خەیاڵەکانی زەویت زیندو کردۆتەوە کە لەسەرەتادا بەناوی تۆیان نووسیوە.

*"جبران خلیل جبران"*

## "ئێوە چ کارێك دەکەن؟"

هەرگیز سەرنجتان داوە خەڵکی چەندە دەپرسن، دەتانەوێت ببن بەچی، چ کارێك دەکەن؟

من بیناسازم: بینایەکی قایم بونیاد ناوە و ساڵانە کە دەچم بۆ ئەو قوتابخانەیە، نەوەیەکی تری ژیری و زانستی پێ زیاد دەبێت.

من نیگارکێشم: بە هەر وێنەیەك کە دەیکێشم، رەنگێکی نوێ بەکۆی رەنگەکانی جیهان زیاد دەبێت.

من زانام: رۆژ لەدوای رۆژ زانیاری زیاتر بەدەست دەهێنم، شتی نوێتر دەبینم و چەمك و تیۆری تازەتر تاقی دەکەمەوە.

من فاڵگرەوەم: بەری دەستتان دەخوێنمەوە و ژیانی ئێوە یان هەر کەسێکی تازە کە رووبەڕووی دەبنەوە دەبینم و لێکدانەوەی بۆ دەکەم.

من پزیشکم: ئەو کەسانەی بۆ راوێژ و ئامۆژگاری سەردانم دەکەن چارەسەریان بۆ دەکەم و هێزی ژیانی ئەو کەسانە ئاشکرا دەکەم کە وادەزانن بێ بەشن لەژیان.

من پارێزەرم : لەپشتیوانی مافە دەستلێبەرنەدارو و بنەڕەتییەکانی خۆم و کەسانی تـر ناترسم .

من ئەفسەری پۆلیسم : هەمیشە ئاگـاداری ئاسایـشی کەسـانی تـرم و رێگـە نـادەم بەنانەوەی نائارامی و پەرەسەندنی تاوان .

من زانای بیرکاریم : هەوڵ دەدەم لەدۆزینەوەی رێگەچارەی دروست بۆ کێشەکانم دڵنیا بم .

من دادوەرم : لەبارەی کەسانی تر و هەلومەرجەکانیان ، تەنیا پاش بیستن و دەرکـی تەواوی بابەتەکە ، بڕیار دەدەم .

من خاوەنی بانکم : کەسانی تر متمانە و دارایی خۆیان لەگەڵ مندا دابەش دەکەن و هەرگیز تووشی زیان نابن .

من شاخەوانم : لەسەرخۆ بەڵام بەردەوام درێـژە بـەرێی گەیـشتنە لووتکـەی ژیـان دەدەم .

من ملیۆنەرم : لێوڕێژم لەعەشق و گەرم و گوڕی و ، خـاوەن سـەروەتی زانـست ، ژیری و ئەزموونم کە زۆر گرانبەهان .

لەهەمووی گرنگتر ، من ، خۆمم .

**کاتێك دەست لەکار بکێشنەوە کە کاری ئێوە بە ئەنجام گەیشتبێت نەك ئەو کاتەی کە هیلاك بوون.**

**"کێ براوەیە؟"**

لەساڵی ١٩٨٦ پێشبڕکێکانی ئۆلۆمپی لەشاری مەکزیکۆسیتی بەڕێوە چوو. یاری ماراسۆن لەهەموو ئۆلۆمپیکەکاندا جێی سەرنجی هەموانە و مەدالیای زێڕی ئەم یارییە گرنگییەکی زۆری هەیە. ئەم پێشبڕکێیانە بەشێوەی راستەوخۆ لەهەر ٥ کیشوەرەکەی جیهاندا پەخش دەکرێتەوە.

دواکیلۆمەتری پێشبڕکێ بوو. یاریزانەکان کێبەرکێیەکی هەستیار و نزیکیان لەگەڵ یەکدا هەبوو، هەناسەیان لێ بڕابوو، چونکە کۆی گشتی ٤٢ کیلۆمەتر و ١٩٥ مەتر رایانکردبوو. یاریزانەکان دوابەشی رێگەکەیان بڕی و یەك لەدوای یەك هاتنە ناو یاریگاکەوە. یاریگا پڕ لە جەماوەر بوو. لەگەڵ گەیشتنی یاریزانەکان تێکڕا کەوتنە چەپڵە لێدان و هاندانیان. هەناسەکان لەسینگدا قەتیس مابۆوە، تاوەکو یاریزانی ژمارە ... شریتی هێڵی کۆتایی پچڕاند.

چەپڵەلێدان و هاندان گەیشتە لوتکە، فلاشی کامێرای هەواڵنێرەکان بۆ ساتێکیش نەدەکوژایەوە. یاریزانەکان یەك لەدوای یەك هێڵی کۆتاییان بڕی. هەندێکیان دەست بەجێ دوای تێپەڕبوون لەهێڵی کۆتایی، چەند هەنگاوێك لەپێشتر، بەهۆی هیلاکی زۆرەوە لەسەر زەوی کەوتن.

لەدرێژەی پێشبرکێ کامێراکان چەندین جار ئەو یاریزانانەیان پیشان دا کە رایان کرد یان لەدرێژەدان پاشگەز بوونەوە و تەرکی گۆڕەپانیان کرد. وا پێدەچوو کە دوا

یاریزانیش هێڵی کۆتایی بڕیبێت. ناوبژیوان و بەرپرسانی پێشبڕکێ ڕۆیشتن تاکو هێماکانی یاری ماراسۆن و هێڵی کۆتایی کۆ بکەنەوە. جەماوەریش وردە وردە یاریگایان جێ دەهێشت، بەڵام . . . بڵندگۆی پێشبڕکێ بەناوبژیوانانی ڕاگەیاند کە هێڵی کۆتایی تەرك نەکەن، چونکە هەواڵیان پێ گەیشتبوو کە هێشتا یاریزانێکی تر ماوە. هەمووی گەڕایەوە سەر جێی خۆی و چاوەڕێی گەیشتنی دوا یاریزان بوون. کامێراکان هاتنەوە سەر جێی خۆیان و وێنەی ئەو یاریزانەیان دەگواستەوە.

لەڕووی ژمارەی کراسەکەی ناویان دەرخست. "جان ستیفان ئاکواری" یاریزانی ڕەشپێستی تانزانیایی. گوایە کێشەیەکی بۆ دروست ببوو، دەشەلی و قاچی هەڵپێچرابوو. ٢٠ کیلۆمەتر تا هێڵی کۆتایی مابوو و ئەگەری ئەوەی کە لەدرێژەدان پاشگەز بێتەوە زۆر بوو. هەناسەی گیرابوو و ئێش و ئازار بەروخسارییەوە دیار بوو. بە شەلەشەل و هێواشی دەهات، بەڵام دەستبەردار نەبوو. چەند ساتێك وەستا و دووبارە کەوتەوە ڕێ.

چەند کەسێك دەورەیان دا تاکو لەدرێژەدان بیوەستێنن، بەڵام ئەو بەدەست لایدان و لەسەر ڕێی خۆی بەردەوام بوو. ناوبژیوانان مافی ئەوەیان نییە بەرلە تێپەڕبوونی دوا یاریزان لەهێڵی کۆتایی، شوێنی یارییەکە جێ بهێڵن. جەماوەریش بەهەمان شێوە چاوەڕێ بوون و، وێڕای ڕاگەیاندنی ئەنجامی پێشبڕکێکە گۆڕەپانەکەیان تەرك نەدەکرد.

جان هێشتا لەڕێی خۆی لای نەدابوو و زۆر بەجدی ڕای دەکرد. هەواڵنێرانی بەشە جیاوازەکان هاتبوونە ناو یاریگا و جەماوەریش لەباتی ئەوەی ژمارەیان کەمتر بێت، زیاتر دەبوون. جان ستیفان هەردوو مشتی گرێ کردبوو، ددانەکانی جیڕ دەکردەوە و

بەشەلەشەل بەلام خۆڕاگر، هەروا بەرەو هێلی کۆتایی رای دەکرد. هێشتا چەند کیلۆمەترێك لەگەڵ هێڵی کۆتایی مەودای مابوو. ئایا ئەو دەیتوانی بگاتە کۆتایی ری؟

خۆر لەمەکزیکۆسیتی ئاوا دەبوو و هەوا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت. دوای دەربازبوونی ماوەیەکی درێژ، دوا یاریزانی ماراسۆن لەگۆڕەپانی یاریگا نزیك دەبۆوە. لەگەڵ گەیشتنی، جەماوەر هەستانە سەرپێ. چەند کەسێك لەسوچی یاریگاکە دەستیان کرد بە چەپلە لێدان و دوای ئەوە، هاندان و چەپڵەلێدان بەشێوەیەکی نائاسایی هەموو یاریگاکەی گرتەوە.

٤٠ یان ٥٠ مەتر زیاتر نەماوە بۆ گەیشتن بەهێڵی کۆتایی و، جان وەستا و خۆی دانەواند و دەستی بەقاچیەوە گرت، چاوی بەزۆر هەڵدەهێنا، هەناسەیەکی وەرگرت و دووبارە بەخێراییەکی زیاتر کەوتە جوڵە. دەنگی چەپڵە لێدانی جەماوەر سات لەگەڵ سات زیاتر بەرز دەبۆوە. هەواڵنێران لەسەر هێڵی کۆتایی کۆ ببوونەوە. کاتێك یاریزانە یەکەمەکان هێڵی کۆتاییان بەزاند، یاریگا بەم شێوەیە جۆش و خرۆشی تێدا نەبوو. نزیکتر بۆوە و لەهێڵی کۆتایی تێپەڕی.

هەواڵنێرەکان هەڵمەتیان بۆ برد. شۆقی بەردەوامی فلاشەکان یاریگای رووناك کردبوو. هەر دەتووت شەو دانەهاتووە. راهێنەران خاولییەکیان خستە سەر ملی، ئەو کە ئیتر تواناى لەسەر پێ مانەوەی نەمابوو، کەوتە سەر زەوی.

ئەو شەوە مەکزیکۆسیتی و لەوانەیە هەموو جیهان بەجۆشی حەماسەتی جان تا بەیانی نەخەوتبن. خەڵکانی جیهان وانەیەکی گەورە فێر بوون و ئەوە رەسەنایەتی جوڵە بوو، سەربەخۆ لەئەنجام. ئەو بۆ ساتێکیش بیری لەوە نەکردەوە کە دوا یاریزانە. بیری لەوە نەکردەوە کە بۆ رزگار بوون لەسوکایەتی کەسانی تر بەهۆی دواکەوتن، تەرکی گۆڕەپان بکات. ئەو بڕیاری دابوو ئەم رێگایە ببڕێت.

رەسەن بوون لەبڕیاردان و خۆڕاگری بووبە هۆی ئەوەی خەڵکی جیهان سەرنج بدەنە بەهایەکی نوێ، بەهایەك کە شایەنی ڕێزێکی زۆر بوو. ڕۆژی دوای پێشبڕکێ دەرکەوت کە جان لەهەمان دەستپێکی پێشبڕکێدا کەوتووە و بەسەختی بریندار بووە.

ئەو لەوەڵامی پرسیارێکی هەواڵنێراندا، کە بۆچی لەو ڕەوشەدا لەکاتێکدا دوا یاریزان بوون لەدرێژەدان بەپێشبڕکێ پاشگەز نەبوونەوە وتی: خەڵکی وڵاتەکەم منیان ٥٠٠٠ کیلۆمەتر تا مەکزیکۆسیتی نەناردووە کە تەنیا پێشبڕکێکە دەست پێبکەم، منیان ناردووە کە کۆتایی پێ بهێنم.

چیرۆکی جان ستیفان ئاکواری لەوە بەدوا لەناو هەموو وەرزشوانێك سینگ بەسینگ گوازرایەوە. بەڵام پرسیارێکی گرنگ: ئایا لەبیرتانە یەکەم کەسی براوەی مەدالیای زێڕ لەو پێشبڕکێیەدا کێ بوو؟ بەدڵنیاییەوە نا. براوەی ڕاستەقینە کاتێك دەست لەکار دەکێشێتەوە کە بەئەنجامی گەیاندبێت نەك ئەو کاتەی ماندوو دەبێت.

## "یاسای دنك"

سەیرێکی دارە سێو بکەن، لەوانەیە پێنج سەد سێو بەدارەکەوە بێت کە هەریەکەو دە دنکی تێدایە. دنکی زۆرە، وا نییە؟ لەوانەیە بپرسین بۆچی ئەم هەموو دنکە پێویستە، تاکو تەنیا چەند درەختێکی تر زیاد بێت؟

***لێرەدا سروشت فێری شتێکمان دەکات:***

***زۆربەی دنکەکان هەرگیز گەشە ناکەن. کەوابوو ئەگەر بەڕاستی دەتانەوێت شتێك رووبدات، وا باشە زیاتر لەجارێك هەوڵ بدەن.***

- دەبێ لەبیست چاوپێکەوتندا بەشدار بیت تاکو پیشەیەکت دەست بکەوێت
- دەبێ لەگەڵ سەد کەس ئاشنا بیت تاکو یەك هاوڕێی راستەقینە بدۆزیتەوە
- دەبێ لەگەڵ چل کەسدا چاوپێکەوتن دروست بکەیت تاکو کەسێکی گونجاو دابمەزرێنیت
- دەبێ سەد جار بکەویت تاکو فێری ری رۆیشتن بیت
- دەبێ دەیان جار بەهەڵە بنووسیت تاکو فێری نووسین بیت
- لەکۆتاییدا دەبێ چەندین جار تووشی شکست بیت تاکو تامی سەرکەوتن بچێژیت.

*"ئاندرە میتیوس"*

سەرکەوتن شتێك نییە جگە لە کۆمەڵێك ناکامی. لەهەر شوێنێك سەرکەوتنێکی گەورە دەبینن کۆمەڵێك ناکامی لەسەر رێگەیدا بەدی دەکەن. ئەوەی پێچەوانەی ئەم بابەتە بڵێت سەبارەت بە سەرکەوتن هیچ نازانێت.

*"ئانتۆنی رابینز"*

## "شکست چۆن پێناسە دەکرێت"

دۆڕاو: شکست واتە تۆ مرۆڤێکی تێکشکاویت

براوە: نا! شکست واتە هێشتا سەرنەکەوتوویت

دۆڕاو: شکست واتە تۆ هیچت نەکردووە

براوە: نا! شکست واتە هێشتا هیچ فێر نەبوومە

دۆڕاو: شکست واتە تۆ مرۆڤێکی گەمژە بوویت

براوە: نا! شکست واتە من بەپێی پێویست بوێر و ئازا نەبوومە

دۆڕاو: شکست واتە تۆ بەو ناگەیت

براوە: نا! شکست واتە دەبوایە لەڕێیەکی ترەوە بەرەو ئامانجەکەم بڕۆم

دۆڕاو: شکست واتە تۆ سوك و نەزانیت

براوە: نا! شکست واتە من هێشتا پێنەگەیشتووم

دۆڕاو: شکست واتە تۆ ژیانت بەفیڕۆ دا

براوە: نا! شکست واتە من بیانوویەکم بۆ دەست پێکردن هەیە

دۆڕاو: شکست واتە تۆ ئیتر دەبێ واز بهێنیت

براوە: نا! شکست واتە من دەبێ زیاتر هەوڵ بدەم.

**کەسەکان دوو جۆرن: کەسانێک کە بەسەر ناکامییەکانیاندا زاڵ بوونە و کەسانێک کە دەڵێن خۆزگە بەسەر نائومێدی و ناکامی خۆماندا زاڵ دەبووین.**

*"ئانتۆنی رابینز"*

## "نائومێدی کلیلی دۆزەخە"

پارچە سەهۆڵێک بێنن، کە لە ٥٠ پلەی ژێر سفردا بەستوویەتی و گەرمای پێ بدەن، سەرەتا هیچ شتێک روو نادات. ئەم هەموو وزەی گەرمییە سەرف دەبێت، بەڵام هیچ ئەنجامێکی بینراو بەدی ناکرێت و لەناکاو لەپلەی سفردا، سەهۆڵەکە دەتوێتەوە. درێژە بەکارەکە بدەن. دیسانیش وزەیەکی فراوان سەرف دەبێت، بێ ئەوەی گۆڕانێک بەدی بکرێت. تاکو دەگەینە نزیکەی ١٠٠ پلەی گەرمی: ئاو دەکوڵێت و قوڵتە و هەڵم دروست دەبێت.

ئەگەر ئەوە هەیە کە وزەیەکی زۆر لەکارێکدا سەرف بکەین، بۆ نموونە لەپرۆژەیەکدا، وێڕای ئەوە وادەزانین هیچ ئەنجامێکمان بەدەست نەهێناوە. بەڵام لەڕاستیدا وزەی ئێمە، دوور لەچاوەکانی ئێمە، لەڕەوشی بەدی هێنانی وەرچەرخان بووە. درێژە بەکاری خۆتان بدەن و دڵنیا بن کە وەرچەرخان روو دەدات.

ئەم بنەمایە فەرامۆش مەکەن، بێ هۆ تووشی نائومێدی مەبن و لەخۆتانی دوور بکەنەوە.

"گومان" هەمیشە و لەهەموو شوێنێك سەرەتای "شکست" ە.

باوەڕ ناکەن،

پێنووسێك هەڵبگرن و بنووسن شکست. تەنانەت بۆ نووسینی وشەی شکستیش دەبێ بەگومانەوە دەست پێ بکەین.

"مەسعود لەعلی"

هیچ مرۆڤێکی رەشبین تا ئێستا نەیتوانیوە
سڕی ئەستێرەکان بدۆزێتەوە یان بچێت بۆ
نیشتمانێکی نەناسراو و، یان بەهەشتێکی
نوێ بەڕووی رۆحی مرۆڤدا بکاتەوە.
*" هێلین کلێر"*

**"رەخنە"**

چەند بۆقێك بەناو دارستاندا تێدەپەڕین کە لەپڕ دووانیان کەوتنە ناو چاڵێکی قوڵەوە. بۆقەکانی تر لەسەر لێواری چاڵەکە کۆ بوونەوە. ئەوان کاتێك بینییان چاڵەکە چەندە قوڵە، بەدوو بۆقەکەی تریان وت: ئیتر چارەیەك نییە. ئێوە بەمزووانە دەمرن.

دوو بۆقەکە گوێیان بۆ قسەکانی ئەوان نەگرت و بەهەموو توانای خۆیان هەوڵیان دا تاکو لەو چاڵە بێنە دەرەوە. بەڵام بۆقەکانی تر بەردەوام پێیان دەووتن کە واز لەهەوڵدان بێنن، چونکە ناتوانن لەو چاڵە بێنە دەرەوە و ئەوەندەتان نەماوە، دەمرن. لەناکامدا یەکێك لەبۆقەکان کەوتە ژێر کاریگەری قسەی ئەوانی تر و لەهەوڵدان وەستا. ئەو دەست بەجێ کەوتە ناو قوڵایی چاڵەکە و مرد. بەڵام بۆقەکەی تر بەوپەڕی توانای خۆیەوە هەوڵی رزگار بوونی دا. بۆقەکانی تر هاواریان دەکرد کە واز لەو هەوڵانە بێنە. بەڵام ئەو بەهێزێکی زیاتر بۆ هاتنە دەرەوە لەچاڵەکە هەوڵی دەدا و لەکۆتاییدا هاتە دەرەوە.

کاتێك لە چاڵەکە هاتە دەرەوە بۆقەکانی تر پێیان وت: ئەی تۆ گوێت لەقسەکانی ئێمە نەدەبوو؟ دەرکەوت کە ئەو بۆقە کەڕ بووە و لەڕاستیدا وایدەزانی کە ئەوانی تر هانی دەدەن و پشتگیری لێ دەکەن.

گرنگی بەوە مەدە کە رەخنەگران دەیلێن، هەرگیز
لەهیچ شوێنێك پەیکەری رەخنەگرێك دروست نەکراوە.

'جین سیبلیوس'

بۆ گەیشتن بەلووتکەی چیا پێش هەڵگرتنی
هەر کەرەسەیەك ئیرادەی خۆت بخەرە ناو
کۆڵەپشتییەکەت.

"بەهەشت بەبەها دەدرێت نەك بەبیانو"

گوێ بۆ چیرۆکێك بگرن سەبارەت بەژیانی "سوئی چیرۆ هۆندا" گەورە میکانیکی جیهان کە ئیمپراتۆریەتی ئابووری "هۆندا"ی دامەزراند.

هۆندا لەبواری فیزیاییەوە زۆر لاواز بوو. رۆژێك بیری لەفێربوونی مەلە کردەوە. زۆربەی منداڵەکانی قوتابخانە دەیانتوانی مەلە بکەن. ئەویش داوای لەیەکێکیان کرد فێری مەلە کردنی بکات. یەکێك لەمنداڵەکان وتی: هەر زۆر ئاسانە، تەنیا ماسییەکی "میداکا" قوت بدە، هەر لەخۆوە فێری مەلە دەبیت. میداکا ماسییەکی بچوکی رەش و ناخۆشە کە لەبێچووی بۆق دەچێت.

هۆندا بەساویلکەیی خۆی چووە کەنار رووبار و کوێرانە بەگوێی ئامۆژگارییە سەیر و سەمەرەکەی ئەوی کرد. میداکایەکی گرت و قوتی دا و ئاوێکی زۆری خواردەوە. پاشان بەخەیاڵی ئەوەی ئیتر نوقم نابێت خۆی هەڵدا ناو ئاوەکە. چەند جار دەست و پێی لێدا و هەندێك ئاوی قوت دا و لەئەنجامدا زانی موعجیزەیەك لەئارادا نییە.

وای بۆ دەچوو کە ئەو کوڕە هەموو شتێکی پێ نەوتووە. لەوانەشە جەستەی کز و لاوازی دەبووە ئاستەنگ تاکو نەتوانێت وەکو هاوتەمەنەکانی مەلە بکات. هۆندا دڵگران بوو بەڵام کۆڵی نەدا. گەڕایەوە لای کوڕەکە تاکو هۆکارەکەی بزانێت. کوڕە وتی: من وای بۆ دەچم کە هۆکار ئەو هەیکەلە گەورەیەی تۆیە. ئەگەر جارێکی تر بچیتەوە کەنار رووبارەکە و ماسییەکی گەورەتر قوت بدەیت سەر دەکەویت.

قسەی کوڕە وەها قایم و دڵنیاکەر بوو کە هۆندا لێی دوودڵ نەبوو. گەڕایەوە لای رووبارەکە و جارێکی تر خۆی تاقی کردەوە. بەڵام ئەم جارەش هەوڵەکەی بێ سود بوو. هۆندا هەرگیز لەئاست ئەو فکرە چۆکی دانەدا کە ناتوانێت وەکو هاوتەمەنەکانی خۆی مەلە بکات. دەستی کرد بەڕاکردن لەکەنار رووبارەکە. ئەو هەرجارەو لەگەڵ قوتدانی ماسییەك خۆی دەخستە ناو ئاوەکە. شەپۆلە خێرا و خوڕێنەکانی ئاوەکە رێگر بوون و دەتوانم بڵێم هەموو جارێك نوقم دەبوو. لەئاکامدا فێری مەلە بوو. هۆندا دواتر سەبارەت بەو رۆژە دەڵێت:

*چەند ساڵ دوای ئەوە زانیم کە موعجیزە تەنیا لەهێزی ئیرادە و بەردەوامی خۆمدا شاراوەیە. بڕیارم دابوو ئەگەر بەبەهای قوتدانی هەموو ئاوی رووبارەکەش بێت، فێری مەلەکردن بم.*

*"بەتواناکان چۆن بیر دەکەنەوە"*

ئەگەر فریشتەیەك لەڕووی لوتفەوە بۆ ئێوە دابەزی

لەبەر ئەوەیە کە ئێوە باوەڕتان پێ هێناوە

هەڵبەت نەك بەفرمێسکەکانتان

بەڵکو بەبڕیاری لەخۆبوردنتان سەبارەت بەوەی کە

هەمیشە دەستپێکەر بن.

"رینە ماریا ریلکە"

## "ورد بوونەوە"

رۆژگارێك پیاوێك تیر و کەوانی دروست دەکرد و لەگوندێکی بچوکی هیندستان دەژیا. رۆژێکیان کاتێك خەریکی دروست کردنی تیر بوو، سەربازەکانی سوپای پاشا لەوێوە تێپەڕ بوون.

سەربازەکان لەتەنیشتیەوە دەرباز بوون و ئەو سەری بەرز نەکردەوە. "داتا تریا" ی پیرۆز یەکێك لەپیاوچاکانی گوند، کە ئەم دیمەنەی بینی لەکابرای پرسی: ئایا چاوت بەسەربازەکانی پاشا نەکەوت؟

وەستای تیر و کەوان جوابی دایەوە: "کام سەرباز؟"

داتا تریا دەست بەجێ سوجدەی بۆ برد و وتی: "تۆ مامۆستای منی".

بۆ سەرکەوتن و گەیشتنە ئەنجام دەبێ توانای وردبوونەوەتان وەکو وەستای تیر و کەوان بێت، بەو چەشنەی کە ئەگەر هەموو جیهان بەلاتاندا تێپەڕێت هیچ نەبینن.

هەموو گەورەپیاوانی جیهان کەسانێك بوون کە توانـای وردبوونـەوەیان نائاسـایی بووە. نائارامی و نیگەرانی هزری ئێوە ناگەیەنێتە سەرکەوتن. کاتێـك کارێـك ئـەنجام دەدەن، بیر لەخانەوادە دەکەنەوە، کاتێك لەگـەڵ خانـەوادەن نیگـەرانی پیشەکەتانن. کاتێك وەرزش دەکەن لەفکری خوێندن دان. کاتێك دەخوێنن فکرتان بۆ هەزار شوێن دەڕوات. ئەمە بەفیڕۆدانی کات و کاریگەر نەبوونە. سـەرکەوتن واتـە ورد بوونـەوە، ورد بوونەوە و ورد بوونەوە.

**شکست هێنان لەداهێناندا باشترە لە سەرکەوتن لەلاسایی کردنەوەدا.**

*" هێرمەن مەلویل "*

## " داهێنان "

جووتیارێك لەهەیوانی ماڵەکەیدا دانیشتبوو و سەیری کرێکارەکانی دەکرد. ئەو بەهەمان شێوە کە دانیشتبوو، کرێکارێکی بینی کە لەئۆتۆمبیل دابەزی، لەکەناری شەقام چاڵێکی هەڵکەند و دووبارە سواری هەمان ئۆتۆمبیل بۆوە. دوای چەند ساتێك، لەکاتێکدا ئەم ئۆتۆمبیلە لەپێشتر وەستابوو، پیکابێکی تر هات. کرێکارێك لەپشتیەوە خۆی هەڵدا و دەستی کرد بەپڕکردنەوەی چاڵەکە و جوان تەختی کردەوە.

ئەم دوو کرێکارە چەند جارێك هەمان کاریان دووپات کردەوە، بەشێوەیەك کە یەکەمیان چاڵی هەڵدەکەند، هەندێك چاوەڕێی دەکرد و کرێکاری دووەم چاڵەکەی پڕ دەکردەوە. ئەو جووتیارە کە سەری لەم ڕەفتارە سوڕمابوو، بەرەو لایان بەڕێکەوت و لێیانی پرسی: "ئەوا ئێوە چی دەکەن؟"

یەکێکیان وتی: "ئێمە کرێکاری پرۆژەی جوانکاری سروشتین، بەڵام ئەو هاوڕێیەمان کە نەمامەکان دەنێژێت مۆڵەتی وەرگرتووە."

تێبینی: نەگۆڕترین بنەمای ژیان "گۆڕان"ە. جیهان، بارودۆخ و زەمەن بەردەوام و سات لەگەڵ سات لەگۆڕاندایە و ڕێگەچارە و ستراتیژەکانی رابردوو وێڕای ئەم گۆڕانی بارودۆخە، ئیتر کارکردێکیان نابێت. لاسایی کردنەوەی کوێرانە لەهەندێك

بنەما و پەیڕەو، سەرەڕای هاتنە ئارای بارودۆخی نوێ، مرۆڤی گەمژە دروست دەکات.

ئەوەی پاڵەوانەکان لەخەڵکی ئاسایی جیا دەکاتەوە، هێزی دەرك کردنی باڵایانە لەدەستنیشان کردنی گۆڕانەکان و، ئافراندنی هەندێك داهێنان و تازەگەری هەماهەنگە لەگەڵ بارودۆخی نوێدا.

لەپێناوی سەرکەوتندا دەبێ بەردەوام لەگەشە و گۆڕاندا بین. ماراسۆنی گەشە سەندن، هێڵی کۆتایی نییە.

ئەڵماس بەرهەمی پاڵەپەستۆی لەرادەبەدەرە. پاڵەپەستۆی کەمتر کریستاڵ و، لەو کەمتر خەڵوزی بەردین دروست دەکات. ئەگەر دیسانیش پاڵەپەستۆ کەمتر بێت، بەرهەم جگە لەپاشماوەی بەردی کۆن و چڵکی سەر کانزا هیچی تر نابێت. فشار دەتوانێت بتانکات بەبوونەوەرێکی بەهادار. بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرە، زۆر جوان و پتەو.

( مایا ئانجلۆ )




بەهەشت یان دۆزەخ
کامیان هەڵدەبژێریت ؟

ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سایە

نرخ 3500 دینار